دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ژمارە: ٤٥٤
پێنج شەممە
١٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٥
١ی فێبریوەی ٢٠٠٧
١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران
www.kurdistanukurd.com

## جۆرج بووش فەرمانی بە سەربازانی ئەمریکایی‌دا مەئموورانی ئێرانیی چالاك لە خاكی عێراق دا بدەنە بەر دەسڕێژ

ڕۆژنامەی واشنگتۆن پۆست لە ژمارەی هەینی ڕابردوو (٢٦ی ژانویەدا) نووسی سەربازانی ئەمریکا لەلایەن جۆرج بووشەوە دەستووریان پێدراوە دەتوانن ئێرانی‌یەکانی ئەندامی سوپای پاسدارانی شۆرشی ئیسلامی‌و مەئمووره ئەمنییەتی‌یەکانی ئێران کە لەگەڵ بەرهەڵستکارانی عێراقی پێوەندییان بدەنە بەر دەستڕێژ. واشنگتۆن پۆست فەرمانی تازەی سەرکۆمار بۆ سەربازانی ئەمریکایی بە "بەشێك لە ستراتیژیی نوێ‌و پەلامارده‌رانەی ئەمریکا بۆ کەمکردنەوەی نفووزی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا" ناوبردو نووسی ئەم فەرمانە هەروەها بۆ ناچار کردنی ئێران بە دەست کێشانەوە لە بەرنامەی ناوکی‌یەکەیەتی. لە ڕاپۆرتی واشنگتۆن پۆست دا گوتراوە لە ماوەی زیاتر لە یەکساڵی ڕابردوودا، ئەرتەشی ئەمریکا بە سیاسەتی "لەداوخستن‌و ئازاد کردن" بە شێوەی نهێنی دەیان کەس لە مەئمووره ئیتلاعاتی‌و ئەمنییەتی‌یەکانی کۆماری ئیسلامیی بە گومانی دەست هەبوون لە چالاکیی خراپکارانەدا، گرتوە. بە پێی ڕاپۆرتەکەی واشنگتۆن پۆست، ئەم کارە بە مەبەستی ترساندنی هێزە ئیتلاعاتی‌یەکانی ئێران‌و وازهێنانیان لە گەڵاڵەکانی خۆیان، بەڕێوە چووە.

ماڵپەڕی: ایران امروز

# ئەمریکا دەیەوێ دەستی ڕێژیمی ئێران لە عێراق کورت بکاتەوە

## ئەمریکاو ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بەرەو ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستەوخۆ

عەولا بەهرامی

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ٢٨ ساڵەی تەمەنی‌دا، ڕووبەڕووی دژوارترین تەنگەژەکانی تەمەنی بۆتەوە. چونکە جگە لە قەیرانە نێوخۆییەکان کە گرنگترینیان قەیرانی ڕەواییەو، لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری‌و دوایین مەجلیس دا بە ڕوونی خۆی دەرخست، ئەم ڕێژیمە لە ئاستی نێونەتەوەییش دا هەموو کارتەکانی لەکار کردوون‌و چی دیکە ناتوانێ بەم کارتە سووتاوانەی سیاسەتی دەرەکیی خۆی کە بریتی بوون لە کەلك وەرگرتن لە ئیمیتازە بازرگانی‌و ئابوورییەکان لەپێناوی بردنەپێشەوەی بەرنامە ئاژاوەگێڕانەو مەزنیخوازانەکانی‌و کڕینی پشتیوانیی وڵاتانی جیهان، بەکار بێنێ. بۆیە ئێستا زیاتر لە هەر کاتێك بوار بۆ ئەوە خۆش بووە باجی سەرەڕۆیی‌و شەرەنگێزی‌و ئەو مەترسییانەی لە لایەك بەهۆی بەرنامە ناوکییەکانی بۆ سەر تەناهیی ناوچەو لە لایەکی دیکەوە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەو پرۆسەی دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست دا دروستی کردوون، بدا.

هەموو ئەو تەنگەژانەو بەتایبەت شکستی دیپلۆماسیی ڕێژیمی ئیسلامی‌و تەریك کەوتنەوەی لە ئاستی ناوچەیی‌و نێونەتەوەیی‌داو، دەرکەوتنی مەترسییەکانی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە بۆ سەر تەناهیی ناوچەو پرۆسەی دێموکراسی، وایان کردوە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەمریکاو ئێران بچێتە قۆناخێکی ڕاستەوخۆترو ڕوو لە رووترەوە. بە چەشنێك کە دوابەدوای دەرچوونی بڕیاری ١٧٣٧ی ئەنجومەنی هێمنایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، کورت کردنەوەی دەستی ڕێژیمی تاران لە ناوەندە قەیرانییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە بەشێك لە ستراتیژیی ئەمریکا. یەکەم نیشانەکانی ئەم بەشە لە ستراتیژییەکەی ئەمریکاش لە دەستبەسەرکردنی ئەفسەرە پایەبەرزەکانی سوپای قودس لە بەغداو هەولێر بەتایبەتی‌و لە دامەزرانی چەند ناو و سکاترانی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا لە ناوچەکانی دەوروبەری ئێران‌و دەرچوونی فەرمانی کوشتن‌و دەستبەسەر کردنی ئەندامانی سوپای پاسداران‌و دەزگای ئیتلاعات لەنێو خاکی عێراق دا زۆر بەڕوونی خۆی دەرخستوە.

کۆی ئەمانەش لەلایەك ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی دوای ٢٨ ساڵ خەریکە بەری ئەو سیاسەتە نالۆژیکی، دەستێوەردەرانەو تیرۆریستیانە هەڵدەگرێتەوە کە لە ڕاستی‌دا لە نێوەرۆکی دواکەوتووانەو ناسەردەمیانەیەوە سەرچاوەیان گرتوە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەم نیشانانە ئەوە دەردەخەن کە مەیدانی تەراتێنی ئەم ڕێژیمە خەریکە ڕۆژبەڕۆژ بەرتەسك دەبێتەوە، بە چەشنێك کە ڕێژیم ئێستا کەوتۆتە دووڕێیانێکی چارەنووسسازەوە. ئەویش ئەوەیە یان دەبێ دەست لە هەموو ئەو سیاسەتە ئاژاوەگێڕانە، مەزنیخوازانەو تیرۆریستیانە هەڵگرێ، کە بەشێکی سەرەکیی نێوەرۆکی پێك دێنن، یان ئەوە کە دژایەتیی هەرچی زیاتری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی‌و بەتایبەتی ئەمریکا بۆخۆی بکڕێ.

سەرجەم ئەو ئەزموونانەی لەپێوەندی لەگەڵ سیاسەتە نێوخۆیی‌و دەرەکییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی بە دەستەوەن، دەری دەخەن جڵەوبەدەستانی ئەمڕۆی سیاسەتی ئێران درێژەی دەسەڵاتی خۆیان‌و ڕێژیمەکەیان لەو قەیرانە نێوخۆیی‌و دەرەکییانەدا دەبینن کە بەردەوام دروستیان کردوون. چونکە بەبێ ئەم قەیرانانە ئەوان ناچارن زیاتر لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران‌و دنیای سەردەم بکەونە ململانێ‌و ئەمەش ئەو شتەیە کە هەڕەشە لە مانەوەی کۆماری ئیسلامی دەکا. بۆیە چاوەڕوان ناکرێ ئەم ڕێژیمە هەروا بە هاسانیی دەست لەم سیاسەتانەی لە ئاستی نێوخۆیی‌و بەتایبەت لە ئاستی دەرەکی‌دا گرتووینەتە بەر هەڵگرێ‌و ئەمەش ڕووبەڕوو بوونەوەی زیاتری ئەم ڕێژیمەو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی‌و بەتایبەت ئەمریکای لێ دەکەوێتەوە.

## لە کوردستان‌و دەرەوەی وڵات بەشکۆیەکی تایبەتی‌یەوە یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان کرایەوە



کاتژمێر ٢/٥ی دوانیوەڕۆی دووشەممە ٢ی ڕێبەندان، بەرنامەیەکی سیاسی‌و هونەریی تایبەت بۆ ڕێزگرتن لە شێست‌و یەکەمین ساڵڕۆژی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان بەڕێوەچوو. ڕێورەسمەکە بە ڕێپێوان‌و ڕێژەی چەند توێژێك لە بەشداران کە ئاڵای کوردستان، ئارمی حیزبی دیموکرات‌و یەکیەتی‌یەکانی ژنان‌و لاوانیان هەڵگرتبوو، دەستی پێکرد. بەشدارانی ڕێورەسم بریتی بوون لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب، زۆر لە تێکۆشەرە دێرینەکانی گەلی کوردو حیزبی دیموکرات، ژمارەیەکی سەدان کەسی لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب‌و بنەماڵە دیموکراتەکان. ئەم ڕێورەسمە کە بە سروودی نەتەوایەتیی دەستی پێکرد، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای ڕێورەسمەکەدا داوا لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کرا ئاڵای کوردستان لەسەر تابلۆیەکی بەردین لادا کە هونەرمەند ڕەسووڵ گەوهەری وێنەی سێ ڕێبەری شەهیدی حیزبی دیموکراتی لەسەر هەڵکۆڵیبوون‌و پێشکێش بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی کردبوو. مامۆستا حەسەن زادە وتەیەکی کورتی لەبارەی ئاڵای کوردستان‌و، پێشەواو کۆمارێك کە ئاڵای کوردستانیان بەرز کردەوە، پێشکێش کرد. ڕێزدار حەسەن زادە لەوحی ڕێزلێنانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بەم بۆنەیەوە پێشکێش بە هونەرمەند ڕەسووڵ گەوهەری کرد. دواتر بەڕێز کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە بەبۆنەی یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان وتارێکی پێشکێش کرد.

لە بڕگەکانی دیکەی ڕێورەسمی ئەمساڵ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب دا، کۆمەڵێك پەیام، وتارو بابەت‌و بەرنامەی سیاسی، هونەری‌و ئەدەبی پێشکێش کران.


ڕێورەسم لەنێو گۆرانیی خۆشی هونەرمەندان‌و هەڵپەڕکێی بەشداران دا کۆتایی پێهات.

## به هەوڵی کومیتەکانی حیزب و بە بەشداریی کوردستانییەکانی دەرەوەی وڵات
# ڕێورەسمەکانی ڕێزگرتن لە کۆماری کوردستان بەڕێوە چوون

کومیتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان ئەمساڵیش دەست لەنێو دەستی ڕێکخراوو کۆمەڵە سیاسی‌و کولتوورییەکانی کوردو، وێڕای کوردستانی‌یەکانی دەرەوەی وڵات، یادی ٢ی ڕێبەندان ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان کردەوە. ئەمساڵیش ٢ی ڕێبەندان‌و یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان بووە بە بۆنەیەك بۆ ئەوەی کوردەکانی بەشە جۆراوجورەکانی کوردستان لە دەوری یەك ئاڵاو یەك بۆنە کۆ ببنەوەو، بە گیانێکی نەتەوەیی هاوبەشەوە، ڕێزی خۆیان بەرامبەر بەو کۆمارەو، وەفاداری بە ئامانجەکانی دووپات بکەنەوە. لە بیرەوەریی ٦١ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا چەندین جێژن و کۆبوونەوەی بەرین‌و دەیان بەرنامەی هونەری‌و کۆمەڵێك سمینارو کۆڕو کۆبوونەوەی سیاسی لە پێتەخت‌و شارە گەورەکانی جیهان بەڕێوە چوون. لە ژمارەی ڕابردووی"کوردستان"دا ڕاپۆرتی هەندێك لەو ڕێورەسمانەمان بڵاو کردەوە. لەم ژمارەیەش دا زۆر بە کورتی ئاماژە بە ژمارەیەکی دیکە لە ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە ٦١ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە دەرەوەی وڵات دەکەین.

ڕاپۆرتی تەواو و تێروتەسەل لەبارەی هەر کام لەو بەرنامە سیاسی‌و هونەرییانە لە سایتی" کوردستان‌و کورد" دا هەیە

# لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا بۆ دەوڵەتی ئوتریش
## چەندین کەسایەتیی ئێرانی داوای وەرگرتنەوەی بکوژی د.قاسملوو دەکەن



گیراوەکانی بەناو کۆنسولخانەی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر دایە، زیاتر لە ٦٠ کەسایەتیی ئێرانی پێکهاتوو لە چالاکی سیاسی، نووسەر، ڕۆژنامەنووس، تێکۆشەری بواری مافی مرۆڤ، مامۆستای زانستگە، ئابووریزان، لێکۆڵەر هونەرمەندو هتد لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا بۆ دەوڵەتی ئوتریش، داوایان کردوە هەرچی زووتر هەنگاوی پێویست بۆ وەرگرتنەوەی جەعفەری سەحراروودی‌و دادگایی کردنی ناوبراو، هەڵ بگیرێ. دەقی ئەم هەواڵەو وەرگێڕاوی نامەکە لە سایتی "کوردستان‌و کورد"دا هەیە.

دوای ئەوەی ڕاگەیەندرا، سەحراروودی لەنێو


قسەکانی بەڕێز کەمال کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، لە ڕێوڕەسمی یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا: ٢

لە نێو بنکەو کەمپەکانی حیزبی دیموکرات دا چ ڕادەبرێ؟! ٥

ڕا پۆرتی چاوەدێری مافی مرۆڤ لە سەر خرا پتر بوونی دۆخی ئازادییەکان لە ئێران دا ٩

"ڕوونکردنەوە" یا شێواندنی ڕاستییەکان! ٩

"بژی مەرگ" ١٠

کەمال کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ڕێورەسمی یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا:

# ئەو دەسەڵاتە کە کۆماری کوردستانی ئیدارە کرد، توانی لەباری فەرهەنگییەوە دەسکەوتی وا پێشکەش بە مێژووی نەتەوەکەی بکا کە ئێستاش هەموو نەتەوەی کورد شانازیی پێوە دەکەن





***هاوڕێیانی تێکۆشەر، خوشك‌و برایانی خۆشەویست، میوانە بەڕێزەکان!***

بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان شەست‌ویەکەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان گەرمترین پیرۆزباییتان لێ دەکەم. ئەمرۆ ئەو ئەرکە بەمن ئەسپێردراوە کە قسە بکەم، ڕەنگە بۆ من کارێکی ئاسان نەبێت، چونکی لێرە لە ڕووبەڕووی خۆم دا جەمعێك لە مامۆستایانی خۆم دەبینم کە هەرکام بۆخۆیان مێژوویەکن لە حیزبی دێموکراتی کوردستان. جگە لەوانیش نەسلێکی نوێ لێرە دانیشتوون، کۆمەڵێك لاوی بیرتیژ کە بێگومان بە وردبینی‌یەکی تایبەتی خۆیان دەڕواننە ئەو ڕابردووە بۆ ئەوەی دەرسی بەنرخی لێوەربگرن بۆ دابینکردنی داهاتووی نەتەوەکەمان.

کۆماری کوردستان بەشێکە لە مێژووی نەتەوەیەك کە لانیکەم لە مێژووی هاوچەرخ دا بەردەوام چەوساوەتەوە. بۆ ئەوەی بتوانین گرینگیی ئەو ڕۆژە مێژووییە بخەینە بەرچاو پێویستە نەختێك بەکورتی باسی ئەو ڕووداوانە بکەین کە چەند ساڵ پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان لەو ناوچەیە بەدوای شەڕی دووەمی جیهانی‌دا ڕوویان دا.

بەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا بۆشاییەکی سیاسی کەوتە ئەو ناوچەیە، ڕکەبەرییەك کە کەوتە نێو لایەنە سەرکەوتووەکانی شەڕی دووهەم، لەلایەك بەرەی سۆسیالیستی بە سەرکردایەتیی یەکیەتیی سۆڤیەت‌و لەلایەك بەرەی ڕۆژئاوا کە ئەمریکای جەوان‌و بەهێز سەرپەرشتیی دەکرد. ئەو کێشەیە زۆر ناوچەی دنیای گرتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەو دەمەوە تا ئێستا، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست یەکێك لە ناوچە گرینگەکانی جیهان بووە، بە هۆی مەوقعییەتی ئیستراتیژیکی‌و بە هۆی ئەوە کە یەکێك لە مەراکزی پڕ لە نەوتی دونیایەو لانیکەم بەدوای هاتنە سەرکاری حکوومەتی سۆسیالیستی لە شۆرەوی دا ئەو ناوچەیە گرینگییەکی تایبەتی بۆ ڕۆژئاوا پەیدا کرد. بۆیە ئێران بوو بە یەکێك لەو وڵاتانەی ناوچە کە کێشەیەکی لێ ساز بوو و بوو بەهۆی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو دوو دەسەڵاتە. بوونی ئەو کێشەیە بۆشاییەکی لە کوردستان دا دروست کرد، مەوقعییەتێکی تایبەتیی دروست کرد کە ڕووناکبیرانی ئەودەم کەوتنە بیری ئەوە کە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی دروست بکەن‌و ناویان لێنا کۆمەڵەی ژ - ك (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان). ئەمە بیرێك بوو کە پێشتریش لەنێو ڕووناکبیرانی کوردو نەتەوەی کورددا هەبوو بەڵام پێشتر هەلومەرجی لەبار بۆ دەسپێکردنی کاری جیدی پەیدا نەببوو. لەو چەند ساڵەدا کە حکوومەتی مەرکەزی لە ئێران دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەمابوو لە واقیع دا بریار لەسەر ئێران لەلایەن دوو دەسەڵاتی باکوورو باشوور (ڕووسیەو ئەمریکا) دەدرا، هێندێك گۆڕانی تایبەتی هاتنە ئاراوە. یەکیەتیی سۆڤیەت کە دیهەویست دەسەڵات‌و نفوزی خۆی لەنێو خاکی ئێران دا پەرە پێبدات‌و ئەمریکاو ئینگلیس کە دەیانهەویست ئەو دەسەڵاتە لە باشوورەوە بگوازنەوە بۆ باکوور. ئەو گۆڕانکارییانە بوون بە هۆی ئەوە کە ناوچەی موکریان ناوچەیەکی نیسبەتەن ئازاد بوو، کە بە جۆرێك لەژێر دەسەڵاتی سۆڤییەتەکان دا بوو، ببێتە مەکۆیەك بۆ دەربڕینی هەستی ئازادیی نەتەوەیی. لەو نێوەدا ڕووناکبیرو پیاوی زاناو بەتوانای کورد، پێشەوا قازی محەممەد دەرکەوت کە لە نێو کۆمەڵەی ژێ ـ ك دا پتر لە هەمووان هەستی بە گۆڕانکارییەکان کردو دەرکی بەوە کرد کە دەبێ لەو گۆڕانکارییانەداو لەو هەلەدا کە لەو ناوچەیەدا سازبووە هەوڵی خۆی بدات بۆ ئەوەی دەسکەوتێك بۆ نەتەوەکەی وەدەس بێنێ.

بەناسینی زووی ئەو ئاڵوگۆڕە دێموکراتیانە کە لە دونیادا پێك هاتبوون هەوڵی دا حیزبێکی پێشڕەو دروست بکات بە یارمەتیی ئەو کۆمەڵە ڕووناکبیرەی کە لە دەوری بوون، بە تایبەتی لە مەهاباد؛ کە ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە بوو لەو سەردەمەداو گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا.

ئەو هەلومەرجە کە لەسەردەمی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، لە کوردستان‌و بەتایبەتی ناوەندی کوردستان‌و لە موکریان لە ئارادا بوو، سەرەڕای ئەوەی هەم ئینگلیزییەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە بتوانن لە گەڵ پێشەوا قازی محەممەد ڕێك بکەون‌و بیروبۆچوونی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن‌و هەم سۆڤییەتی‌یەکان لەوسەرەوە، هەوڵی ئەوەیان دەدا قازی محەممەد بۆلای خۆیان ڕابکێشن‌و بیکەنە عاملێك بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی خۆیان. بەڵام پێشەوای زانای کورد بە بیروبۆچوونی نەتەوەیی‌و کوردانە تەنیا لەو بەینەدا بیری لەوە دەکردەوە کە لەو هەلومەرجەدا چۆن بتوانێ سەربەرزیی کورد مسۆگەر بکات. ڕەنگە لە مێژوودا کەم واقیعی ئاوامان دیبێت کە حیزبێك توانیبێتی دوای کەمتر لە ٦مانگ لە دامەزرانی، وڵاتەکەی بە ڕزگاری ببینێ‌و دەسەڵاتێکی نەتەوەیی بۆ نەتەوەکەی بەدیاری بێنێ. ئەوە بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەدی نەمر توانی لە ٢ی ڕێبەندان دا بیکات بە دیارییەکی مێژوویی بۆ هەموو مێژووی کوردو نەتەوەی کورد.

> **ئەم دەرسە لە قازی محەممەدی پێشەوامانەوە فێر بین کە لە هەموو هەنگاوەکانمان‌دا گرینگیی ڕۆڵی ژنان ببینین‌و بایەخی تایبەتی بە ئەرك‌و کاری ئەوانیش بدەین**

کۆماری کوردستان ئەگەر تەنیا لە مێژوودا سەیری بکەین کە ١١مانگ تەمەنی هەبێت ڕەنگە بۆ پێداچوونەوەو خوێندنەوە نەبێت. وەکوو زۆر ڕووداوی مێژوویی دیکە ڕەنگە بکرێت زۆر بە کورتی بەسەری‌دا تێپەڕین‌و وەکوو یادکردنەوەیەك تەنیا یادێکی بچووکی لێبکرێتەوە. بەڵام کۆماری کوردستان دوو گرینگیی تایبەتی خۆی هەبوون، یەکەم ئەوە کە یەکێك لە گرینگترین ڕووداوەکانی مێژووی کورد بوو (لانیکەم لە مێژووی هاوچەرخ دا) یەکەم جار بوو کە نەتەوەی کورد لە بەشێك لە کوردستان دا توانی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی بەرەسمی ڕابگەیەنێت. بەڵام لایەنی گرینگتری ئەوە بوو کە ئەو کۆمارە بە ڕێنوێنیی پێشەوا قازی محەممەدو حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان توانی لەو ماوە کورتەدا ـ وەك کۆمارێك کە تەجروبەی ساڵیان ژیانی هەبێت ـ عەمەل بکات، کۆمارێك کە لە یەکەم ڕۆژەوە تا ڕۆژی کۆتایی هاتن بە ژیانی گەلێك دەسکەوتی مێژوویی پێشکەش بە نەتەوەی کورد کرد کە ئێستاش جێگای شانازین. ئەو دەسەڵاتە کە کۆماری کوردستانی ئیدارە کرد، توانی لەباری فەرهەنگی‌یەوە دەسکەوتی وا پێشکەش بە مێژووی نەتەوەکەی بکا کە ئێستاش هەموو نەتەوەی کورد شانازیی پێوە دەکەن. لەباری ڕێکخراوەیی‌و کاری مەدەنی‌یەوە توانی یەکەم هەنگاو بۆ هێنانە مەیدانی ئەو چین‌و توێژانە کە بەدڵنیایی لە هەموو هەلومەرجێك دا چین‌و توێژی کاریگەرن ـ بە تایبەتی ژنان‌و لاوان ـ بواری هاتنە مەیدانی ئەوان خۆش بکات.

دامەزرانی یەکیەتیی ژنان‌و یەکیەتیی لاوان یەکێك لە هەنگاوە گرینگە مەدەنی‌یەکانی کۆماری کوردستانە کە ڕەنگ بێ ئێستاش ئەگەر لەچاو شەست ساڵ پاش کۆمارو لەچاو ئەو هەموو دەسکەوتە تیکنۆلۆژییەی کە کۆمەڵگای بەشەری بەخۆیەوە دیوە کە بەشێکی زۆریشی هاتۆتە وڵاتی ئێمە، لەچاو ئەوەیکە ساڵهایە بەجۆرێك لە بەشێك لە کوردستان بە ئازادی دەژی، ئێستاش هەست بەوە دەکرێت کە ئەو کارەی کە ئەودەم کراوە زۆر سەرکەوتوترو گرینگتر بووە لەو کارانەی کە ئەمرۆ دەکرێن.

قازی محەممەد بە هێنانە مەیدانی ژنان‌و لەپێش هەموویان‌دا خێزانی خۆی بۆ نێو ڕیزی تێکۆشەرانی ئازادی، دەری‌خست کە ئینسانێکی دێموکراتە، باوەری بەوە هەیە کە کۆمەڵ لەو ئینسانانە پێك هاتوە کە تێیدا دەژین، کۆمەڵ بە هەموو ئەو ئینسانانە ڕادەگیرێت. ئەمە جیاواز لە دەسکەوتێکی مێژوویی بۆ ئەو سەردەمە، دەرسێکی گەورەیە بۆ ئەم سەردەمەی ئێمە، دەرسێکی گەورەیە کە ئێمە دەبێ لە پێشەوامانەوە فێر بین کە کاری بەڕێوەبردن، ئیدارەکردن، بەرەوپێش بردنی کۆمەڵ تەنیا کاری پیاوان نیە. ئەم دەرسە لە قازی محەممەدی پێشەوامانەوە فێر بین کە لە هەموو هەنگاوەکانمان‌دا گرینگیی ڕۆڵی ژنان ببینین‌و بایەخی تایبەتی بە ئەرك‌و کاری ئەوانیش بدەین. لاوان، ئەو توێژە گرینگەی کە هەر ئەودەم خرانە بەرچاوو هەوڵی هێنانە مەیدانیان درا، نەتەنیا بۆئەوەی کە لاوەکان بێننە مەیدان بۆ ئەوەیکە وەکوو پێشمەرگە کوردستانیان پێ بپارێزێ، بەڵکوو زیاتر بۆ هێنانە مەیدانی بیرو ئیرادەی ئەو توێژە لە کۆمەڵ بوو. ئەمە جیاواز لەو دەسکەوتە مێژوویە، دەرسیکی گەورەی بۆئەم سەردەمەی ئێمەش تێدایە.

٣

## لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان:

## یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرز ڕاگیرا

### •مەهاباد



ڕۆژی دووشەممە ٢ی ڕێبەندان، شەست‌ویەکەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵك‌و بەتایبەت لاوەکانی مەهابادو شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ ڕێزگرتن لە یەکەم سەرکۆماری کورد لەسەر کلگۆی پێشەوا ئامادە بوون.

لەم ڕێورەسمە نەتەوەییەدا بەشداربووان بە دانانی تاجەگوڵینە لەسەر گڵکۆی پێشەواو شەهیدانی کۆماری کوردستان‌و بڵاوکردنەوەی شیرینی ڕێزیان لە یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان‌و پێشەوای مەزن‌و هەموو ئەو تێکۆشەرە کوردانە گرت کە لە پێناو دابین کردنی مافە نەتەوایەییەکانی کورددا تێکۆشاون‌و گیانبازییان کردوە.

بە پێی زانیارییەکان دوابەدوای ئەم ڕێورەسمە ژمارەیەکی زۆر لە لاوەکان‌و خەڵکی شار لە گۆرەپانی شۆرش‌و فەلەکەی سەعات کۆبوونەوەو وێرای دانی دروشم دژی ڕێژیم، دەستیان کرد بە هەڵپەرکێ‌و بەم شێوەیەش یادیان لەم ڕۆژە مێژووییەی کوردان کردەوە.

شایانی باسە ئەم ڕێوڕسمە لە کاتێکدا بەڕێوە چوو کە هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی هەموو شوێنە ئاستەم‌و گشتییەکانی ئەم شارەیان کۆنترۆڵ کردبوو.



### •بۆکان

بەبۆنەی دووی ڕێبەندان، شەست‌و یەکەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان خەڵکی شاری بۆکان زۆربەی دوکان‌و بازاڕەکانیان داخست‌و ئەم ڕۆژەیان کردە جێژن. هەروەها خەڵك ئەو ڕۆژە بە گوڵ‌و شیرینیەوە سەردانی ماڵی یەکتریان دەکردو پیرۆزبایی ئەو جێژنە نەتەوەییەیان لە یەکتر دەکرد. لەلایەکی دیکەوە هەر بەو بۆنەیەوە ئێوارەی ئەو ڕۆژە لە بەرزاییەکانی برایم ئاباد، گوێجگەلی، مشیرئابادو بەردەزەردی بۆکان ئاگر کرایەوەو لە ژمارەیەك لە شوێنە گشتی‌یەکانی شار CDو تراکت‌و بڵاوکراوەی حیزبی بڵاوکرانەوە.

### • بانە

ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە بانە بۆ ڕێزگرتن لە یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ژمارەیەکی بەرچاو CDو تراکت‌و بڵاوکراوەی حیزبییان لە شوێنە گشتییەکانی شارو ئاواییەکانی ناوچە بڵاوکردەوە.

### پیرانشار

لە یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە پیرانشار ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان‌و ڕۆژانی دواتر ژمارەیەکی بەرچاو CDو بڵاوکراوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شوێنە گشتی‌یەکانی شارو گوندەکانی ناوچەدا بڵاو کردەوە.

٣

## هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزب‌و کۆمەڵ بخەینە گەڕ

# قسەکانی بەڕێز کەماڵ کەریمی

## لە ڕێورەسمی ٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا

درێژەی لاپەڕی ٢

بێگومان کۆمەڵی ئێمە ئەو گۆڕانەی بەسەردا هاتوە. ئێستا نەسلێکی نوێ لە مەیدان دایەو حیزبی ئێمە (حیزبی دیموکراتی کوردستان) بەدەرس وەرگرتن لەو هەنگاوە مێژووییانەی کۆماری کوردستان‌و بە بینینی ئەو واقعییەتانەی ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردەواری، دەبێ هەوڵ بدات بۆ ئەوەی لە هەموو تواناو ئینێرژیی لاوان کەڵك وەربگرێ بۆ هەرچی باشتر بەرەوپێش بردنی خەبات‌و هەوڵدان بۆ ڕزگاری‌و ئیدارە کردنی وڵات.

گەلێك دەسکەوتی دیکە دەتوانین لە زەمانی کۆماردا باس بکەین کە دیارە لە ڕاستی‌دا هەر وەکوو عەرزم کردن کاری ئەو مامۆستایانەیە کە ژیانی خۆیان لەگەڵ مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هێناوە، شایەد بڵێم ڕەنگە لە توانای ئەوانیش‌دا نەبێت، کارێکی ئەوەندە گەورە بێت کە دەبێ وەکوو کارێکی ئاکادێمی چاوی لێ بکەین کە دەبێت بۆ شیکردنەوەی هەر لایەنێکی ژیانی کۆمار تەحقیقی تەواوی بکرێت..

بەداخەوە ئەو ململانێیەی کە باسمان کرد ـ لەبەینی یەکیەتیی سۆڤیەت‌و ئەمریکاو ئینگلیز، وەکوو دوولایەنی سەرکەوتوو لە شەڕی دووهەمی جیهانی دا ـ هەروەکوو یارمەتییان دا بەوەیکە تێکۆشەرانی نەتەوەی کورد لە شاری مەهاباد بە سەرۆکایەتیی قازی محەممەد بتوانن کۆماری کوردستان دامەزرێنن، یارمەتیی ئەوەشیان دا کە پیلانی ڕووخانی کۆماری کوردستان سەر بکەوێت. هەربۆیە دوای ١١مانگ تەمەنی کۆماری کوردستان بەهۆی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران‌و بەهێزکردنی دەوڵەتی مەرکەزی لە تاران، پیلانی هێرش کردن بۆسەر حکوومەتی ئازەربایجان‌و کۆماری کوردستان دا ڕێژا. ئەگەر بڵێین یەکێك لە هۆیەکانی مقاومەت نەکردن‌و ڕووخانی کۆماری کوردستان، خۆبەدەستەوەدانی زووی حکوومەتی ئازەربایجان‌و تەورێز بوو زیادمان نەگوتوە، بەڵام ڕووخانی کۆماری کوردستان نەتەنیا بووە هۆی ڕاوەستانی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، بەڵکوو هەتا ئێستاش هاندەرێك بووە بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان کە بۆ ڕزگارکردنی وڵات‌و وەدەسهێنانی ئازادی‌و مافی نەتەوایەتیی نەتەوەکەیان‌دا درێژە بە خەبات بدەن.

بەجێیە کاتێك باسی کۆماری کوردستان دەکەین، لەگەڵ ڕێز بۆ هەموو ئەو فیداکارییانەی کە هەموو تێکۆشەرانی ئەو سەردەمەی کوردستان دا بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان‌و ئیدارەکردنی کۆماری کوردستان داویانە، لەگەڵ ڕێز بۆ هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە ئەودەم لە سەنگەری دیفاع لە کۆماری کوردستان دا خوێنیان ڕژا، یادێك لە دەوری بارزانییەکانیش بکەینەوە کە ماوەیەك پێش دامەزرانی کۆمار هاتبوونە مەهاباد‌و لەوێ وەکوو هێزێکی بەتوانا کە سابیقەی چەندین ساڵ شەڕیان بوو لە باشووری کوردستان وەکوو هێزێك توانیان یارمەتی‌دەر بن بۆ ڕێکخستن‌و یارمەتی‌دانی هێزی پێشمەرگەی کۆمار. بەدوای ڕووخانی کۆماردا هەرچەند ڕەنگ بێ کەمێك سەرلێشێواوی یان سکوتێك زاڵ بووبێ بەسەر کوردستان دا، بەڵام هەر زۆر زوو تێکۆشەرانی دیموکرات سەریان هەڵدایەوەو هەوڵیان دا بۆ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. تێکۆشەرانێك کە لە ماوەی چەند ساڵدا توانیان دەورێکی گەورە لە جەریانی ساڵەکانی ٣٢ـ٣٠ لە کوردستان دا بگێڕن‌و دەوری حیزبی دیموکراتی کوردستان دیسان بکەوێتەوە بەرچاو. تێکۆشانێك کە لە ساڵی ٣٤دا توانی یەکەمین کۆنفرانسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەدیاری بێنێت. ئەو تێکۆشەرانە بەردەوام بوو کە دەکرێت ئەگەر قۆناغ بە قۆناغ پێیدا بێین قۆناغی ساڵەکانی ٣٨ ـ١٣٣٧ وەبیر بێنینەوە کە پەلاماری ساواکی شا بۆ سەر تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەری‌خست کە نەتەنیا بە ڕووخانی کۆمار حیزبی دیموکراتی کوردستان نەمردووە، بەڵکوو دەسگیرکردنی



سەدان ئەندامی حیزب‌و ڕاوەدونانیان نیشاندەری ئەوەبوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا ڕیشەی داکوتاوە. هەر ئەوەبوو کە توانیان لە ساڵی ٤٧ ـ ٤٦دا خەباتی چەکدارانە ڕێك بخەن. هەر ئەو ڕۆڵانە بوون کە توانیان دوای تێکشکانی خەباتی چەکدارانە، کۆنفرانسەکانی ٢و٣ بگرن، کۆنگرەی ٣ بگرن‌و



بەتایبەتی بەهاتنەوە مەیدانی شەهید دوکتور قاسملوو (لە نزیکەوە بۆ بەشداریکردن‌و ڕێبەریکردن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) توانیان بەشێوەیەکی نوێ حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێك بخەنەوەو بەرنامەیەکی نوێی بۆ دابنێن کە هەتا ئێستاش ئامانج‌و سیاسەتەکانی بوونە ڕێبازێکی نوێ بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان.

بەهۆی بەرنامەو سیاسەتانە بوو کە بەدوای ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی دا حیزبی دیموکراتی کوردستان توانی ببێتە گەورەترین حیزبی خەڵکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داو زۆرترین جەماوەری خەڵکی کوردستان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. حیزبێك کە توانیویەتی لە ماوەی ٢٧ ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی دا ڕووبەڕووی درندەترین هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ببێتەوە. لەگەڵ دانی هەزاران شەهیدو ڕوو بە ڕوو بوونەوە لەگەڵ دەیان‌و سەدان پیلان‌و هەوڵدان بۆ تێك شکاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دەکرێ دوو لە گرینگترین پیلانەکان دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تیرۆری دوو ڕێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملوو دوکتور شەرەفکەندی بخەینە بەرچاو. بەڵام ئەم حیزبە حیزبێك بووە لە بەرامبەر ئەو هێرش‌و پیلانانەدا خۆی ڕاگرتوەو هەتا ئێستاش ئاڵاهەڵگری خەباتی دژی کۆماری ئیسلامی بۆ وەدیهێنانی دێموکراسی‌و ئازادی‌و ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوایەتی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە.

***

ئێمە لە هەلومەرجێکی نوێدا دەژین. هەلومەرجێك کە ڕەنگبێ لە زۆر لایەنەوە بۆ ئەوە ببێت هومێدی پێ‌ببەستین. کۆماری ئیسلامی دوای ٢٧ساڵ لە دەسەڵاتداریی، ئێستا کەوتۆتە نێو گەورەترین قەیرانەکانی نێوخۆیی‌و خاریجیی خۆی. لە نێوخۆی وڵات‌دا کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هەموو ئەو وادەو بەڵێنی‌یانەی کە بەخەڵکی داون نەتەنیا نەی‌توانیوە کەمترین تەئسیر بۆ باش کردنی وەزعی ژیانی خەڵك ـ لەبواری ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌دا ـ هەڵگرێ بەڵکوو، ڕۆژ بەڕۆژ هەڵوێستەکانی یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەیکە خەڵك لە باری ئابوورییەوەو لەباری ئەمنییەتی‌یەوە گیروگرفتیان زیاتر بێت‌و لەباری سیاسی‌و فەرهەنگییەوە وەدواتر بکەون. خەڵکی ئێران بەگشتی ئەمڕۆ لە هەموو کاتەکان‌و ساڵەکانی پێشتر باشتر ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستاون. لە پەنا ئەودا قەیرانە دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی فاکتەرێکی گەورە بوون بۆ ئەوەی کە ڕێژیم ئەورۆ لە خراپترین شەرایەتی تەمەنی خۆی‌دا دەژی. چەند ساڵ هەوڵدانی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی خاریجی‌دا بۆ فریودانی دنیای دەرەوەو بە تایبەتی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بە قەولی خۆیان "شیطان بزرگ"(ئەمریکا)دا، پەنا بردن بۆ معاملەی بازرگانی بە مەبەستی کڕینی پشتیوانیی سیاسی لە ئۆرووپاو ڕووسیەو چین ئەورۆ گەیشتۆتە شکست.

لە مێژ ساڵ بوو ئێران بە پشتیوانیی ئورووپاو ڕووسیەو چین وەکوو سێ دەسەڵاتی گەورەی سیاسی‌و ئابووری توانیبووی ڕووی ڕاستەقینەی خۆی لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بشارێتەوە. لەگەڵ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەوپەڕی خۆی‌دا، لەگەڵ نەهێشتنی ئەمنیەت بۆ هیچ کەس لە ئێران دا، لەگەڵ نەهێشتنی هیچ مەجالێك بۆ فەعالییەتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی پێشکەوتووانە، لەگەڵ ڕێگەنەدان بە هیچ کارێکی مەدەنی، بەڵام ئورووپا وەکوو بنکەی دیموکراسی دونیا هۆکارێك بوو بۆ پشتگیری لەوەکە کۆمەڵی نێونەتەوەیی ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی بێتەوە. بەڵام ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو بوارانەدا گەیشتۆتە بونبەست. کۆماری ئیسلامی ئەگەر هەتا دوێنی تەنیا دروشمی مەرگ بۆ ئەمریکاو مەرگ بۆ ئیسرائیلی دەدا، ئەگەر قەرار بێت ئەمڕۆ بوێرێت دروشمێك بدات دەبێ دروشمی مەرگ بۆ سازمانی میلەل بدات. چونکی ئەوڕۆ دوای ساڵیانێك هەوڵدان بۆ خۆشاردنەوە، لە پشتی معاملاتی بازرگانی‌دا، ڕووبەڕووی بڕیارێك بۆتەوە لە شوورای ئەمنییەت کە بە تێکرای دەنگی ئەندامانی ئەو شوورایە کۆماری ئیسلامی بەوە تاوانبار دەکا کە دەیەوێ وەزعی ئەمنییەتی جیهانی‌و ناوچە بشێوێنێ.

ئەمە ڕەنگە سەرەتایەك بێت. ڕەنگە لە لێکدانەوەی ئەو وەزعەدا پەلە نەکەین باشتر بێ بۆ ئەوەی چاوەڕوانی دوایی بین. بەڵام ئەمە واقعییەتێکە کە ئێستا کۆمەڵگای جیهانی لە تەواوەتی خۆیدا هەستی بەوە کردوە کە کۆماری ئیسلامی ئەو ڕێژیمە نیە کە بتوانن وەکوو ئەندامێکی سازمانی میلەل، وەکوو ئەندامێکی یاریدەدەری کۆمەڵگای جیهانی چاوی لێ بکەن. بۆیە هەوڵ دەدەن لە ڕێگای ئەو فشارانەوە کە خراونەتە سەری پێش لەو سیاسەت‌و کردەوانە کە دەبنە هۆی ئاژاوەنانەوەو تێکدانی وەزعی ناوچەـ کە بێگومان تەئسیر لەسەر زۆر لایەنی جیهانیش دەکا ـ بگرن.

کۆماری ئیسلامی لە ڕاستی‌دا وەکوو ئیدئۆلۆژی‌یەك ئەگەر سەیری بکەین ئەوەیە کە خومەینی بووو ئەوەیە کە ئێستا ئەحمەدی نەژاد دەیلێ. لە باری سیاسی‌یەوە، هەر ئێستا گێچەڵێك یان کێشەیەك دروست بووە لە نێو ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی‌دا کە بێگومان نەك لەبەر ئەوەیە کە هیچیان ئەو کارانەیان پێ باش نەبێ، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە هێندێکیان پێیان وایە کە ئەم کارانە لەوانەیە ببنە هۆی تێکدانی وەزعەکە لەوان، دەنا ئەگەر وەك ئیدئۆلۆژی سەیریان بکەین ئەوەیکە بیر لە کۆماری ئیسلامی‌و بیری کۆماری ئیسلامی دەکاتەوە بێگومان هاودەنگن لەسەر ئەوەکە کۆماری ئیسلامی ئەگەر بە چەکی ئەتۆمی بەهێز بکرێت دەتوانێ ببێتە حاکم‌و دەسەڵاتداری ناوچەو دەتوانێ سیاسەت و ئەفکاری خۆی بەسەر ناوچەکەداو لە ڕێگای ئەوێوە بەسەر دونیای دووردەستیش دا بسەپێنیت.

کۆمەڵگای جیهانی هەرچەند جێی ڕەخنەیە کە تا ئێستا بەداخەوە تەواوی هەوڵی خۆی لەسەر مەحکووم کردنی چەکی ئەتۆمی داناوە. بەڵام پێویستە لە پاڵ ئەوەدا ڕووبەڕووی ئەو سیاسەتانە ببێتەوە کە کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە خەڵکی نێوخۆی وڵات بەڕێوەی دەبات. سیاسەتی سەرکوتکردن، سیاسەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، سیاسەتی پێشێلکردنی هەموو مافەکانی تاك لە کۆمەڵ دا و سیاسەتی نەهێشتنی ئاسەوارێکی مەدەنی لە کۆمەڵگای ئێران‌دا.

ئەوەی کە لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتانەدا کە تازە ڕووبەڕووی ئێران بۆتەوە دەکرێ بڵێین ئەوەیە کە چاوەڕێی ئەوە دەکرێ ئێران ڕووبەڕووی تەنگەژەی گەورەتر ببێتەوە. ڕەنگە ئێستا بکرێ بڵێین کە ئێران ئێستا ئیتر ڕێگای مانۆڕدانی گەورەی نەماوە بۆ خۆدەربازکردن لەو قەیرانەی کە تووشی بووە.

بەڵام بۆ ئێمە وەکوو حیزبێکی شۆڕشگێڕ، وەکوو حیزبێکی ئازادیخوازو بۆ خەڵکی ئێمە وەکوو نەتەوەیەکی تینووی ئازادی پێویستە تەنیا و تەنیا چاوەڕێی ئەوە نەبین کە لە دنیای دەرەوە چی دەکرێ. دەبێ ئێمە ئەو هەلانە بقۆزینەوە بۆ ڕێکخستنی خەباتێکی بەهێزتر بە تایبەتی ئەوەندەی مومکینە لە ڕێگای سازدان‌و ڕێکخستنی خەباتی مەدەنی لە نێو کۆمەڵی کوردەواری‌دا بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر بتوانین لەو هەلومەرجە کەلك وەرگرین‌و هەنگاوێك بەرەوپێشەوە بڕۆین، هەنگاوێك کە بتوانێ بۆ داهاتووی ئێمە تەئسیری گەورەی هەبێت.

لەو هەلومەرجەدا جگە لەوەی ئێمە دەبێ خۆمان ڕێکبخەین دەبێ هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی ڕێکخستنی نێو هێزە کوردستانییەکان بەهێز بکەین، دۆستایەتی و ڕێکخستنی نێو هێزە ئێرانییەکان بەهێز بکەین بۆ ئەوەی لەو هەلومەرجەدا بتوانین بە باشترین شێوە مەبەستەکانی خۆمان بپێکین‌و بتوانین ئەو دەسکەوتانەی کە دەکەوێتە بەردەستمان بە باشی بپارێزین.


ڕێورەسمەکەمان درەنگ دەستی پێکردو لە تەوسییەی هاورێیانیش دا دەرکەوت کە زۆر درەنگ دەکەوین و بەرنامەیان هەیە. ئەمن زیاتر لەوە سەرتان نایەشێنم. سپاس بۆ گوێگرتننتان. هەر شادو سەربەرز بن.

---

**لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان:**

## یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرز ڕاگیرا

### •سنە



سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە ٧ی ڕێبەندان، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە شاری سنە لە چالاکییەکی تەبلیغی‌دا چیاو سەیرانگەی ئاویەریان ڕازاندەوە. بەپێی هەواڵی ئەندامانی تێکۆشەری حیزب لەم چالاکییەدا وێڕای نووسینی دروشم، ئاڵایەکی گەورەی کوردستانیان هەڵ کرد کە لە زۆر جێگای شارەوە دەبینرا. ئەم چالاکییە بووە مایەی خۆشحاڵیی خەڵك لە شاری سنە.



### •مەریوان

بە بۆنەی ٢ی ڕێبەن ساڵوەگەری دامەزرانی کۆماری کوردستان، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە ئاواییەکانی پایگلان‌و گوندەکانی ناوچەی ژاوەڕۆی مەریوان چالاکییەکی تەبلیغاتییان بەڕێوەبرد. لەم چالاکییەدا CDو تراکت‌و بڵاوکراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاوکرانەوەو دروشمی حیزبی لە شوێنە گشتییەکان نووسراون.

### •سەردەشت

شەوی ١ی ڕێبەندان ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە ئاوایی ئاڵوەتانی سەردەشت بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان شەست و یەکەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان چالاکییەکی تەبلیغاتییان بەڕێوەبرد. لەم چالاکییەدا بڵاوکراوەکانی حیزب بریتی لە CDو تراکت، لە شوێنە گشتییەکان بڵاوکرانەوە.

### •شنۆ

لە پێشوازی ٦١ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا، ئێوارەی ڕۆژی ١ی ڕێبەندان، لە سەر شاخەکانی دەوروبەری شار، بۆ وێنە پشتی جەنگەڵ، سوڵتان مستەفا، قەبری شەهیدان‌و شێخ سمایل ئاگر کرایەوە. هەروەها ئاگرێکی گەورەی لە سەر چیاکانی ڕەندۆڵەو بابۆڵە کرابووە کە هەتا درەنگانی شەو هەر بەردەوام بوو.

لە ئاوایی‌یەکانی سەرگیز، دێ شەمس‌و دەوروبەر لەسەر مەنبەعی ئاوەکانی ئەو گوندانە، بە بۆنەی بیرەوەریی دامەزراندنی کۆماری کوردستان ئاڵای کوردستان، بەرزکرایەوەو هەر بە بۆنەی ئەم بیرەوەری‌یە مێژووییە، ژمارەیەکی زۆر CDتراکت لە گوندەکان‌و نێوشار بڵاوکرایەوە.

### •مەهاباد

ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە درێژەی چالاکییەکانیان دا ڕۆژی ٦ی ڕێبەندان لە ژمارەیەك لە شوێنە گشتییەکانی ئەم شارە کاری تەبلیغییان کرد. لەم چالاکییەدا کە مەیدانچەی حەسەنزادە، کانی مام قەمبەران، کانی سۆفی تەهاو ئەسحابە سپی‌و مەدرەسەی کچانەی حەسەنزادەو هەروەها گوندەکانی سەرچنار، حاجی حەسەن، خێرئاوا، تازەکەند، گەنج ئاوا، گەزەلێن، دێی وەیس ئاغا، بەفرەوان، قشقەڵاو قولەسەنی گرتەوە، ژمارەیەکی زۆر CDو تراکت‌و بڵاوکراوەکانی حیزب بڵاوکرانەوە.

# یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە دەرەوەی وڵات

## کانادا ــ ئۆنتاریۆ

ڕۆژی یەکشەممە ١٤ی ژانویەی ٢٠٠٧، کومیتەکانی ڕۆژهەڵاتی کاناداو ئەمریکای حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بەشداریی نزیك ٢٠٠ کەس ڕێورەسمی ڕێز گرتن لە کۆماری کوردستانیان لە شاری "لەندەن"ی ئۆنتاریۆ پێك هێنا. لەم ڕێورەسمەدا پەیامی هاوبەشی کومیتەکانی ڕۆژهەڵاتی کانادا و ئەمریکای حیزبی دیموکراتی کوردستان، پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران ـ کۆمەڵە، یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ــ لەندەن خوێندرایەوە. لە بڕگەکانی دیکەی ڕێورەسمەکەدا، شێعر، سروودو گۆرانیو هەڵپەرکێی کوردی پێشکەش کرا.

## فینلاند

ڕۆژی هەینی، ١٩ی ژانویە بە بەشداریی سەدان کەس لە کوردستانییەکانی دانیشتووی فینلاند ڕێورەسمێك بۆ ڕێز گرتن لە یادی ٦١ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری تۆرکۆ بەڕێوە چوو.

لەم مەراسیمەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پەیامی کۆمیتەکانی فێنلاندی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کورستان ، کۆمەلەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان، یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پێشکەش کران. لە برگەکانی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا ، شانۆی کۆمێدی، گۆرانی و هەڵپەرکێی کوردی لە لایەن کوڕان و کچانی بە بەهرەو هونەرمەندانی گۆرانیبێژ پێشکەش کرا. بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە فێنلاند لە درێژەی بەرنامەکەدا باسێکی کورتی لە سەر لەتبوونی حیزبی دێموکرات، ڕوانگەو هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان پێشکەش کرد.

## کانادا، ڤانکۆڤێر

ڕۆژی ١٩ی ژانویەی ٢٠٠٧، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ڤانکۆڤێری کانادا، ڕێورەسمێکی بە بەشداریی نزیکەی ٢٠٠ کەس لە کوردستانییەکانی دانیشتووی ئەم شارەو دەوروبەر پێك هێنا. لەم ڕێورەسمەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، و بروسکەی پیرۆزبایی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستانو کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، پێشکەش کران. درێژەی بەرنامەکە بۆ پێشکەش کردنی هۆنراوەی نیشتمانیو گۆرانیو هەڵپەڕکێی کوردیو بەرنامەی شاد تەرخان کرا.

## بریتانیا

ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی ژانویەی ٢٠٠٧ ڕێورەسمی تایبەت بە ٦١ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە "ئەکتون تاوان هال" بەڕێوەچوو. بێجگە لە پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب، پەیامی پیرۆزبایی ئەم حیزبو ڕێکخراوو بنکەو ناوەندانە پێشکەش کران: ١ـ پارتی دیموکراتی کوردستان ٢ـ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ٣ـ کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ٤ـ ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران ـ کۆمەڵە ٥ـ پارتی ئازادیی کوردستان ٦ـ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ٧ـ کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان ٨ـ مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی، لەندەن ٩ـ بنکەی پەنابەرانی کورد لە لەندەن (کیا) ١٠ـ دەزگای خانووبەرەی کوردی ١١ـ کومیتەی فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن ١٣ـ کۆمەڵگای کوردی ڕۆژئاوای لەندەن ١٤ـ ڕێکخراوی پەککەوتەکانی کورد لە بریتانیا ١٥ـ ناوەندی چاك (هەلەبجە) ١٦ـ بەرەی یەکگرتووی بەلووچستان.

لە درێژەی مەراسیمەکەدا گۆرانیو هەڵپەڕکێی کوردیو شێعرو پەخشانی جوان پێشکەش کران. کومیتەی حیزب لە بریتانیا مێزی کتێبی بۆ ئەم ڕێوڕەسمە ئامادە کردبوو کە سەرنجی بەشدارانی ڕاکێشا.

## سوئێد

**سمیناری سیاسی بە بۆنەی ٦١ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە**




ڕۆژی ٢٠٠٧/١/٢٠ کومیتەی سوئێدی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سمینارێکی سیاسیو ڕۆشنبیریی بەبەشداریی سەدان کەسایەتیو ڕووناکبیرو تێکۆشەری کورد، پێك هێنا. لەم سمینارەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حدك بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندانەوە لە لایەن بەرپرسی کومیتەی حیزب لە وڵاتی سوئێد خوێندرایەوە. دواتر بەشی یەکەمی پانێل بە قسەکانی کاك ئەحمەد عەزیزی، کارناسی سیاسی دەستی پێکرد.

بۆ لاپەڕی ١١

# هەواڵەکان

## سوئێد

***تێکۆشەری دێرن مام حەسەن خدری کۆچی دوایی کرد***

ڕۆژی چوارشەممە ٤ی بەفرانبار تێکۆشەری درێرین مام حەسەن خدری کۆچی دوایی کرد. ناوبراو یەکێك لە ئەندامە هەڵسووڕەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی هەر دوو ڕێژیمی پاشایەتیو ئیسلامی دابوو. لە سەردەمی شایەتیدا دوو جار کەوتە زیندانو دوای دەست پێکردنی پەلاماری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان مام حەسەن وەك پێشمەرگەیەکی هێزی بەرگری لە سەنگەردا بەرەنگاری هێزەکانی ڕێژیم بۆوە.

شایانی باسە مام حەسەن خدری دوو کوڕی بە ناوەکانی محەممەدو خدر بە دەستی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی شەهید کراوە. بەم بۆنەیەوە وێڕای دەربڕینی داخو پەژارەمان لە کۆچی دوایی ئەو مرۆڤە تێکۆشەرە، سەرخۆشی لە بنەماڵەو هاوسەنگەرانی دەکەین.

## •بانە

**کۆچی دوایی دۆستو لایەنگرێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

ڕۆژی ١ی ڕێبەندان خاڵە محیەدین عەبدی دۆستو لایەنگرێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. ناوبراو یەکێك لە پیاوماقووڵانی ناوچەی خێڵەرەشی بانە بووو لە درێژایی چەندین ساڵی ڕابردوودا بەخۆیو ئیمکاناتییەوە لە خزمەتی بزووتنەوەی ڕزگاتریخوازانەی کوردستان دا بوو.

بەم بۆنەیەوە پرسەو سەرەخۆشیی خۆمان بە بنەماڵەو دۆستانی ڕادەگەیەنین.

## •بۆکان

***کۆچی دوایی ژنێکی تێکۆشەر***

ڕۆژی ١٣٨٥/١٠/٢٩، خاتوو وەجیهە، دایکی شەهید ئەبووبەکری پارنج، دانیشتووی گوندی ئاڵیکەند سەر بە ناوچەی بۆکان بە هۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی کرد. خاتوو وەجیهە جیا لەوەی کە دایکی شەهید بوو بۆخۆشی ژنێکی تێکۆشەر بوو کە زۆربەی کاتی ژیانی بۆ چالاکیی حیزبایەتی تەرخان کردبوو. بەوبۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری دەکەین.

**ـ کۆچی دوایی ئەندامێکی لە مێژینەی حیزب**

ڕۆژی ٢٩ی بەفرانبار کاك محەممەد ئەمین دادخا، برای شەهید عوسمان دادخا فەرماندەری هێزی شەریفزادە، بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

کاك محەممەد ئەمین ساڵی ١٣٥٨ پێوەندیی بە حیزبەوە گرتوە و لەو کاتەوە وەك ئەندامێکی چالاك ئەرکە حیزبییەکانی ڕاپەڕاندوە. لەم دواییانەش دا بە دوای ئاڵوگۆڕەکانی نێو ریزەکانی حیزب، وێڕای گرتنە بەری هەڵوێستێکی لێبڕاوانەو بەرپرسانە خەڵکی لە ئاڵوگۆڕەکانی نێو حیزب ئاگادار دەکردەوە.

شایانی باسە بە هەزاران کەس لە خەڵکی ناوچە بەشدارییان لە پرسەی ناوبراو دا کرد و هاودەردییان لەگەڵ بنەماڵەکەی دا کردوە.

بەم بۆنەیەوە وێڕای دەربڕینی داخ و پەژارەمان لە کۆچی دوایی ئەم ئەندامە تێکۆشەرەی حیزبەکەمان سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەین.

**ـ کۆچی دوایی ئەندامێکی حیزب لە ناوچەی بۆکان**

ڕۆژی ١٣٨٥/١٠/٢٠، ئەندامێکی دڵسۆزی حیزب بە ناوی" ڕەسووڵ خۆرلەق" دانیشتووی گوندی داشبەندی سەر بە ناوچەی بۆکان بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. ناوبراو لە ساڵی ١٣٦٤ پێوەندی بە ریزەکانی حیزبەوە دەگرێو وەکوو ئەندامێکی هەڵسووری تەشکیلاتی نهێنیی تێکۆشانی سیاسی خۆی دەستپێدەکات. کاك ڕەسووڵ لە ماوەی خەباتی چەکداریدا هەمیشە پشتو پەنای تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو.

بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسو کاری کاك ڕەسووڵو هەموو خەڵکی گوندی داشبەند دەکەین.

# مەرگی ناوەختی ئەندامی حیزب خاتوو زارا قاسمی و دوو هەڵوێستی جیاواز



ڕۆژی چوارشەممە ٢٧ بەفرانباری ١٣٨٥، خاتوو زارا قاسمی، هاوسەری هاوڕێی پێشمەرگە حوسێن مەحموودیان، لە حاڵێك دا کە بۆ عەمەلی سینوزیت چووبووە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر، لە ئاکامی کەمتەرخەمی کادری پزیشکیی نەخۆشخانەکەدا گیانی لە دەست دا.

زارا قاسمی کچی مام مینە، خەڵکی "تاچیناوێ"ی نزیك شاری شنۆ بوو. کە دواتر لەگەڵ ئەندامێکی چالاك و بە بیروباوەری دیکەی حیزب بە ناوی کاك حوسێن مەحموودیان ژیانی هاوبەشیان پێك هێنا. ئەویش وەك مێردەکەی لە ساڵی ٦٩وە لە تەشکیلاتی نهێنیی حیزب دا بە رووسووریو سەربەرزیەوە ئەرکی ئەندامەیتی خۆی جێبەجێ کرد. ئەو بنەماڵەیە بە دوای خۆپیشاندانە خوێناوییەکانی هاوینی دوو ساڵ لەمەوبەری شاری شنۆ، ناچار بوون ژیانی دەربەدەری هەڵبژێرنو لە نێو حیزبی دیموکراتو لە کەمپی جێژنیکان بگیرسێنەوە.

ڕۆژی پێنج شەممۆی ڕابردوو (٢٨ی بەفرانیار) تەرمی زارای جوانەمرگ لە لایەن هاوسەرەکەیو ژمارەیەکی زۆر لە هاورێیانی حیزبیمان لە کەمپی جێژنیکانو ژمارەیەك لە کوردە ئێرانییەکانی دانیشتووی کوردستانی عێراق - دەڤەری سۆران، بۆ سنووری حاجی عومەران گوێزرایەوەو ڕەوانەی نێو بنەماڵەو کەسوکاری لە شنۆ کرا تا لەوێ بە خاك بسپێردرێ.

خەڵکی دڵسۆزو حیزب دۆستی شنۆ بە هاودەردیو بە شداری بەرینی خۆیان لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنو سەرەخۆشی ئەو ژنە دیموکراتە دا، جارێکی دیکە هۆگریو خۆشەویستیی خۆیان بە حیزبی دیموکراتی کوردستانو خەباتو تێکۆشانی ڕۆڵەکانیان نیشان دایەوە کە شانازی بە هەڵوێستیان دەکەینو ڕێزو سپاسی بێ پایانی خۆمانیان پێ ڕادەگەیەنین.

بەڵام جێی داخە لە حاڵێك دا خەڵك لە ژێر زەبروزەنگ و فشاری کۆماری ئیسلامیدا بەم جۆرە توانیان هاودەردی نیشان بدەن، لە کەمپی جێژنیکان کە زۆرایەتییەکەی بە دەست هاوسەنگەرانی پێشوومانە، لە جیاتی ڕەچاو کردنی سەرەتاییترین ڕێوشوێنی ئینسانیو لە ڕۆژی بەڕێکردنەوەی تەرمی ئەو ژنە جوانەمەرگەدا، بە فەرمانی ئەندامانی سەرکردایەتیان لە دەرفەت کەلك وەردەگرنو هێرش دەبەنە سەر ئەو ژمارە کەمە لە پێشمەرگەکانمان کە لەوێ مابوونەوەو چەکیان دەکەن. دیارە هەر لە ڕۆژی پرسەو سەرەخۆشیدا چەندین ڕەفتارو هەڵسوکەوتی درزێوی دیکەی لەم چەشنە وەك بەرگرتنو بێحورمەتی بە میوانانی پرسەو سەرەخۆشی، هاندانی ژنو منداڵی خۆیان بۆ هێرش بردنە سەر بنکەکانی ئێمەو ئازار و ئەزیەتدانی منداڵانی قوتابیی ئێمەیان دووپات کردەوە. بەڵام بوونی هێزەکانی ئاسایشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو شوێنەو هەوڵی دڵسۆزانەو جێگای ڕێزی ئەوان، بە خۆشییەوە ڕێگای نەداوە پەلاماری فیزیکی بێتە پێشو چەکە داگیرکراوەکانیشیان لەوان ستاندۆتەوە.

لە قووڵایی دڵمانەوە،هاودەردیی لەگەڵ هاوڕێمان حوسێن مەحموودیانو هەر سێ جگەرگۆشەکەیو لەگەڵ بنەماڵەی هاوڕێی جوانەمەرگ زارا قاسمیو کەسوکاری ئەوانو خەڵکی شنۆ، ڕادەگەیەنینو خۆمان بە هاوبەشی خەمو پەژارەیان دەزانین. ڕێزو سپاسی زۆریشمان بۆ خەڵکی نەترسو دڵسۆزی شارو گوندەکانی شنۆو ناوچەکانی دەوروبەر کە بە هاودەردیی بەرینو گەرمو گوڕیان لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنو پرسەو سەرەخۆشیی خاتوو زارا قاسمیدا پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دیموکراتی کوردستانو خەباتە ڕەوایەکەی ڕاگەیاندوە.

# دیدارو چاوپێکەوتنەکانی شاندی حیزب لە شاری دیانای باشووری کوردستان

: ڕۆژی١٣٨٥/١٠/٢٩، شاندێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان جەلیل گادانی، محەممەد شەهرەوانو قادر محەممەد گوڵ بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی حیزبو چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیدارەکانی حکوومەتیو لایەنە سیاسییەکان سەردانی شاری دیانای باشووری کوردستانیان کرد. کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە شاندی حیزب کۆبوونەوەی بۆ زیاتر لە ٥٠ کەس لە ئەندامانی حیزب لەو شارەدا کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا هاوڕێ جەلیل گادانی وێڕای پێشکەش کردنی باسێکی تێروتەسەل لەسەر وەزعی گشتیی ناوچەکەو ئێرانو کوردستان، هۆکارەکانی لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ ئەندامانی حیزب شی کردەوە.

هەروەها ڕۆژی دواتر شاندی حیزب هاوڕێ لەگەڵ ئەندامانی بەڕێوەبەری کۆمیتەی حیزب لە دیانا سەردانی قایم مەقامیەتی دیاناو ئاسایشی گشتی، ڕێکخستنی تایبەتی پارتی دیموکراتی کورستان، لقی سۆرانی پارتیو مەڵبەندی سۆرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیان کرد. لە هەموو ئەو دیدارانەدا باس لە پێوەندییە دوولایەنەکان کراو شاندی حیزب ئەندامانی کومیتەی حیزبیان بە لایەنەکانی خانەخوێ ناساند.

# لە نێو بنکەو کەمپەکانی حیزبی دیموکرات دا چ ڕادەبرێ؟!

## (بۆ بەرچاوی بیروڕای گشتیو لایەنە پێوەندیدارەکان)

مانگو نیوێک لەمەوبەر ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سەرئەنجام کۆتایی بەدەورەیەکی درێژ لە چاوەڕوانیو هەوڵدانی بێئاکام بۆ گەڕاندنەوەی یەکیەتی و یەکڕیزی بۆ نێو حیزبی دیموکرات هێناو، ئەو لەتکردنەی باڵی دەسەڵاتدار بە کردەوە لە مێژ بوو بەسەر حیزبی دیموکراتیدا سەپاندبوو، بە ڕەسمی قەبووڵ کردو لە بەیاننامەیەک دا ڕای گەیاند کە لەمەودوا تێکۆشانی خۆی بە جیا لە قۆڵی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی درێژە پێدەدا.

لە بەیاننامەی کەمینەی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا گوترابوو ".....ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتو بەشێکی زۆر لە کادرو پێشمەرگەکانو بە سەدان بنەماڵەی تێکۆشەرانی حیزب لە کوردستانی عێراقو لە ژێر سێبەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دا دەژین کە لە هەموو کەمپەکان دا بنەماڵەکان تێکەڵو دراوسێی یەکترن. ئەم وەزعە تا پێش کۆنگرەی سێزدە زۆر سروشتیو لە دوای کۆنگرەش تا ئێستا بە هەر حاڵ "قابل تحمل" بووە. بەڵام ئێستا ئیدی هەموو شتێک پێویستیی بە لێک جیاکردنەوە هەیە. لەو پێوەندییەدا ئێمە لە لایەنی بەرامبەر داوا دەکەین هاوکاری بکا تا بە شێوەیەکی شارستانیانەو بێ کێشەو ناخۆشی لێک جیابینەوەو دوژمنان بە خۆمان خۆش نەکەین".

**ئەوان لەمێژە بۆ دژایەتی لەگەڵ موخالیفانو جیابیرانی خۆیان لە نێوحیزبدا، خۆیان لە پشت ناوی ڕێبەرانی شەهید بە تایبەتی دوکتور قاسملووی نەمردا حەشار داوە، ئایا لە خۆیان پرسیوە بە پەرەپێدانی فەرهەنگی چەقۆکێشیو جیابیرکوژی ئەویش لەنێو حیزبێکی سیاسیدا کە ناوی دێموکراتیشی لەسەر بێ، چ بێ حورمەتییەکی گەورە بەو ڕێبەرە شەهیدەو چ غەدرێکی گەورە لە حیزبێکە کە دوکتوور قاسملوو چەندین ساڵ ڕێبەری بوو؟**

هەر لەو بەیاننامەیەدا گوترابوو "بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەی ئارەزووی ئێمە ئەوان مل بەو کارە نەدەن، سروشتییە کە بەرپرسایەتیی ئەو کارە دەکەوێتە سەر شانی کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. هیوادارین هەم سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، هەم حکوومەتی هەرێمو هەم دوو حیزبی دۆستو برامان پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بەرپرسایەتیی نەتەوەییو ئەخلاقیی خۆیان لەو پێوەندییەدا بەجێ بێنن." لەو بەیاننامەیەدا هەروەها ئەو ئاواتە دەربرابوو کە "هەمووڵا جۆرێک ڕەفتار بکەن کە زەبر لە یەکیەتیی ڕیزەکانی خەڵکی کوردستان نەدرێو ئەگەر نەمان توانیوە لە نێو حیزبی دیموکراتێکی یەکچارچەدا هەوڵەکانمان وەسەر یەک بخەین، ڕێگای ئەوە کە لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی کوردستانیدا پێکەوە کار بکەین بەربەست نەکرێ."

لە ماوەی یەک مانگو نیوی ڕابردوودا، زۆر شت لە نێو بنکەو کەمپەکانی حیزبی دیموکرات دا ڕوویان داوە، کە بیروڕای گشتی لێیان ئاگادار نییە. هەر ئەم بێئاگابوونەی بیروڕای گشتی وای کردوە، بوار بۆ ڕووداوی دڵتەزێنو کارەساتی گەورە پێک بێو مەترسیی خولقاندنی ئەو ڕووداوانە کە خەڵکی کوردستانو مرۆڤە ژیرو بەرپرسەکانی نێو گۆڕەپانەکە لێیان نیگەرانن، لە هەموو کات زیاتر بێ.

### قسەو کردەوەی هەردوو لایەن لەو ماوەیەدا

ئەوانەی هەم تەبلیغاتو ڕاگەیاندنو ئەدەبیاتی هەر دوو لایەنی حیزبی دیموکراتیان لە دوای لەتبوونی ئەو حیزبەوە خستۆتە ژێرچاوەدێری، هەم لە نزیکەوە ئاگایان لە کردەوەو ڕەفتارو هەڵوێستو هەڵسوکەوتەکانی هەر دوولایەن هەیە، کۆمەڵێک ڕاستییان بۆ دەرکەوتوە.

بۆ وێنە بۆیان ڕوون بۆتەوە ئەو لایەنەی بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان، درێژە بە تێکۆشان دەدا، دژایەتی لەگەڵ هاوسەنگەرانی پێشوو بە کاری خۆی نازانێو، ئەگەر باسێکیشی لە کردەوەو ڕەفتاری لایەنی بەرامبەر کردوە، لە چوارچێوەی ڕوونکردنەوەی هۆیەکانی لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵەکانیان بۆ پێکەوە بوون دا بووە. زۆر لە وتەبێژەکانیان لە وتوویژو لێدوانەکانیان دا ئارەزوویان کردوە، ئەگەر ململانێو پێشبڕکێیەکیان لەگەڵ حیزبو ڕێکخراوەکانی دیکەو بە تایبەتی لایەنی دیکە لە حیزبی دیموکرات دەبێ، ململانێیەکی سالمو، ململانێ لەسەر خزمەتی پتر بە خەڵکو داهێنانی شتی نوێترو باشتر لە تێکۆشان دا بێ. ئەوان هەروا کە خۆیان بە درێژەی حیزبی دیموکرات و میراتگری شانازییەکانی زانیوە، هەر بەم جۆرەش سەیری لایەنی بەرامبەریان کردوەو تەنانەت سەرکەوتنی هاوسەنگەرانی پێشوویان لە جێبەجێکردنی ئەرکو ڕەسالەتە مێژوویییەکانی حیزبی دیموکرات دا بە ئاوات خواستوە. هەر لە ئێستاشەوە پێشوازییان لە پێوەندیی دۆستانەو هاوکاریو هاوخەباتی لەگەڵ ئەوان لە چوارچێوەیەکی کوردستانیدا کردوە. لە ڕەفتاری ڕۆژانەشیان دا ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان داوە تا ڕێز لە لایەنی بەرامبەر بگرن، قەڵسەیان لێنەگێڕنو ڕەوتی ڕووداوەکان بە ئاقاری لێک جیابوونەوەیەکی شارستانی بە کەمترین هەزینەوە بەرن. لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەکانی خۆشیان دا داوای لەسەرەخۆیی، بەسەرخۆدا زاڵبوونو دلفرەوانی بەرانبەر بە کردەوەو ڕەفتاری هێرشبەرانەو تێکەڵ بە سووکایەتیی لایەنی بەرامبەریان لە ئەندامانو لایەنگرانی خۆیان کردوە. قسەی دەرەوەو ژوورەوە، ئاشکراو نهێنیو گەورەو بچووکی ئەم لایەنە یەک قسە بووە، چ لە بارەی لایەنی بەرامبەرەوە، چ لە بارەی یەکیەتیو پارتیو هێزو ڕێکخراوەکانی دیکەوە. بە ڕوونی (شفاف) دواونو هیچ بوختانو تاوانێکی بەناهەقیان نەداوەتە پاڵ هیچ لایەنێکو، ئەم لەتبوونەیان وەک ئاکامی لۆژیکیو چاوەڕوانکراوی پاوانخوازیو ناهەقیی قۆڵی دەسەڵاتدار بەرانبەر بە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی حیزب ناساندوە، نەک هەبوونی دەستی دوژمنانێکی خەیاڵیو ناڕوون لە نێو کێشەکەدا. بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەو گرفتەکانی پێوەندیدار بە لێک جیابوونەوە، دوای دڵنیابوون لە نەبوونی نیازپاکیی لە لایەنی بەرامبەردا، مەرجەعێک بێجگە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانو دوو حیزبی دۆستو برا، پارتیو یەکیەتیو، ڕێوشوێنی دادپەروەرانەو ویژدانی گشتی، شک نەبردوەو، ئەوەی بیری لێنەکردبێتەوە، کەڵکوەرگرتن لە هێزی پێشمەرگەو، پشت بەستن بە زۆرو، توندوتیژیو ڕەفتارو کردەوەی ملهوڕانە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی ئەو ماوەیە بە قازانجی خۆی بووە.

بەڵام مەنتیقو تێگەیشتنی لایەنی بەرانبەر لە هەموو بوارەکان دا پێچەوانەیە. ئەوان تەنیا خۆیان بە حیزبی دیموکرات دەزاننو لایەنی بەرانبەر بە ناحیزبی! خۆیان هەموو حیزبی دیموکراتنو لایەنی بەرانبەر "چەند کەسێک کە لە حیزب چوون" (ڕۆیشتوون)! هەرچی سامانی مەعنەوییو ماددیی ئەم حیزبەیە، بۆخۆیانیان داناوە کە لایەنی بەرانبەریان بۆی نییە کەڵکیان لێوەربگرێ! ئەوان هەر بەو زمانە دەدوێن کە لە دوای کۆنگرەی سێزدە پێی دواون. یا تەسلیم یا ڕۆیشتن. ئێستا کە دوای ئەو هەموو چەرمەسەریو گوشارەی لەسەریان تاقی کرایەوە تەسلیم نەبوون، دەبێ بڕۆن. لە تەبلیغاتو ڕاگەیاندنیش دا، هەر ئەو قەوانە کۆنە لێدەدەنەوە کە جاران لێیان دەدا، بەڵام ڕاشکاوانەترو بەربڵاوتر. خۆیان بە درێژەدەری ڕێگای ڕێبەرانی شەهیدو، بەرامبەرەکەیان بە نەیاری هەمیشەیی ئەو ڕێبەرانە دەناسێنن تا بەڵکوو ڕەنگو ڕواڵەتێکی خەڵک پەسند بە هەوڵی چەندین ساڵەیان بۆ پاوانکردنی حیزبی دیموکرات بدەن. لە حاڵێکدا لاسایی نێوەرۆکی بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کردەوەو، باسی پێوەندیی سالم لە داهاتوویاندا کرد، وتارو بابەتی پڕ لە چەواشەکاریو پڕوپاگەندەی ژاراوییان بۆ تەشکیلاتی نهێنیی خۆیان ناردوە. بەگوێی کادرو پێشمەرگەو ئەندامانو لایەنگرانی خۆیان دا دەخوێنن کە وەک دوژمنو وەک خائین سەیری هاوسەنگەرانی پێشووو سەرانو ڕێبەرانیان بکەن. باسی هەوڵەکانی "دوو حیزبی دۆستو برا" بۆ پێشگیری لەو جیابوونەوە چەند کەسییە! دەکەن، بەڵام دەیان وتارو بابەتی خۆیان لە دژی بەناو دەستێوەردانی لایەنی دەرەکی لەبیر بردۆتەوە، یا نایانەوێ خەڵک بەو هەمووە دژایەتییەیان بزانێ کەئەوان لەگەڵ هاتوچۆو هەوڵو قسەی خێرخوازانەی پارتیو یەکیەتی کردیان. ئەو ئازایەتییە ئەخلاقیو سیاسییەیان نییە ئەو تاوانو بوختانانەی بە شێوەی نهێنیو بە هۆی کەسانی دیکەوە دەیدەنە پاڵ لایەنی بەرامبەر، بە زمانی خۆیانو بە ڕەسمی ڕای بگەیەنن. بۆ وێنە ئەگەر ڕاست دەکەن بۆچی ئەو لایەنە دوژمن بە حیزبی دیموکراتو نەتەوەی کورد کە گوایە لە پشت "حیزبی دیموکراتی کوردستان"ە، بە خەڵک ناناسێنن؟!

بۆ ئەوەی بتوانن هەموو شتەکان بەو جۆرە بنوێنن کە بۆخۆیان پێیان خۆشە، حەز دەکەن یەک لایەنە بدوێنو، نەک لە لایەنی بەرامبەر، بەڵکوو هیچ کەسێکی غەیری خۆیان پرسیاریان لێ نەکا نەوەک سیناریۆکەیان لێهەڵوەشێ. "ئەگەر پشتیوانەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان" کەسانی دیارو ناسراونو، نێوەرۆکی پەیامو هەڵوێستەکانیان شایەدی بۆ سروشتیو سەربەخۆبوونی پشتگیریو هاوپێوەندیی خاوەنەکانیان دەدا، هی ئەمان هەر لەو ژوورانەدا بەرهەم دەهێنرێن کە بەخشنامەو "دستورالعمل"ی ژاراوییان تێدا دەنووسرێو تێدا ڕەوانە دەکرێ. بۆیەش جاروبار شتی عەنتیکەیان لێ شین دەبێتەوەو وەدرۆ دەخرێتەوە.

### نیگەرانی لە داهاتوو بۆچی؟

سەرەڕای ئەم جۆرە پڕۆپاگەندەو هێرشە تەبلیغاتییە ناڕاستو ناڕەوایە، لە یەک مانگو نیوی ڕابردوودا، ڕەوتی ڕووداوەکان هاوتەریب لەگەڵ ویستو ئیددیعاکانی حیزبەکەی کاک مستەفا هیجریدا نەچۆتە پێش. لایەنی بەرامبەر بەو هۆیەوە کە ڕەگوریشەیەکی قووڵی لە حیزبی دیموکرات دا هەیە، بەو هۆیەوە کە ڕەواییو بەحەقبوونی خۆی لە زۆرینەی ڕێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٣، ئەگەر بە زیاتر نەزانێ، بە کەمتر نازانێ، بەو هۆیەوە کە لە ٥ کەمپی حیزبی دیموکرات لە خاکی هەرێم دا زۆرینەی ٣ کەمپی پێیە، بەو هۆیەوە کە ئۆردوویەک تێکۆشەری بە ئەزموونو لاوی خوێندەوارو ڕووناکبیری لە پشتەو، چونکە هەزاران ئەندامو لایەنگرو دڵسۆزی حیزبی دیموکرات بە کردەوە بە پێشوازییەوە هاتوون، ئەو جۆرە تەبلیغاتو هەوڵانە، هەنگاویان پێشل نەکردوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، شەپۆلێک لە هیواو چاوەڕوانیی بە پانتایی کوردستانو بەربڵاویی کوردەکانی هەندەران وەڕێ خستوە، سەرنجی بژاردەکانو توێژە ئاگاو ڕووناکبیرەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. بە پێچەوانەی ئیددیعاو چاوەڕوانییەکانی کاک مستەفا هیجریو ڕێبەرایەتیی حیزبەکەی، هیچ حیزبو ڕێکخراوێکی دۆستی حیزبی دێموکرات، سەبارەت بە ئەمان ڕووی لەوانە وەرنەگێڕاوە. سەرەڕای دەستبەسەرداگیرانی دارایی حیزبو گرنگترین ڕاگەیەنەکانی لەلایەن زۆرینەی ڕێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەوە، کاروتێکۆشانی جۆراوجۆری ئەم حیزبە لە کوردستانو دەرەوەی وڵات، لە گەشەو بەرەوپێشچوون دایەو دەری دەخا کە وزە و ورەو بیروباوەڕو پۆتانسیەلێکی گەورەی لەپشتە.

بەداخەوە زۆرینەی ڕێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدە، لەجیاتی دانانی بەم ڕاستیانەداو گرتنەپێشی سیاسەتو هەڵوێستی مەعقوول لە بەرامبەریان دا، وەک پێشوو ڕێگایەکی هەڵەی گرتۆتەبەر. دیسان مانەوەی خۆی لە نەبوونی بەرامبەرەکەیدا دەبینێ!

### بەرنامەی تازەو چەقۆکێش پەروەری!

زۆرینەی ڕێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٣ دەیەوێ بە زۆر و زەبر وزەنگ ئەم ڕاستییانە بگۆڕێ. دوای ئەوەی لە سیاسەتی "تطمیع" (تەماح وەبەرنان) دەستکەوتێکی ئەوتۆی نەبوو و نەیتوانی بە پوولو وەعدەی جۆراوجۆر بنەماڵەکانی لایەنی دیکە بۆلای خۆی ڕابکێشێو خۆی بکا بە زۆرینە، سیاسەتی "ترعیب" (تۆقاندن)ی گرتۆتەبەر. ئەوان بەکەلکی خراپ وەرگرتن لە نیاز پاکیی لایەنی بەرامبەرو بەسەرنجدان بە خەمساردیو جیددی نەبوونی کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم، ئەفرادی خۆیان بە چەقۆ، پەنجەبۆکسو چەکی ساردی دیکە، تەیار کردوە، لە دەستەی چەند کەسیدا ڕێکیان خستوون و، کەسانێکی دیار لەلایەنی بەرامبەریان بۆ دەستنیشان کردوون تا لە دەرفەتی گونجاوو لەو کاتانە دا کە بەتەنیا یا بە کەمی دەگەڕێن، یا لە شوێنێک کە خۆیان لە باری ژمارەوە لە لایەنی بەرامبەر زیاترن، هەڵدڕ هەڵدڕو شڕو وڕیان بکەن. بۆشەڕ هەڵایساندنیش زۆر بە جوانی دەرس دادراون .

**ئایا دەزانن ئاخیرو عاقیبەتی ئەم جۆرە هێرشو پەلامارە دڕندانە ئەویش لەنێو کۆمەڵێک بنکەو کەمپدا کە هەر دوولایەنی بە چەکەوە تێدا دەژین، خزمەت بە هیچ لایەک ناکاو ئەگەر لایەنی نیازپاک، خوانەکا هەزینەی گیانییشی بۆ بدا، ئەوە ئەو نییە دەدۆڕێ، بەڵکوو ئەو لایەنەکە کورتبینانەو نا بەرپرسیارانە دەجووڵێتەوەو ،بە ئەنقەست کارەسات دروست دەکا دەدۆڕێ؟**

پیسترین جوێن و قسەی ناشیرینو لاتاو بە کەسانی لایەنی بەرامبەر دەڵێن تا وەجواب بێنو بەچەندین کەس دایانپاچن .بۆ سووکایەتی کردن فەرق بە ژنو پیاو، پیرو لاوو گەورەو بچووک ناکەن. یا بەشێوەیەکی دنەدەرانە، و بە جلوبەرگی مغاویرییەوە ،بەئارایشی نیزامیو پەلاماردەرانە دێنو دەچنو هەڕەشە دەکەن. ڕێکخەرانی ئەم بەرنامە نوێیە، ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کۆمیتە ناوەندییەکەیانن کە لە ماڵو بنکەکانی بەستراوە بە خۆیان دا، ڕێنوێنیو دەستوورو ئیمکاناتی پێویست دەدەن بە دەستو پێوەندەکانیانو، بۆ شەڕەهەڵایساندنو ئاژاوەگێڕی

← ٨


حوسێن عەبدوڵڵازادە



خدر پاکدامەن (خدربەگ)


ئارەش زەمانی

**برووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

ئەدەب و هونەر
کوردستان
ژمارە: ٤٥٤ (١٢ی ڕێبەندان ١٣٨٥)

# ستایشی من بۆ دەسەڵاتداران



بەختیار عەلی

ئێوە گەلەك شۆخن، بەیانیان وەك پاساری ریقنە بە
سەر حەقیقەت دا دەکەن.
گەلەك مەزنن، شەوان وەك کوکوختی ریقنە بە سەر
تریفەدا دەکەن
ئەمە دیاریی ئێوەیە؛ میللەتێك بە سەد دەست لێتان
ڕادەکات.
نەتەوەیەك هەزار قاچ قەرز دەکات و دەچێتە ناو
هەزار ئاگر و
هەزار باڵ دەخوازێت و بە هەزار نینۆك بە
سەرزەمینی هەزار بێگانە دا دەڕوات.
میللەتێك خۆی بە هەزار ڕەشەبا و هەزار
جەنگەڵ و هەزار دەریا دەبەخشێت
گیرفانەکانی پڕ دەکا لە توتركی هەموو
میللەتانی تر. دەنوشتێتەوە بۆ هەزار
دەریاوان و دەلیل و ئەستێرە ناسی تر.
ئێوە واتان کرد بۆ یەکەمجار جەهەنەم لە
بەهەشت جوانتر بێت
دەریایەك لە خۆڵەمێشتان بۆ داناین و
گوتتان ئەمەیە روناکی.
لمتان بۆ کردینە کاس و گوتتان ئەمەیە
شەڕاب.
شەیتانتان بۆ ڕازاندینەوە و گوتتان
ئەمەیە خودا.
کینەتان دەخوارد داین و گوتتان ئەمەیە
ئازادی.
ئێوە واتان کرد بۆ یەکەمجار تاراوگە لە
ماڵ جوانتر بێت.
ئەمە خەڵاتی ئێوەیە، میللەتێك لە با
دەپارێتەوە دەریای لێ نزیك بکاتەوە
میللەتێك قیامەت بەکرێ دەگرێت،
مەحشەر زەخرەفە دەکات، تابووت
دەژمێرێت،
کفن بە سەر ئێوارەکاندا دابەش دەکات.
بە تلیاکی هەموو جەنگێك خۆشنوودە بە
حەشیشی هەموو کینەیەك ڕازییە.
ئێوە واتان کرد بۆ یەکەمجار شەیتان لە
خودا جوانتر بێت.

سەرچاوە: کتێبی ئاماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە

# ژوورەکەی تۆ

مارف ئاغایی

ژوورەکەی تۆ
لە نێو گەرووی پەنجەرەیەکی کراوەڕا
هەوای تازەی هەڵدەمشت و

ئەمن تەق
تەق
لە دەرگام دا
چاوەڕێ بووم

دەستێ دەرگام لێ بکاتەوە
دەستێکم دی
پەنجەرەش دادەخاتەوە.



شێرو پڵینگ بوو بە شەڕیان
کابریەکی ڕاوچی هاتو بەخۆڕایی
بە چنگ زگی یەکیان دڕی
کەوڵی هەردووکیانی کڕی

حەمەساڵە سووزەنی



# وێنە




لە ڕۆژنامەیەکدا وێنەیەکی ڕەش و سپی بڵاو کراوە کە لە وێنەکەدا ٣٠،٢٠ منداڵی چڵکن و سەر خڕ لە پاڵ یەکتری ڕاوەستابوون و لە ژێر وێنەکە نووسرابوو" هاووڵاتیانی خۆشەویست، ئەم وێنەیە لە ساڵی ١٣٤٠ لە قوتابخانەی " مێهران" کێشراوە، ئەوە وێنەی سێهەمی" الف"ە یان ئەگەر کەسێك هەیە و نەفەرێك لەو منداڵانە دەناسێتەوە و ئێستا هەواڵی لێی هەیە، داوا دەکەین ڕۆژی هەینی کاتژمێر ٤ی دوای نیوەڕۆ بێنە پارکی شار ژێر داربەڕووەکەی پاڵ حەوزەکە، با دوای ٤٥ ساڵ جارێکی دیکە لە دەوری یەکتری کۆببینەوە.

***

سەعات ٤ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی پارکی شار.

لە سەر کورسییەك پیاوێکی قەڵەوی تەمەن ٥٠ ساڵە دانیشتوە ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە و لەولاتریشەوە پیاوێکی دیکەی هەر لەو تەمەنەدا کە کامێرایەکی وێنەگری بەدەستەوەیە دانیشتوە. بێدەنگی تەواوی پارکی هەڵگرتووە، لەپڕ پیاوە ڕۆژنامە بە دەستەکە قاقایەك لێدەداو بێدەنگی دەشکێنێ. پیاوەکەی دیکە رووی تێدەکاو دەڵێ: چ بووە کاکە بۆ بە منیش ناڵێی با منیش پێ بکەنم. پیاوەکەی تر دەڵێ: وەڵڵاهی ڕاست و درۆ کاکە ئەوە ڕۆژنامەی چەند ڕۆژ لەوە پێشە کە ئەم وێنەیەی تێدا بڵاوبۆتەوە. " پاشان حاڵ و جەریانی وێنەکەی بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ئەمن دانەیەك لەو کەسانەی نێو ئەو وێنەیەم. ئاتۆخوا سەیریکە بزانە دەتوانی بمناسییەوە کامەیان منم. کابرا ڕۆژنامەکەی لێ وەردەگرێ و پاش هێندێك چاو گێڕان دەست لەسەر منداڵێکی خڕیلانە دادەگرێ و دەڵێ: ئەوە تۆ نی؟ کابرا قاقایەك دەکێشێ و دەڵێ: چاکت هەڵدا. کابراکەی دی دەڵێ دەی باشە ئێستا لەو کەسانە چەندەیان هاتوون، چەندیانت دیوەتەوە. پیاوەکە دەڵێ: بڕواکە ٢ سەعاتە لێرەم کەس نەهاتووە، نازانم پێشم وانیە کەسیان بێن، کاکە ئەوڕۆ گرفتارن پێیان ناکرێ و ئەمنیش ئەوڕۆ تەعتیلە بۆیە توانیومە بێم. جەنابت ئێستا خەریکی چی؟ من ئەلان مامۆستای زانکۆم. لەو کەسانەی نێو وێنەکە کامیان دەبینی ئێستا کەسیان دەناسی؟ ئائا... جاوەرە بۆت بڵێم وێنەکە دێنێتە پێشێ و یەك یەك نێویان دەڵێ و دەڵێ ئێستا خەریکی چین:ئەوەیان وا لە شانی ڕاستی منە ئەوە ناوی براییم بوو. پێمان دەکوت بلە قەیسی تو خواکەی ساڵی ٥٧، ٥٨ بوو بە پێشمەرگەو لە شەڕێکدا بە شێوەیەکی قارەمانانە شەهید کرا. ئەوەش والە دەستی چەپی منە نێوی ڕەزا بوو. ١٨٠ دەرەجە بە پێچەوانەی ئەوی دی. ئەوە باوکی ساواکی بوو بۆ خۆشی هەر لەو ساڵانەی ئینقلابدا سەربازی ئەرتەش بوو خودا عافووی کا ئەویش کوژرا. ئەوەیان جەماڵە ئەوە مێشکی کلاسەکەمان بوو دوای ئینقلاب ڕۆیشت بۆ خاریج. پێ دەکەنێ و دەڵێ: ئەو هەمیشە بە سۆبەکەی کلاس تەپڵی لێدەدا. دواتریش هەر بوو بە گۆرانی بێژ. ئەوەیان عەبووە ئێستا دووکانی بەزازیی هەیە هەر لەسەر ئەو چوارڕایەی ئێرەیە. ئەوەیان سیامەکە. پێمان دەکوت سیا چڵکن ئەو چەپەڵە چاچا چاوی لێ بکە دەوەڵڵا ئەلان جێنتەلمەنی وەك خۆی کەمە ئەلان دوکتورە. خولاسە پێیاندا هات یەك یەك ناوی بردن، ئەوە حەمەیە ئەو ساڵ مرد. کوتم ڕەنگ بێ ئەوڕۆ کوڕەکەی بێت بۆ ئێرە. ئەوە سۆرانە جوانەمەرگ بوو. ژنەکەی شووی کردۆتەوە. ئەوە ئەوەیان... پاشان کە نێوی هەموویان بێ ئەوەی کە کەسێکی لەبیر چووبێ دەڵێ و دوایەش دەڵێ: ئەوە ئاخر ڕۆژی قوتابخانە بوو تەواو بووین و هاوین داهات. تو خواکەی تەنیا ١٠ کەسمان لەو وێنەیەمان وەبەر کەوت. بەڵام من لە سندووقێکم هاویشتوە و بە دەیان ساڵە نەم دیوەتەوە. بەراستی ئەوڕۆ بیرەوەریم زۆر وەبیر هاتەوە بریا ئەو کوڕانەی کەش هاتبایەن. پیاوەکەی دی دەڵێ: دەی باشە کاکە کیان ئەمن دەبێ بڕۆم بەڵام پێش ڕۆیشتنم با بڵێم ئەمن کارم وێنە گرتنە، ئەگەر پێت خۆشە لێرەو لەو شوێنە کە ئەو هەموو بیرەوەریەت وەبیر کەوتەوە چەند وێنەیەکت بگرم با ئەوەش دواڕۆژ وەبیر کەوتنەکەی ئەوەندە دڵت خۆش بکا. کابرا دەڵێ: دەوەڵڵا زۆر پیاوانەیە مەمنونت دەبم کاکە ئەگەر هەر لەسەر ئەو کورسیەو بەو ڕۆژنامەیەوە چەند وێنەیەکم بگری پاشان کابرای وێنەگر بە چەند شێوە وێنەی دەگرێ و دەڵێ بۆ خۆم سبەینێ بۆت دەنێرمە شوێنی کارەکەت بەڵام پێش ڕۆیشتنم پرسیارێك: فەرموو: جەنابت ناوی تەواوی ئەو منداڵانەت کوت تاریخ و سەعاتی ئەو ڕۆژە، شوغڵی تەواوی ئەو کوڕانە و تەنانەت کوتت کە چەن کەستان لەو وێنەیەتان وەگیر کەوتەوە بەڵام مامۆستای زانکۆی ئێستاو عەلی قوچەلی ئەو سەردەمی خۆمان ئەمن کە ئەو وێنەیەم گرتوە ئاوا دەبێ لە بیر بچمەوە؟ ڕێبوار ئەوە بۆ خۆتی!!!؟

ناسر ڕەسووڵی



# فەلسەفەی زمان

## "دوو فەلسەفەی ویتگێنشتاین"

**وتووێژ لەگەڵ: ئانتۆنی کوئین تێن براین مەگی**

**وەرگێڕانی: ئیسماعیل زارعی**

**بەشی یەکەم**

**گفتوگۆ**

**مەگی:** *ناملیکە* کتێبێکی لە رادەبەدەر کورتی کەمتر لە هەشتا لاپەڕەیە کە چاپکراوە. دەکرێ بفەرمووی وینگێنشتاین دەیەویست لەودا وڵامی وڵامی کام پرسگەلی سەرەکی بداتەوە؟

**کوئین تێن:** پێم وایە بکرێ بە ئاماژەکردن بەو واتایە پرسی بنەڕەتی و سەرەکیی ئەو باس بکرێ کە: زمان بە چ شێوەیەك دەچێتە ناو چوارچێوەی لوان و شیمانەوە؟ چۆن دەکرێ بۆ گەیشتن بەو شتەی کە وەك ویتگێنشتاین دەڵێ مەبەستی سەرەکییە کەڵك لە زمان وەربگرین، واتە وێناکردنی جیهان و باسکردنی کاروباری واقیع و باس کردن لەوە کە چ شتێك راستە و (ئەگەر هاتوو سەرکەوتوو بوو) چ شتێکیش درۆیە.

**مەگی:** وێدەچێ زۆرێك لە خەڵکی زوو لەوە تێنەگەن کە خۆی بۆچی ئەو شتە پرسە. پێمان خۆشە بزانین بۆچی دەبێ ئێمە بوونی زمان بە بێ هیچ شك و گومانێك بە حاشاهەڵنەگر بزانین. بۆچی بوونی زمان لە زاتی خۆیدا پرسی فەلسەفی بخولقێنێ؟


**کوئین تێن:** عەزرت بکەم، ئەگەر کەسێك کەم و زۆر بە چاوێکی رێژەییەوە لە جیهان بڕوانێ، دەبینێ زۆر شت بە پێی پێوەندی هۆ و بەرهۆ لەگەڵ یەکتری دا کارلێك و کارلێکی پێچەوانەیان هەیە. بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە*، مانگ کاریگەری لە سەر هەستان و نیشتنەوەی دەریاکان هەیە و هەر بەمشێوەیە هەتا دوایی. بەڵام لە هێندێك شوێنی دنیادا، ئەم دیاردە سەرسووڕهێنەرە هەیە کە توخمەکانی خۆیان بە شێوەیەکی نوێنەری عەقڵانی یان دووبارەنوێنی توخمەکانی دیکەن. ئەو شتەی مرۆڤ لە تەنە رەهاکانی دیکە جیا دەکاتەوە و پێکهاتەی زاتی و دەروونیمان پێك دێنن، کەڵك وەرگرتن لە زمان و تێگەیشتنی زمانە. هەڵبەت نەك هەموو، بەڵکوو زۆربەی پێوەندیی و تێگەیشتنەکانمان لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی خۆمان لە رێگای زمانەوە ئەنجام دەدرێ. بە بڕوای من، پرسیاری ویتگێنشتاین یەکێك لەو پرسیارانەیە کە زۆر روونە کەم کەس لە خەڵکی زەحمەتی گەلاڵەکردن یا پرسینی بە خۆی دەدا، واتە وەك نیوتن کە بە شێوەیەکی جیددی پرسی بۆچی هەرکام لە هەسارەکان بۆ لایەکی دیکە ناچن و بۆچی کاتێك بەرد لە دەست دەبێتەوە دەکەوێتە سەر زەوی. پرسیاری ویتگێنشتاینیش هەر هەمان چییەتی ساکار و سەرەتایی و بنەڕەتی هەیە.

**مەگی:** بڕوانە بزانە دەکرێ بەمشێوەیە باسی پرسەکە بکرێ کە ئێمەی مرۆڤ دەتوانین بیر لەو شتانە بکەینەوە کە لای ئێمە ئامادە نین و بوونیان نیە و لە سەر ئەوانە لە یەکتری تێبگەین و دواجار، لەگەڵ هەموو جۆرە رێگایەك لەگەڵیان دا رابێین. یەکێك لەو شتانەی کە ئەم شتە لواو دەکا ئەوەیە کە ئێمە زمانمان لە بەر دەست دایە و ئەوەش ئەو دوو کۆمەڵە پرسیارە دێنێتە پێش. یەکەم، چ پێوەندییەك لە نێوان زمان و دنیادا هەیە؟ دووهەم، زمان و رامان چ پێوەندییەکیان پێکەوە هەیە؟ پێم وایە لەگەڵم هاوڕا بی کە ئەم دوو پرسیارە لە رەهەندی مەبەستی ***ناملیکە*** [ویتگێنشتاین]ی دا لایەنی سەرەکییان هەیە.

**کوئین تێن:** بەڵێ، راستە. پێشتر خەڵك بە وردی سەبارەت بەم دیاردەگەلە پرسیاریان کردوە. ناملیکە بەم هۆیەوە هێندە شەیداکەرە کە ئەم پرسیارانە بە گشتی ترین و هەمەگیرترین شێوە دێنێتە بەرباس. ویتگێنشتاین وڵامی بۆ هەر دوو ئەو پرسیارانە هەیە کە پرسیتن. یەکەم وڵام ئەوەیە (کە لە یەکەم نیگادا هێندە پڕبایەخ نیە) زمان، دنیا بە هۆی وێناکردنی نیشان دەدا یان دەینوێنێ. ویتگێنشتاین دەڵێ گوتەزاکان[6] وێنای دیاردە راستەقینەکانن. دووهەم ئەوەیە کە گوتەزاکان روونکەرەوە و نیشاندەری هزرن، ئامرازی [گواستنەوەی] بیرۆکەن، چتگەلێکن کە بەوان بیر دەکەینەوە.

**مەگی:** ئەم نیسکە دیوێکی دیکەشی هەیە*، واش نیە؟ ویتگێنشتاین دەیهەویست دیاری بکا کە دەکرێ بە چ مەبەستێك زمان کەڵکی لێوەرگیرێ و ناکرێ بە شێوەیەکی شیاوی تێگەیشتن کەڵکی لێوەرگیرێ، کاکڵەی ئەم وتەیە بوونی پرۆگرامێکە بۆ دیاریکردن و وەلانانی کارایی و کەڵکە ناڕەواکانی زمان. ئەو لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە روونی بکاتەوە کە نەتەنیا زمان کام کارانەی لە دەستی دێ، بەڵکوو ناتوانێ چ کارێکی لەدەست نایە.

**کوئین تێن:** ئەمە یەکێك لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی گشتی ئەو کار و چالاکیە بوو، رەنگە لایەنێك بێ کە بەرینترین و زۆرترین کاریگەری هەبووە. ویتگێنشتاین بە پێداگرییەوە دەیگوت ئاستی زمان بە روونی شیاوی باسکردنە. ئەم وتەیەی ئەو لە سەر ئەم پێویستییە دەهات کە زمان خۆی لە خۆیدا — و دووپاتی دەکەمەوە — بە واتای راستەقینە خاوەنی تایبەتمەندیگەلێکی وێناییە. شتێکی سەیر دەگێڕنەوە کە رۆژێك ویتگێنشتاین بیستی (پێم وابێ لە یەکێك لە دادگاکانی فەڕانسەدا بوو) بۆ نیشاندانی ئەو رووداوەی کە لە سەر شەقام روویداوە کەڵك لە کرۆکی وەردەگرن و وەکوو ئارشیمیدێس کە هاواری کرد Eureka ["دۆزیمەوە"]، گوتی: "ئێستا دەزانم، ماکەی زمان واتە هەر ئەمە!" باوەڕبوون بەوە گەلێك بەرتەسکی بۆ زمان پێکهێنا، بەو واتایە کە دەبوو زمان وەکوو ئاوێنە دەقا و دەق دۆخ و شێوەی تەنەکان نیشان بدا، کە هەڵبەت سنوورێکی یەکجار دیاریکراو بۆ ئەو شتەی کە بکرێ بیڵێین پێك دێنێ. بە تایبەتی ویتگێنشتاین باوەڕی بەوە هێنا کە ناکرێ خودی پێوەندی زمان لەگەڵ دنیا بە شێوەیەکی سوودمەندی واتا



ویتگێنشتاین

لەگەڵ زمان نیشان بدەین یان بە یارمەتی ئەو بکرێ باسی زمان بکەین.

**مەگی:** زۆرجار تیۆری ویتگێنشتاین بە "تیۆری وێناکردنی واتا[7]" ناوزەد دەکەن، و رەنگە تۆش پێداگری لە سەر ئەوە بکەی کە دەیوست بەمشێوەیە کەڵك لە وتەکەی ئەو وەرگیرێ کە زمان بە **واتای راستەقینە** خاوەنی تایبەتمەندیگەلێکی وێناییە. پێم وایە تێگەیشتنی ئەم بابەتە بۆ زۆربەی خەڵکی ئەستەمە کە بە چ واتایەك رستە ئیمکانی ئەوەی هەیە وێناکەری فیسارە دیاردەی واقیع بێ، و لە بنەڕەت دا چۆن دەکرێ وێنای شتێك، واتە پارچەیەك بێ لە راستی. دەکرێ لەمبارەوە شیکردنەوە بدەی؟

**کوئین تێن:** عەرزت بکەم، بە بڕوای من، مەبەستی ئەو ئەوەیە کە هەرچەندە رستەکانی زمانی ئاسایی لە وێنا یان وێنەیە(رەسم)ێك ناچن، بەڵام ئەگەر لە بنەڕەت دا واتایەکیان هەیە، دەبێ بە کۆمەڵێك رستەی سەرەتایی بکرێ شی و شرۆڤە بکرێن کە ئەو رستانە بەڕاستی لە زنجیرەیەك وێنە پێك بێن، واتە لە کۆمەڵێك لەو ناوانەی کە پێوەندییەکی راستەوخۆیان لەگەڵ ئەو شتانەدا هەیە کە سەبارەت بەوان قسە دەکەین، ریزی ناو لەواندا وەکوو ئاوێنە ریزی تەنەکان نیشان بدا.

**مەگی:** ئیزن بدە، با لەوە دڵنیا بین کە بابەتەکە تەواو روون بۆتەوە. ویتگێنشتاین لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە ئەگەر تۆ هەر وتەیەك سەبارەت بە دنیا راڤە بکەی، دەتوانی ئەوان بۆ سەر وشەگەلێك بگەڕێنییەوە کە بە ناوی شتەکان دێنە هەژماردن و، پێوەندییەکی پێکهاتوو لە نێوان لەبزو دەربڕینەکان لە رستەکان دا لەگەڵ پێوەندی نێوان شتەکان لە جیهان دا هاوچەشن دەبێ، بەمشێوەیە رستە دەتوانێ جیهان وێنا بکا.

**کوئین تێن:** راستە، ئەو پێشەکی ئەم بەڵگاندنەی بە بەرزتربوون یان یەکەمین بنەماکان[8] دانابوو و دەیگوت ئەم ئەنجامە لەو مەرجەی کە کردوویەتی پێك دێ، بەو واتایە کە هەموو گوتەزا یان دیاردەیەك دەبێ واتایەکی روونی هەبێ، و هیچ دیاردەیەك ناتوانێ چەمك و واتایەکی دیاری هەبێ مەگین ئەوەی کە بێگومان دەبێ لەم دیاردەگەلە وێناییە بنەڕەتانە پێك بێ. گەلێك فەیلەسووفی دیکەی لە ژێر کاریگەری ئەودا نموونەگەلێکی لەو چەشنەیان هێناوەتەوە، بەڵام ئەو خۆی یەکسەرە خۆی لە نموونە هێنانەوە دەبوێرێ و تەنیا دەڵێ دەکرێ ئەوە بسەلمێنین کە دەبێ گوتەزاکان لەم دواین وێناییە بن.

# حیکایەتی کۆچەرییەکان


**عەلی بداغی**

چۆن لە دایك بوونم باش نازانم، هەر ئەوەندەی چرکەساتەکانی فڕینی دوو ئەویندار لە ئاسمانی حەزی ژیانو، چۆن گەورە بوونیشم سات بە ساتی چیرۆکی مەنفایییەکی هەڵوەدای جوانی... تاسەبارێکی هەردەم کۆچەریو رێبوارێکی هەگبە لە شان، هەگبەی ئاواتو خۆزیای چاونەپشکوتوو.....

کاتێ منداڵ بووم، ئێرەییم بە کوڕە گۆشتنەکەی دراوسێمان دەبرد کە لە باوەش دایکیدا پێم پێدەکەنی، چ ژانێك کە هەردەم خەونم بە بۆنی هەناسەو سینگو بەرۆكو شکۆفەی ماچی بلاوێنی دایکمەوە دەدیو تامەزرۆی پیاسەیەکی نێو گەڕەك لەگەڵ دایکم بووم، بەڵام مخابن نا، کەچی چ بکەم باوکم لە من دوور بووو دایکیشم کفتو ماندووو لە کاری تاقەت پڕووکێنی رۆژانەی، هێزی لە ئامێز گرتنی منی نەبوو....

چ زوو گەورە بووینو راهاتین کەلە کۆڵانەکانی شار بە تەنیشت منداڵانی بەختەوەردا تێپەڕینو پڕ بە گەروو هاوار بکەین، مەشکەفی، و وەرە مەشکەفی بۆ بامیەو لوقمە قازی..

گەورەتر بوومو ئەمجارەیان خولیاکانم لە هەرێمی تەسکی پێکەنینێك، بەرەو فڕینێك کەوتنە "فرکە باڵێ سەیر" تیشکی خۆرەتاوی ئاسمانی نیشتمانم وا لە بەندو منالانی بەستەزمانی خۆزیاکانیشم پەپوولە



ئاسا هەڵدەوەرێن.... شەختە پڕ بە گەرووی گوڵو گەڵا هەڵدەلووشێو دوورە زۆر دوور خاکە لێوە، بەڵام هەر دێ بڵێسەی نەورۆز.....

گەورەتر بوومو چیام ناسیبووو سیماو قەڵافەتی چیایییەکان تابلۆیەك بوو سەوز لە ژووری دڵی بێئۆقرەمو فڕینو خۆشیی بەرەو لوتکەسەرتۆپی گشت خەونەکانم، کەچی خۆشەویستیی پیرە دایکێکی رەنجەرۆ کە دڵی گۆرستانی ئاواتەکانیەتیو ئەوینی کیژێکی رەزا سووك کە هەموو حەزو تاسەو خۆزیای ژیانی لە تابلۆی شێعرەکانم دا دەدیتەوە، شلیان کرد بوو هەنگاوەکانی بەرەو چیام. بەڵام ورکەکەی من گڕکانێك بوو بە ساڵاچووو شێتو یاخی، ئۆقرەی نەبوو بۆ هەڵچوون، هەنگاوەکانم خولیای باوەشی مانای بۆ شێعری نەنووسراوم گرتبوۆە، وشەی پێشمەرگە....

دەمەو ئێوارێ لای دایکم بووم، بەدەم ماچکردنی تەوێڵە چرچنو خوێن تێچزاوەکەی چپاندمە گوێی حیکایەتی سەفەری ئەم جارەشم. سەری ماندووی بەرز کردەوەو روانی لە بەژنی منو باڵای خەیاڵی کە بردبوویەوە. لافاوێکم دی لەنێوخۆی دا پەنگی خواردبۆوەو دەشکایەوەو ئەمن بینیم چزووی ژانێ لە ناخیدا.....

سەرم نابۆ سەر سینگی. وەك منالێك کە دەمی برسیی لە نێو سینگو بەرۆکی دایکی دادەگیرێو پیرە لاوێ بووم کە لە دواکاتی ماڵاوایی بمهەوێ خۆزیایەکی نێژراو لە ناخم دا زیندوو کەمەوە. لێوی بەباری بزووتو دوایین پەیڤی منیش شێعرێ بوو هەر لە پەسنی خۆی. فرمێسکی بێ هەوداو بزەی تاڵی لێوانی تابلۆیەك بۆ هەرمانی یادو ژیانەوەی تا هەتایە.

فرمێسکی بۆ لێك دابڕانمان هەڵ دەڕشتو بە شێعرەکەم پێدەکەنی. پێکەنینێك خەمینتر لە قوڵپەی گریانو مەرگەسات تر لە نغرۆ بوونی خەونەکانی.... ئاخر وشە بە وشەی شێعرەکانم شەوەژانی خەونە وەدینەهاتووەکانی هەڕەتی لاوێتی دایکمو دەستە خوشکانیو پەیڤ پەیڤی ئەم بەستەیەم گۆرانییەکانی سەردەمی هەرزەکاری باوکمو هەڤاڵانی بوو ....

لەگەڵ ژانی زامێکی نوێو بەستەڵەکی هیواکانی بە جێم هێشتو بەرەو دوا ژوانم کەوتمە رێ....

بەتەنێ لەسەر دار تەونەکەی دانیشتبوو. یەکەبەیەکەی ئاواتەکانی لە تانو پۆی تەونەکەی دەهاڵاندو دەیهۆندنەوە. بە ئەسپایی لە تەنیشتی دانیشتم. جانتای سەفەر هەموو شتێکی لە قاو دابوو. "بەر لە ماڵاوایییە ئازیزەکەم...." لە خۆڕا دەیویست لەرزینی دەستەکانی بشارێتەوە.

نیگام لە چاوەکانی ئاڵقاندو بە روخساریدا شۆڕ بوومەوە. هیچ نەشەمزا بوو، دەتگووت تەمەنێ لەگەڵ ئەم ساتە ژیاوە. نیگای پڕ لە تکاو پاڕانەوەی بڕیبوە چاوەکانمو منیش لەبەر دەم کاولاشی خۆشەویستییەك دا چۆکم دادابوو و بە نەرمی حیکایەتی عەشقم بۆ دەگێڕاوە:

"بانگم دەکەن تۆ نابیسی، رامدەکێشن تۆ نابینی .... هەناسەی ساردی پیرە دایکانی سك سووتاو، بێ ئۆقرەیی باوکانی پشت چەماوی رۆڵە کوژراو، لێزمەی فرمێسکی منالانی بێنازو دایکە رەش پۆشەکانیان، تروسکەی نیگای دڵمەندو بێ هەودای دڵدارانی چاوەڕوانو شەپۆلی گرکانی هەڵچووی ناخو دەروون بەرەو چیا دەمنوسنەوە، دەمخوێننەوە..."

هەنسکەهەنیسکی بوو بە گریان:" دەگریم دەگریم بۆ ئەو مەرگە خەونانەی چەندە ساکار لە باوەشیان دا دەمدی بەهارێکی ئەرخەوان، منیش وەك هەموو دڵدارانی چاوەڕوان، بڕۆ ئەگەرچی باش دەزانم ئەوانەی دەڕۆن ناگەڕێنەوە، تۆ دەرۆییو لێم ون دەبیو دڵنیاشم ونبووەکانی ئەم هەرێمە نادۆزرێنەوە..."

لە باوەش یەکتری هاتبووینە دەر. یادگارەکانی شار لە پشت سەرمومنیش روو لە هەوار. ملی رێگەیەکم گرتبوو رووەو چیاو هەموو بیرم چیایی بوون. ماندووو شەکەت لە خەیاڵی دوورو دڵەکوتەی تۆ بڵێی کۆچەریەکان منیش لە کاروانی خۆیان دا جێبکەنەوە.

کاتێ بۆ ساتێ لە بیری ئاڵۆزم بوومەوەو ئاوڕێکم بۆ دواوە داوە، لە مێژبوو سنووری ناسنوورم بەزاندبوو. ...

# یادی ٦١ ساڵەی کۆماری کوردستان لە هەولێر لەلایەن ناوەندی "خۆرهەڵاتی نوێ بۆ دێموکراسی"




پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە( ٢ی ڕێبەندانی٨٥) بۆ ڕێزگرتن لە یادی ٦١ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، بەدەسپێشخەریی ناوەندی"خۆلاهەڵاتی نوێ بۆ دێموکراسی" و بە هاوکاریی وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێورەسمێکی بەشکۆ بەڕێوە چوو.

ئەم ڕێوڕەسمە کە لە هۆڵی"ڕۆشنبیری" شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و بۆ ماوەی ٢ کاتژمێر بەڕێوە چوو، سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ساتێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی کوردو کوردستان دەستی بە کارەکانی کرد.

پاشان پەیامی ناوەندی"خۆرهەڵاتی نوێ بۆ دێموکراسی" لە لایەن کاك حسام دەست پیش یەکێك لە ئەندامانی ناوەندەوە خوێندرایەوە.

دوای پەیامی ناوەندی "خۆرهەڵاتی نوێ بۆ دێموکراسی"، کازم کۆیی شاعیر وێڕای خوێندنەوەی دوو کۆپلە شێعر، سەبارەت بە شیعری "ئەی ڕەقیب"ی یونس ڕەئوف دڵدار، ڕوونکردنەوەیەکی پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا، پرۆفیسۆر دوکتور عەباس وەلی، بەرپرسی زانکۆی "کوردستان" لە شاری هەولێر، باسێکی زانستیی لە سەر هێندێك لایەنی وەك: باری ئابووری، جوغرافیو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆماری کوردستان پێشکەش کرد.

خوێندنەوەی ئەو پەیام و برووسکانەی کە بە بۆنەی یادی ٦١ ساڵەی کۆماری کوردستانەوە، لە لایەن حیزب و لایەن و ناوەندە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوەو یەك لەوان حیزبی دیموکراتی کوردستان، بۆ ڕێورەسمەکە هاتبوون، بەشیکی دیکەی بەرنامەکانی بە خۆوە گرت.

دوایین بڕگەی بەرنامەکانی ئەم ڕێورەسمە، پێشکەش کردنی چەند سروودو گۆرانییەك بوون کە بە دەنگی هونەرمەند محەممەد تەها ئاکرێی پێشکەش کرا.

شایانی باسە کە لە سەر بانگهێشتنی ناوەندی"خۆرهەڵاتی نوێ بۆ دێموکراسی"، هەیئەتێك لە لایەن"حیزبی دیموکراتی کوردستان"ەوە، بە سەرپەرشتی بەڕێز کاك سمایل بازیار، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بەشداری ئەم ڕێورەسمە بوون. ▪

# لە کونفرانسێکی چاپەمەنی دا لە سلێمانی، تیشك خرایە سەر ڕووداوەکانی ئەم دوایییانەی نێو کەمپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان



کاتژمێر ٢/٥ی پاشنیوەڕۆی یەك شەممە ٢٨ی ژانویەی ٢٠٠٧، (٨ی ڕێبەندانی) کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنوسی بۆ تیشك خستنە سەر ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی نێو بنکەو کەمپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هوتێل ئاشتی لە شاری سلێمانی پێك هات. لەم کونفرانسە ڕۆژنامەنووسییەدا کە ڕۆژنامەنووس مەحموود شێرزاد بەڕێوەی برد، سەرەتا کاك قادر وریا یەکێك لە بەرپرسانی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانو کاك ڕامبود لوتفپووری نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی، باسێکی کورتیان لەبارەی ڕەوتی ڕووداوەکان لەدوای لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو بارودۆخی ئەم دواییانەی نێو بنکەو کەمپەکانی حیزبی دیموکرات پێشکێش کرد. لەم کونفرانسە ڕۆژنامەنووسییەدا بێجگە لە نوێنەرانو پەیامنێرانی زیاتر لە ٢٠ ڕاگەیاندنی کوردی وەك تەلەویزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامەو ماڵپەڕی ئینترنێتی، ژمارەیەك لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە هێرشو پەلاماری بەرنامە بۆ دانراوی لایەنی بەرامبەر دا بە چەقۆو چەکی ساردی دیکە بریندار ببوون، بەشدار بوون.

دوای ئەوەی دەرگای پرسیار بەرووی پەیامنێران دا کرایەوە، چەندین پرسیار لە بواری جۆراوجۆر دا بەرەورووی هاوڕێیان قادر وریاو ڕامبود لوتفپووری کرانەوە. هۆیەکانی لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، جیاوازیی سەرەکیی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانو لایەنی بەرامبەری، ڕۆڵی حیزبە گەورەکانی هەرێمی کوردستان لە کێشەی نێوخۆیی حیزبی دیموکراتو لەتبوونی ئەو حیزبەدا، ڕوانینی حیزبی دیموکرات لەبارەی ئەگەری پەلاماری ئەمریکا بۆسەر ئێران، هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەباری پێکهاتنی بەرە لە هێزو کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕوانینی حیزب بۆ مەسەلەی نەتەوایەتیو هاوکاریی نێوان هێزە کوردەکان، ئەنجامی هەوڵەکان بۆ لێك جیا کردنەوەی بنکەو بارەگاکان، چۆنیەتی ئەو هێرشو پەلامارو تێکهەڵچوونانەی لەم یەك دوو حەوتووی ڕابردوودا ڕوویان داوە، نێوەڕۆکی بەشێك لەو پرسیارو وەڵامانەیان پێك دێنا کە لەم کونفرانسە ڕۆژنامەنووسییەدا هاتنە گۆڕێ.

بەڕێزان ڕامبود لوتفپوریو قادر وریا لە وەڵامەکانیان دا، ڕوونیان کردەوە کە لەتبوونی حیزبی دیموکرات بەرهەمی ململانێی دووجۆر عەقڵییەتو بیرکردنەوەی جیاواز بوو، بیرکردنەوەیەك کە یەکیەتیی حیزبی دیموکراتو پێکەوە حاوانەوەی جۆراوجۆرییەکان لەسەر بناغەی ڕێزگرتن لە یەکتری دەویست، بیرکردنەوەکەی دیکەش هەوڵی یەکدەست کردنی ئەم حیزبەی دەداو هەرکەس وەك خۆی بیری نەکردباوە دەیخستە پەراوێزەوە. زاڵبوونی ئەم جۆرە عەقڵییەتو بیرکردنەوەیە وای کرد لە دوای کۆنگرەی سێزدەوە، حیزب بە کردەوە دابەش بێتە سەر دوو بەشی خۆمانەو بێگانە. بە داخەوە هەوڵەکانی کەمایەتیی ڕێبەریی حیزبو دۆستانو دڵسۆزانی حیزبی دیموکراتیش بۆ ئەوەی ئەم عەقڵیەتە بەخۆی دا بێتەوە، بێئاکام مایەوە.

هەر دوو بەرپرسی حیزبی دیموکرات لەم کۆنفرانسە ڕۆژنامەنووسییەدا، ئەو ڕاستییەیان دووپات کردەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دوای لەتبوونیش بەردەوام پێی لەسەر ئەوە داگرتوە کە ئەم دوو لایەنە ئەگەر نەیان توانیوە پێکەوە لە حیزبێك دا کار بکەن، پێویستەو دەکرێ لە چوارچێوەیەکی گەورەتردا هاوخەبات بنو دەبێ کارێك بکەن کەڵێن نەکەوێتە یەکیەتیی ڕیزەکانی خەڵکی کوردستان. بەڵام لایەنی بەرامبەر بەداخەوە بوونی خۆی لە نەبوونی ئەوان دا دیوە، بۆیە شانبەشانی تەبلیغاتی ژاراوی لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان پەنای بردۆتە بەر زنجیرەیەك هێرشو پەلاماری بەرنامە بۆدانراو کە لەوان دا چەقۆو چەکی ساردی دیکە بەکار هاتوە. لەم بارەیەوە کۆمەڵێك زانیارییان خستە ڕوو کە دەری خست ئەم پەلامارانە یەك لایەنە بوونو لە ئاستی بەرزدا بەرنامەیان بۆ دانراوە، هەر بۆیەش بریندارو لێدراوەکان لە حیزبی دیموکراتی کوردستانو چەقووەشێنو چەقۆ لێگیراوو دەستگیرکراوەکان هەموویان لە لایەنی بەرامبەرن.

لەو بارەوە هەر دوو بەرپرسی حیزبی دیموکراتی کوردستان گوتیان ئێمە بە پێویستمان زانیوە ڕاگەیەنەکان، بیروڕای گشتیو لایەنو دەزگا پێوەندیدارەکان لەم ڕووداوانە ئاگادار بکەینەوە. سوپاس ئەو کەسو لایەنانەشیان کرد کە لەو بارەوە هەڵوێستیان هەبووە، نیگەرانییان دەربڕیوەو ئەم جۆرە کردەوانەیان مەحکووم کردوە. بەڵام ڕەخنەیان لەوانە گرت کە هەوڵ دەدەن وا نیشان بدەن هەر دوو لا دەستیان لەم جۆرە هێرشو پەلامارانەدا هەبووەو ئەم جۆرە هەوڵەیان بە قوربانی کردنی حەقیقەتو دادپەروەری ناوبرد. داوایان کرد میدیاکانو ئۆرگانی ئاگاداربوون لە حەقیقەتی ڕووداوەکان بۆخۆیان بێنو لە نزیکەوە لە ڕاستییەکان بکۆڵنەوە.

هەر لەم کۆنفرانسە ڕۆژنامەنووسییەدا "ئارەش" زەمانی" کە لەم دواییانەدا کەوتبووە بەرپەلاماری چەند کەسی سەر بە لایەنی کاك مستەفا هیجریو زیاتر لە ٢٠ چەقۆی لێدرابوو، ڕاستیی ڕووداوەکەی بۆ میدیاکان ڕوون کردەوە. کاك ئارەش ئەم ئیددیعایانەی لایەنی کاك مستەفا هیجریی ڕەت کردەوە کە کێشەکەی ئەو لەگەڵ چەقۆکێشەکان، کێشەی شەخسی بووە. ئەو قسەیەشی وەدرۆخستەوە کە ئەو تا کاتی برینداربوونی هەر لەگەڵ لایەنی کاك مستەفا هیجری ماوەتەوە. گوتیشی ئەم ئیددیعایەشیان ناڕاستە کە منیان لە مردن ڕزگار کردوەو یارمەتیی ئینسانییان پێگەیاندووم.

ئەم کۆنفرانسە ڕۆژنامەنوسییە نزیك بە دوو سەعاتی خایاند. ▪

دڕێژەی:

# لە نێوی و بنکەو کەمپەکانی حیزبی دیموکرات دا چ ڕادەبرێ؟!

## (بۆ بەرچاوی بیروڕای گشتیو لایەنە پێوەندیدارەکان)

هانیان دەدەن. بەڵام کاتێك هێزەکانی ئاسایش دەگەنە شوێنی ڕووداوەکان، دەست دەکەن بە ڕیاکاریو خۆ پیاوچاك کردن. لە ماوەی حەوتووی ڕابردوودا چەندین پێکهەڵپژرانو هێرشو پەلامار ڕوویان داوە کە لە زۆربەی نزیك بە تەواویان دا پەلاماردەران لە حیزبەکەی کاك مستەفای هیجری بوونو ئەوانەش کە بە چەقۆ، پەنجە بۆکس، قەندشکێن، قەمە،میلەی ئاسنو ... بەتوندی بریندار کراون، یا تەنانەت تەقەیان بەسەردا کردوە، لە لایەنی بەرامبەر بوون. دوا نموونە کە هیوادارین تا کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم وتارەو بۆ داهاتووش هەر دوا نموونە بێ، پەلاماری چەند کەسیی شەوی ٢٨ لەسەر ٢٩ی بەفرانباری ئەفرادی بنکەی پەزیرش و کومیتەی ئەمنیەت بۆ سەر "ئارەش زەمانیدا دانا" لە بنکەی " پرسگە " لە نزیك کۆیەیە کە ماڵو منداڵەکەشی هەر لەو بنکەیەن. ئەو هاوڕێیە ئەندامێکی تەشکیلاتی نهێنیی حیزب لە سنە بوو کە لە ساڵی ١٣٧٥ەوە پێوەندیی بە حیزبەوە هەیە و لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە گیراو حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچوو، کە دیارە بەزەمانەتی چەندین میلیۆن تمەنی لەزیندان هاتەدەرو بۆ دەربازکردنی گیانی هاتە ڕیزی تێکۆشەرانی ئاشکرای حیزب، بەڵام چونکە ئامادە نەبوو سەر بۆ ویستی دەسەڵاتدارانی پاوانخوازی ئەو حیزبە دابنوێنێ و ڕەگەڵیان کەوێ، لەنێو ماڵو منداڵەکەی هێنایانە دەر و ١٥-١٤چەقۆیان لێ داوە کە بەداخەوە ئێستا لە نەخۆشخانەی کۆیە لە وەزعێکی خراپ دایە. هەر ڕۆژی ٢٩ی بەفرانبار هێزەکانی ئاسایش لەشوێنی گشتیی نانخوارن کە کادرو پێشمەرگە سەڵتەکانی هەر دوو حیزب نانی لێدەخۆن، چەندین چەقۆو قەمەیان لە گیرفانی پێشمەرگەکانی لایەنی کاك مستەفا هیجری دەرهێناونو دەستیان بەسەردا گرتوون.

### چارە چیە؟

دەزانین قسە کردن لەگەڵ هەڵایسێنەرانی ئەم جۆرە ڕووداوە پڕ مەترسییانە، یا ڕووی قسەکردن لە درێژەدەرانی ئەم جۆرە سیناریۆیانە کە هەمان زۆرینەی ڕێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەن، بێسوودە. بەڵام بەو حاڵەش سەرنجیان بۆ لای دوو خاڵ ڕادەکێشم:

یەکەم: ئەوان لەمێژە بۆ دژایەتی لەگەڵ موخالیفانو جیابیرانی خۆیان لە نێوحیزبدا، خۆیان لە پشت ناوی ڕێبەرانی شەهید بە تایبەتی دوکتور قاسملووی نەمردا حەشار داوە، ئایا لە خۆیان پرسیوە بە پەرەپێدانی فەرهەنگی چەقۆکێشیو جیابیرکوژی ئەویش لەنێو حیزبێکی سیاسیدا کە ناوی دێموکراتیشی لەسەر بێ، چ بێ حورمەتییەکی گەورە بەو ڕێبەرە شەهیدەو چ غەدرێکی گەورە لە حیزبێکە کە دوکتوور قاسملوو چەندین ساڵ ڕێبەری بوو؟ ئەمە کولتووری شەعبان بێموخەکان و ئەڵلاکەرەمەکانە نەك هی د.قاسملووی ڕێبەرمان! ئەوەبوو ئەو داهێنانو نوێکارییەی لە کۆنگرەی ١٣دا بناغەکەیان دانا؟

دووهەم: ئایا دەزانن ئاخیرو عاقیبەتی ئەم جۆرە هێرشو پەلامارە دڕندانە ئەویش لەنێو کۆمەڵێك بنکەو کەمپدا کە هەر دوولایەنی بە چەکەوە تێدا دەژین، خزمەت بە هیچ لایەك ناکاو ئەگەر لایەنی نیازپاك، خوانەکا هەزینەی گیانییشی بۆ بدا، ئەوە ئەو نیە دەدۆڕێ، بەڵکوو ئەو لایەنەکە کورتبینانەو نا بەرپرسیارانە دەجووڵێتەوەو ،بە ئەنقەست کارەسات دروست دەکا دەدۆڕێ؟

بە ئاگاداری لەم ڕاستیانەیە کە سەرنجی بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان بە گشتیو، بە تایبەتی سەرنجی سەرۆکی هەرێم جەنابی کاك مەسعوود بارزانی، و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو ڕێبەرایەتیی پارتی دێموکراتو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ لای بارودۆخی پڕمەترسیی نێو بنکەو کەمپەکانی حیزبی دێموکرات لە کۆیە، دێگەڵەو جێژنیکان ڕادەکێشینو داوایان لێدەکەین بەر لەوەی کارەساتی گەورە ڕوبدا، چارەسەرێکی شارستانیو دادپەروەرانە بۆ لێکجیاکردنەوەی بنکەو کەمپەکان بدۆزنەوە. ئەم داوایە لەوان شتێکی تازە نیەو هەر لە ڕۆژی یەکەمی لەتبوونی بەڕەسمیی حیزبی دیموکراتەوە، پێیان ڕاگەیاندراوە. با چارەنووسی سەدان تێکۆشەری ناسراوی کوردستان، چارەنووسی سەدان لاوی هەڵۆەدای ئازادی، چارەنووسی سەدان ژنو منداڵی خوازیاری بەختیاری نەبێت بە قوربانیی ویستی بەرزەفڕانەی هێندێ کەسی پاوانخواز. لە ڕاگەیەنە گشتییەکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکانو ڕۆشنبیرانیش داوا دەکەین لە گرنگیی ئەم مەسەلەیە غافڵ نەبنو ببن بە هێزێکی گوشار لەسەر حکوومەتو لایەنە پێوەندیدارەکان تا هەرچی زووترو بە شێوەیەکی جیددی بۆ چارەسەری ئەم گرفتە بە شێوەیەکی شارستانیو دادپەروەرانە هەنگاو بنێن.

ماڵپەڕی کوردستانو کورد

# راپۆرتی چاوه‌دێری مافی مرۆڤ
# له سه‌ر خراپتر بوونی دۆخی ئازادییه‌كان له ئێران دا

(به‌شی دووهه‌م و كۆتایی)

وه‌رگێرانی: ره‌سووڵ سوڵتانی

### داكۆكیكارانی مافی مرۆڤ

به‌رپرسانی رێـژیم لـه سـاڵی ٢٠٠٦دا ئـازار و ئه‌شـكه‌نجه‌ی داكۆكیكارانی مافی مرۆڤیان زیاتر كرد بۆ ئـه‌وه‌ی پێشیان بگرن لـه رۆشـنگه‌ری و بـه دوادا چـوونی كـرده‌وه‌ی دژه مرۆییانـه‌ی به‌رپرسـانی رێـژیم. وه‌زاره‌تـی نێوخۆی ئێران لـه مـانگی ئوت دا، ئه‌نجومـه‌نی داكۆكیكـارانی مـافی مرۆڤ ـ كه شیرینی عیبادی وه‌رگری خه‌ڵاتی ئاشتی نۆبیلی ساڵی ٢٠٠٣ به‌رپرسێتی ـ نایاسایی راگه‌یاند. شیرین عیبادی و هـابیرانی، بـه بێ هیچ چاوه‌روانییه‌ك له‌سه‌ر مه‌سه‌له حقوقیـیـه‌كان ده‌گـه‌ڵ سـه‌دان به‌رهه‌ڵسـتكاری سیاسـی، رۆژنامـه‌ڤان و خوێنـدكار راوێـژ ده‌كه‌ن. ده‌گه‌ڵ كه‌سانێك كـه بـه هـۆی داكـۆكی لـه ئازادییـه بنه‌ڕه‌تییـه‌كانی وه‌ك، به‌شـداری كـردن لـه نارِه‌زایه‌تییـه هـێمن و ئاشتیخوازییه‌كان و یا ره‌خنه گرتن لـه كـرده‌وه‌ی رێـژیم لـه ژێـر لێپرسـینه‌وه‌ی یاسـا دان. به‌رپرسانی رێـژیم هه‌ره‌شـه‌یان لـه شـیرین عیبـادی و هاوكاره‌كـانی كـردوه كـه ئه‌گـه‌ر ده‌ست لـه چالاكیه‌كانیان له بورای مافی مرۆڤ دا هه‌ڵ نگرن ده‌یـانگرن. رێـژیم بـه هـۆی نارِه‌زایـه‌تیی نێونه‌تـه‌وه‌یی هـه‌تا ئێسـتاكه هه‌ڕه‌شـه‌كانی جێبه‌جێ نـه‌كردوه بـه‌ڵام شـیرین عیبادی و هاوكاره‌كـانی هـه‌روا لـه ژێر هه‌ره‌شه‌ی گیران دان.

مـه‌ئموورانی ئه‌منیـه‌تی لـه مانگی ژوئه‌نی ساڵی ٢٠٠٦دا، سه‌ید عه‌لی ئه‌كبه‌ری مووسه‌وی خوئێنی نوێنـه‌ری پێشـووی مـه‌جلیس و ره‌خنـه‌گری ناسراوی بـواری مـافی مرۆڤیان ده‌ست به‌سـه‌ر كرد. ئـه‌و بـه‌بێ ئـه‌وه‌ی ده‌نگـی بـه پارێزه‌ره‌كـانی رابگـا بـۆ مـاوه‌ی زیاتر لـه چوار مانگـان لـه ژووری تاكه‌كه‌سی‌دا ده‌ست به‌سـه‌ر بـوو. ده‌زگـای قـه‌زایی پـاش وه‌رگرتنـی ٣٠٠ هـه‌زار دۆلار بارمتـه لـه ٢١ی ئۆكتـۆبردا ئـازادی كـرد. ئـه‌و لـه ماوه‌ی كورتی به‌ربوونه‌كـه‌ی دا كـه بـۆ به‌شـداریكردن لـه رێـوره‌سمی ناشـتنی بـاوكی لـه مـانگی سـێپتامبردا ئیزنـی پێـدرابوو راشـكاوانه رایگه‌یانـد كـه لـه ژێـر ئه‌شـكه‌نجه‌دا بـووه‌و فشـاری بـۆ دێـنن كـه په‌شـیمانی ده‌ربـبڕێ لـه چالاكییه‌كانی خۆی.

### سزای له‌سێداره‌دان

رێـژیمی ئێـران لـه سـاڵی رابـردوودا لانیكـه‌م ١٣گـه‌نجی تاوانبار كراوی له سێداره‌دا و ئـه‌م ژماره‌یـه لـه سـه‌رووی گـه‌لێ وڵاتانه‌وه‌یـه. مه‌جید سـێگوه‌ندو مه‌سـعوود نـه‌قیی بیرئه‌لوه‌نـد لـه ١١ی مـانگی ٢٠٠٦دا لـه سـێداره دران كـه لـه كـاتی به‌ڕێوه‌چوونی بڕیاره‌كه‌دا ته‌مه‌نیان ١٧ ساڵ بوو.

### كه‌مایه‌تییه‌كان:

كه‌مایه‌تییـه نه‌تـه‌وه‌یی و ئایینی‌یه‌كان له ئێران دا ناحه‌قییان لێده‌كرێ و گرفتاری نایه‌كسانین و ته‌نانـه‌ت لـه زۆر هه‌لومـه‌رجان دا ئازار و ئه‌زیه‌ت ده‌درێن. له مـانگی مـای دا: توركـه‌كانی نیشـته‌جێی بـاكووری رۆژئـاوای ئێـران لـه ئازه‌ربایجـانی رۆژهـه‌ڵات و ئه‌رده‌بیل و ئازه‌ربایجانی رۆژئاوا، دژی ته‌نگـه‌ژه و ئاسـته‌نگه ده‌وڵه‌تییـه‌كان لـه بـواری زمـان و كولتـووری تـوركی و چـالاكیی سیاسی‌دا خۆپیشاندانێكیان وه‌رێ خست. ده‌زگـای ئه‌منیـه‌تیی رێـژیم بـه كـه‌لك وه‌رگـرتن لـه هێـزی سه‌ركوت نارِه‌زایه‌تییه‌كانی خـه‌ڵكی كه ناوچه‌كه‌ی ته‌نی‌بوو سـه‌ركوت و بێـده‌نگ كـرد. لـه هێنـدێ شـوێن خۆپیشـانده‌ران هێرشـیان كـرده سه‌ر دامووده‌زگا ده‌وڵه‌تییـه‌كان. لـه ئاكـامی تێكهه‌ڵچـوونه‌كان دا لـه شـاری نه‌غـه‌ده چـوار كـه‌س لـه رێكه‌وتی ٢٦ی مانگی مـای ٢٠٠٦دا گیانیان له ده‌ست دا.

له باشـووری رۆژئـاوای ئێـران واتـه لـه پارێزگـای خوزسـتان، ئـاڵۆزی و خۆپیشـاندانه‌كانی عـه‌ره‌بی ئێرانییـه‌كان لـه سـاڵی ٢٠٠٦دا پـه‌ره‌ی گـرت. دادگاكـانی شۆڕش ، به شێوه‌ی نهێنی كه ئه‌م شـێوه‌یه ده‌گـه‌ڵ پێوانـه نێوده‌وڵه‌تیه‌كانی دادوه‌ریی عاداڵانه یه‌كناگرێته‌وه، به تاوانی كرده‌وه‌ی چـه‌كدارانه دژی رێـژیم حـوكمی سـێداره‌ی بـه سـه‌ر ١٦ عـه‌ڕه‌بی ئێرانی دا سه‌پاند.

رێژیمی ئێران ئـایینی بـه‌هایی بـه فـه‌رمی ناناسـێت و ئیـزن بـه كۆمه‌ڵـه‌ی به‌هاییـه‌كان نـادا رێوره‌سمـه ئایینیـه‌كانیان به‌ڕێوه‌بـه‌رن. خامه‌نه‌یی له نامه‌یه‌ك دا بـه رێكـه‌وتی ٢٩ی ئۆكتـۆبری ٢٠٠٥فـه‌رمانی دا بـه چـه‌ندین ناوه‌نـدی ده‌وڵـه‌تی و یـه‌ك لـه‌وان وه‌زاره‌تـی ئیتلاعـات كـه راپـۆرتی تێروته‌سـه‌ل لـه تـه‌واوی چـالاكییه‌كانی بـه‌هاییان بـه مه‌به‌سـتی دیـاریكردنی ژمـاره‌ی "خۆی گوته‌نی" ئه‌و تاقمه كافره ، گه‌ڵاڵه بكـه‌ن. لـه مـانگی مای‌دا مه‌ئموره ئه‌منیه‌تییه‌كان ٥٤گه‌نجی بـه‌هاییان ده‌ست به‌سـه‌ر كـرد لـه حاڵێكـدا كـه خـه‌ریكی گوتنـه‌وه‌ی وانه‌گـه‌لی ئینگلیـزی، بیركـاری و بابه‌تگه‌لی دیكه‌ی ئایینی بوون بـه‌و منداڵـه بێـده‌ره‌تان و هه‌ژارانـه‌ی باشووری شاری شیراز هیچكام لـه‌و لاوانه بڕیاری تاوانێكیان بـه سـه‌ردا نه‌سه‌پابوو. بێجگه له سێ كه‌سیان ئـه‌وانی دیكـه پـاش یـه‌ك حـه‌وتوو به‌ردران و سێ كه‌سه‌كه‌ی دیكه‌ش لـه رێكـه‌وتی ١٤ی ژوئـه‌نی ٢٠٠٦دا له به‌ندیخانه رزگارییان بوو.

### ئه‌كتـه‌ره سـه‌ره‌كییه‌كان لـه گۆڕه‌پانی نێوده‌وڵه‌تی‌دا

سیاسـه‌تی ره‌خنه‌گرانـه‌ی یه‌كیـه‌تیی ئورووپـا سـه‌باره‌ت بـه مه‌سـه‌له‌ی مـافی مـرۆڤ لـه ئێـران، له‌بـه‌ر دانوسـتان له‌سـه‌ر به‌رنامـه ناوكییـه‌كانی ئـه‌و وڵاتـه بـوو بـه بابـه‌تێكی پلـه دوو. یه‌كیـه‌تیی ئورووپـا هاوكارییـه‌كانی خـۆی ده‌گه‌ڵ ئێران گرێ دابۆوه به باشتر بـوونی ره‌وشـی مـافی مـرۆڤ لـه‌و وڵاتـه‌و رێزدانـانی ئـه‌و رێژیمـه بـۆ مافگـه‌لێك كـه لـه جارنامـه‌ی جیهانیی مـافی مـرۆڤ دا گونجاوه. بـه‌ڵام ئـه‌و ده‌روه‌سـتكردنه كاریگه‌رییـه‌كی ئـه‌وتۆی نـه‌بوو. سـه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌یكـه یه‌كیـه‌تیی ئورووپـا گـه‌ڵی جـاران خوازیـاری ده‌سـت پێكردنـه‌وه‌ی وتووێـژ و دانوسـتانه‌كان لـه مـه‌ڕ مـافی مرۆڤـه‌وه بـووه، بـه‌ڵام ئێـران لـه درێـژه‌دان بـه‌م وتووێژانـه خـۆی بواردوه. ئـه‌م وتووێژانـه لـه سـاڵی ٢٠٠٥ بـه هه‌ڵپه‌سـێردراوی مابوونه‌وه.

ئه‌نجومه‌نی گشتیی رێكخراوی نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان لـه نـوامبری ٢٠٠٥دا بڕیـارێكی ده‌ركـرد كـه ئامـاژه‌ی بـه لایه‌نـه به‌رچاوه‌كانی پێشێلكردنی مـافی مـرۆڤ و خـراپتر بوونی دۆخه‌كه ده‌كرد. بـه شـوێن بانگهێشتنێك دا كه تاران لـه سـاڵی ٢٠٠٦دا بـۆ بـاس و لێدوان له‌مـه‌ر میكانیزمـه بابه‌تییـه‌كانی كۆمیسـیۆنی مـافی مرۆڤـی رێكخـراوی نه‌ته‌وه‌یـه‌كگرتووه‌كان كردبـووی، "یـاكین ئـارتۆك" هـه‌واڵنێری تایبـه‌تی بـواری توندوتیژی دژی ژنـان لـه فێوریـه‌ی ٢٠٠٦دا سـه‌ردانی ئێرانـی كـرد. لـه راپۆرته‌كـه‌ی ئـه‌ودا كـه مـانگی ژانویه‌ی ٢٠٠٦ بڵاوبـۆوه، هـه‌بوونی یاسـاگه‌لێك بـۆ هـه‌ڵاواردن و جیاوازیـدانان هـه‌م لـه یاسـای مه‌ده‌نی و هه‌م له یاسای سزادان و هـه‌روه‌ها كـه‌موكوڕی لـه ده‌زگـای دادوه‌ری‌دا ئه‌وه‌نـده به‌رچـاون كـه لـه ئاكـام دا پێگـه‌ی ژنـان لاواز ده‌كه‌ن و نایه‌ڵن به‌هێز بن.

### پێوه‌ندیی ئێران و ئامریكا

جیاوازیی بیرورا له كابینه‌ی بووش دا لـه سـه‌ر ئێـران هـه‌روا درێـژه‌ی هه‌یـه و پێوه‌ندییـه‌كانی ئامریكـا و ئێـران هـه‌روا لاواز ماونه‌تـه‌وه. وه‌زاره‌تـی ده‌ره‌وه‌ی ئامریكـا به‌رده‌وام نارِه‌زایه‌تیی خۆی له‌سـه‌ر كرده‌وه‌ی ئێران لـه بـواری مـافی مـرۆڤ دا ده‌ربڕیـوه. ئـه‌م ناوه‌نـده مـانگی فێوریـه‌ی سـاڵی ٢٠٠٦..بودجه‌یـه‌كی ٧٥ میلیـۆن دۆلاریی پێشنیار كرد به مه‌به‌ستی پشتیوانی و پشتگیری له چالاكییه دێموكراسـی خوازییـه‌كانی نێـو ئێـران. بـه‌ڵام زۆربـه‌ی زۆری به‌رهه‌ڵسـتكارانی سیاسـی و چـالاكڤانانی مـافی مـرۆڤ و كۆمـه‌ڵگای مـه‌ده‌نی بـه راشكاوی خۆیـان لـه‌م پێشـنیاره بـوارد و رایانگه‌یاند كه خوازیاری وه‌رگرتنی هیچ چه‌شنه یارمه‌تییه‌كی ماڵی له ئامریكا نین. ده‌وڵـه‌تی ئامریكا بۆ ناسـاندی خاڵـه‌كانی پێشـێلكردنی مافی مرۆڤ لـه ئێـران دا كـه‌ڵكی لـه ناوه‌نـده چـه‌ندلایه‌نه نێوده‌وڵه‌تییـه‌كان وه‌رنـه‌گرت بـه‌ڵكوو بـه پێچـه‌وانه هـه‌وڵی‌دا یه‌كیه‌تییـه‌كی نێونه‌تـه‌وه‌یی بهمه‌به‌سـتی دژكـرده‌وه بـه هه‌وڵـه‌كانی ئێـران بـۆ ده‌سـت پێڕاگه‌یشـتن بـه چـه‌كی نـاوكی (شـتێك كـه لێپرسـراوانی كۆمـاری ئیسـلامی حاشـای لێده‌كـه‌ن) و پشتیوانی لـه حیزبوڵڵای لوبنان و تاقمـه چـه‌كدارییه‌كانی فه‌له‌سـتین پێك بێنێ. ■

# "روونكردنه‌وه" یا شێواندنی راستییه‌كان؟

دوای چـوار رۆژ چـاوه‌ڕوانیی میـدیاكان‌و خـه‌ڵكی دڵسـۆزو نیگـه‌رانی كوردسـتان لـه رووداوه‌كانی نێو بنكه‌و كه‌مپـه‌كانی حیزبـی دیمـوكرات، سـه‌ره‌نجام "كۆمیسـیۆنی كۆمه‌ڵایـه‌تی"ی هاوڕێیـانی پێشـوومان، رۆژی ١٣٨٥/١١/١ی هـه‌تاوی لـه "روونكردنـه‌وه"یـه‌ك دا لـه جیـاتی روونكردنـه‌وه‌ی رووداوه‌كـان، راستی‌یه‌كانی شـێواندو نیگـه‌رانیی زیـاتری بـۆ خـه‌ڵكی كوردسـتان‌و دۆسـتان‌و دڵسـۆزانی بزووتنـه‌وه ره‌واكـه‌مان خوڵقانـد. هـۆی ئـه‌م نیگه‌رانییـه زۆره‌ش درێـژه‌دان بـه چه‌واشـه‌كارییه‌كانی رابـردوو و سه‌رپۆش دانان له‌سه‌ر راستییه‌كانه كه ماناكه‌ی درێژه‌دان به‌و كرده‌وه‌و سیاسـه‌تانه‌یه كـه بوونـه هـۆی ئـه‌و رووداوه دڵته‌زێنانه.

ده‌ركرنـی ئـه‌م بـه‌ناو "روونكردنـه‌وه"یـه لـه لایـه‌ن ئۆرگانێكه‌وه كه هیچ پێوه‌ندییـه‌كی به‌م چه‌شنه رووداوانـه‌وه نیـه، جیـا لـه لایه‌نـه چه‌واشـه‌كارانه‌كه‌ی، بـه كـه‌م گرتنـی بـه ئه‌نقه‌سـتی ئـه‌و رووداوه به‌رنامه بۆدارِێژراوانه‌یـه كـه ئاكامه‌كه‌ی جگـه لـه چاندنی تـۆوی دووبـه‌ره‌كی‌و نائومێـدی لـه نێـو كۆمـه‌ڵانی خـه‌ڵكی كوردسـتان و لاوازكردنـی بزووتنـه‌وه هه‌قخوازانه‌كه‌ی، شتێكی دیكه نابێ.

لـه‌و بـه‌ناو "روونكردنـه‌وه"یـه‌دا چه‌قۆكێشـیه به‌رنامـه‌ی لـه‌پێش‌دا دارِێژراوی ژماره‌یه‌ك له كه‌سانی سه‌ر به حیزبه‌كه‌ی سه‌ر به كاك مسته‌فاو لێكه‌وتنـه‌وه‌ی ژماره‌یـه‌ك برینـدار ـ ئـه‌ویش تـه‌نیا لـه كـادرو پێشـمه‌رگه‌كانی ح د ك ـ ئێـران بـه "چه‌ند مشتومڕو كێشـه و لێكدان" كه "چه‌ند برینداری مست و پێلاقه‌ی لـه هـه‌ردوولای لێ كه‌وتـه‌وه"، داده‌نرێ! ئێستاش‌و دوای تێپه‌ڕینی حه‌وتوویه‌ك به سـه‌ر ده‌سپێكردنی پرۆسه‌ی چه‌قۆكێشیی كه‌سانی سه‌ر به‌و حیزبه، داوا له میدیا و راگه‌یه‌نـه گشتی‌یه‌كان ده‌كه‌ین كه له نزیكـه‌وه سه‌ردانی ئه‌و بریندارانه بكه‌ن‌و بزانن ئـه‌و ئیددیعایانـه چـه‌نده فڕیـان بـه راستییه‌وه هه‌یه. ئه‌و كه‌سه‌ی ئه‌وان ئیـددیعا ده‌كـه‌ن له‌بـه‌ر كێشـه‌ی سیاسـی و حیزبـی نه‌دراوه‌تـه بـه‌ر چـه‌قۆو خزمـه‌تی ئینسـانی و مرۆڤدسـتانه‌یان پـێكردوه! به‌پێچه‌وانه‌وه، راست به پێی نیـه‌ت و به‌رنامه‌ی پێشتر ئه‌و كاره‌ساته‌یان به‌سه‌رهێناوه. ئه‌و ئیددیعایـه‌ش كـه ئـه‌وان لـه مـه‌رگ رزگاریـان كـردوه، هـه‌ر بریندارەكـه بۆخـۆی وه‌درۆی خستۆته‌وه. رێزو سوپاسیشیان بۆ دامووده‌زگاكـانی حكوومـه‌تی هـه‌رێم، ریاكارییـه‌كی ئاشـكرایه. چـونكه به‌رپرسان‌و هه‌ڵسوورێنه‌رانی لایـه‌نی به‌رامبـه‌ر دوای هـه‌ر رووداوێـك چه‌قۆكێشـه‌كانیان حه‌شـارداوه‌و، هێزه‌كانی ئاسایش زۆربه‌ی جاره‌كان له بنكه‌كانی ئه‌وان ده‌ریان هێنـاون‌و بردوویـان! پـێش دوولـه‌تبوونی حیزبـی دیمـوكراتی كوردسـتانی ئێرانیش هێرشه‌كانی ئه‌فرادی سـه‌ر به قۆڵی پـاوانخوازی نێـو حیـزب بۆ سه‌ر هاوڕێیانی ئێمه هه‌ر به شێوه‌ی ئێستا چه‌واشـه‌كارانه پاسـاو ده‌دران و ئه‌وانـه‌ی كـه سـزا ده‌دران، بریندارە‌كان‌و وه‌بـه‌ر بلـووك‌و مسـت‌و پێلاقه دراوه‌كانی ئێمه بوون.

ئێمـه هـه‌روه‌ك لـه به‌یاننامـه‌ی رۆژی ١٥ی سـه‌رماوه‌زی ئه‌مسـاڵ‌دا ئاماژه‌مـان پـێكردوه هـه‌موو وزه و توانای خۆمان بۆ به‌ره‌وپێش بردنی خـه‌بات دژ بـه كۆمـاری ئیسـلامیی ئێران تـه‌رخان كـردوه‌و، ئه‌گـه‌ریش زۆرجـار لـه لایـه‌ن كه‌سانی سـه‌ربه لایـه‌نی به‌رامبـه‌ر بـه‌ربینگ بـه هاوڕێیانمـان گیرابـێ بـه سـه‌برو پشـوودرێژی نه‌مانهێشـتوه‌و نه‌مانویسـتوه دڵـی دوژمنـانی نه‌ته‌وه‌كه‌مان خۆش بكه‌ین‌و پیلان‌و هێرشه به ئه‌نقه‌سته‌كانی ئـه‌وانمان پووچه‌ڵ كردۆته‌وه.

لـه‌م بـه‌ناو "روونكردنـه‌وه"یـه‌دا ته‌نیا ئاماژه به وێنـه‌ی برینـدارێكی بـه چـه‌قۆده‌كرێ كـه ئیددیعایـه‌كی نارِاسته‌و تا ئێستا زیاتر له ٣ كه‌س لـه هاوڕێیانمـان بـه چـه‌قۆ برینـدار كـراون. ئـه‌و كه‌سـه‌ش كـه ئـه‌وان ئیددیعا ده‌كه‌ن "كێشـه"كـه‌ی ـ لـه راسـتی‌دا بـه چـه‌قۆ ئـه‌نجن ئـه‌نجن كردنه‌كه‌ی ـ پێوه‌ندیی به مه‌سه‌له‌ی دوولـه‌تبوونی حیزبـه‌وه نیـه‌و "تـا كـاتی برینـدار بـوونی" هـه‌ر لـه‌لای ئه‌وان بووه، ئیددیعایه‌كی نارِاست و فریوده‌رانه‌یه، چونكه هه‌موو كـادرو پێشـمه‌رگه‌و بنه‌ماڵـه‌كانی نێـو كه‌مپـه‌كانی حیزبـی دیمـوكرات لـه ناوچه‌ی كۆیه ئاگـاداری ئـه‌وه‌ن كه كاك ئاره‌ش زه‌مانی ریزی خـۆی لـه هاوسـه‌نگه‌رانی پێشـوومان جیاكردبۆوه‌و له كۆبوونه‌وه‌كانیان‌دا به‌شـداریی نـه‌ده‌كردو ئه‌ركـه‌كانی پێشـووی خـۆی بـۆ بـه‌جێ نه‌ده‌گه‌یانـدن. سـه‌ره‌ڕای ئه‌مـه‌ش كاك ئاره‌ش له وتووێژه‌كانی له‌گـه‌ڵ رادیـۆو راگه‌یه‌نـه گشـتی‌یه‌كان‌دا چـۆنیه‌تیی رووداوه‌كـه‌ی بـاس كـردوه‌و ئـه‌م ئیـددیعا نارِاسـت‌و فریوده‌رانه‌یـه بـه درۆ ده‌خاتـه‌وه. هـه‌ر ئـه‌م هه‌ڵوێسته‌شـی بـووه كـه بۆته هۆی كه‌وتنه‌به‌ر هێرشێكی ئاوا به‌رنامه بۆدارِێژراو و ناجوانمێرانه. بێگومـان لێكۆڵینـه‌وه‌كانی ده‌زگـای قـه‌زایی حكوومـه‌تی هـه‌رێمی كوردسـتان لـه چـه‌ند كـه‌س لـه هێرشبه‌رانی ده‌زگیركراو چۆنیه‌تیی رووداوه‌كـه‌و ده‌سـتووره‌رانی ئـه‌م چه‌شـنه هێرشـانه ئاشـكرا ده‌كـه‌ن. بـۆ ئاگـاداریی بـیروڕای گشـتی، خوڵقێنـه‌رانی چـه‌ند رووداوی دڵتـه‌زێنی یـه‌ك حـه‌وتووی رابـردوو، هـه‌ر بـه بۆنـه‌ی ئه‌نجامـدانی ئـه‌م جۆره كرده‌وانه، له رابردووش‌دا لـه دادگاكـانی حكوومـه‌تی هـه‌رێم، په‌روه‌نده‌یان هه‌یه.

ئه‌وه‌ی كه زۆر جێگای سـه‌رنج و نیگه‌رانییـه، ئـه‌و به‌شـه لـه "روونكردنـه‌وه"كه‌یـه كـه ده‌ڵـێ: "... سـه‌ره‌ڕای ئـه‌وه‌ش پێشـمه‌رگه‌كانی حیـزب خۆیـان لـه بـه‌رخوردو كێشـه پاراسـتوه و دیسانیش ده‌یپارێزن." ئه‌گـه‌ر خـۆ لـه كێشـه پاراسـتن چه‌قۆكێشـی و ئه‌نجن ئه‌نجن كردنی كه‌سانی سـه‌ر بـه حیزبـی دیمـوكراتی كوردسـتان بـێ، به‌داخـه‌وه راگه‌یانـدنی " دیسـانیش ده‌یپـارێزین" بـه مانـای درێـژه‌دان بـه‌م سیاسـه‌ته‌و ره‌چـاوكردنی عه‌قڵیه‌تـه كۆنه‌كـه‌ی جارانه. سیاسه‌تێك كه جگه له پێك هێنانی نیگه‌رانیی زیاتر بـۆ خـه‌ڵكی كوردسـتان، چـیدیكه به‌رهـه‌م ناهێنـێ. هـه‌ر بۆیـه حكوومـه‌تی هـه‌رێمی كوردسـتان‌و بـیروڕای گشتی‌و میدیاكان پێویسته به وردی بارودۆخه‌كه بگرنـه ژێرچاوه‌دێری‌و به سه‌رنجدان به نه‌بوونی نیازپـاكی لـه خوڵقێنـه‌رانی ئـه‌و جـۆره رووداوانـه‌دا، پێشـی دووپاتبوونـه‌وه‌ی ئـه‌م جـۆره رووداوانه بگرن.

**ناوه‌ندی راگه‌یاندنی**
**حیزبی دیموكراتی كوردستان**
**٣ی رێبه‌ندانی ١٣٨٥**

(*) بـه‌م هۆیـه‌وه كـه ئـه‌م بـه ناورِوونكردنه‌وه‌یان هه‌ر بۆ "رفع تكلیف" بوو، ٥ رۆژدواتر له سایته‌كه‌یان دا بڵاویان كرده‌وه!

"لاپەڕەی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکانی "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیدان دان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بابەتانەی لەم لاپەڕەیەدا بلاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# "بژی مەرگ"

ن. سامان فەقێنەبی

و. لە فارسییەوە: هەژیر

لە کۆنفرانسێك دا کە ژانویەی ئەمساڵ لە تورکیە بەڕێوەچوو، نووسەری ناوداری کورد یاشار کەماڵ بەشێوەیەکی کورت بەڵام پڕ واتا گوتی کە:"هەر کارێکتان پێخۆش بوو، ئەنجامی بدەن بەڵام گەمە بە شەرەفی مرۆڤێك یان نەتەوەیەك مەکەن". گەرچی ڕووی ئەم ئاخاوتنە لە فاشیزمی تورکی بوو بەڵام دەکرێ بە فاشیزمی ڕوو لە پەرەسەندنی نێوان هێندێ لە حیزبە کوردستانییەکانیش بگشتێنرێ.

سەرچاوەی شەڕی براکوژی کە لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی کوردەکان دا زۆر بەرچاو دەکەوێ، دەکرێ هەمیشە بخرێتە پاڵ بەچڵەپۆپەگەیشتنی کاراکتێرەکانی فاشیزم و بەریان(گرایش)ی ڕێبەری حیزبەکان بەرەو دوگماتیزم.

ئەگەر بە کورتی چاوێك بە خەباتی هاوچەرخی کوردەکان لە هەر چوار بەشی داگیرکراوی کوردستان دا بخشێنین و بە مێتۆدێکی وەرگیراو لە ئاوەزمەندێتیی ڕەخنەیی شیکاری و تەتەڵەی بکەین، بێگومان بەم ئاکامە دەگەین کە شەڕی براکوژی تەنیا لە چەوت فامی و تێگەیشتنی نادروست لە چەمکی دیمۆکراسی و مەیلی ناسروشتی بەرەو فاشیزم سەرچاوەگرتوە.

هەر گرووپ و ڕێکخراوێك، هەقیقەتی بێئەملاوئەولا تەنیا لە پێڕەوی قەراردادیی ڕێکخراوەکەی خۆی و دەرکەوتنی ئەم هەقیقەتە لە ڕێبەرانی خۆیان دا پەیدۆزی دەکەن و حیزب و ڕێکخراوەکانیتر لە ڕوانگەی ئەوانەوە، تەنیا ئەو پارازیتانەن کە دەبێ وەلابنرێن. ئەم بابەتە بۆتە هۆی ئەوەی کە میکرۆبی مەرگ هێنی فاشیزم تەشەنە بکاتە زۆرێك لە ڕێبەرانی حیزبە کوردییەکان و تێچوویەکی زۆر و قەرەبوونەکراوەی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان بەدواوەبێ.

نیچە سەردەمانێك بە ڕوونبێژییەکی ڕاشکاوەوە دەیگوت کە "دەبێ بۆ فەلسەفەی من مرۆڤ چێکرابێ و ئەگینا زۆر وێدەچێ کە فەلسەفەکەی من ببێتە هۆی مەرگی ئەو". مێژووی خەباتی نەتەوەیی کوردەکان زۆر کەڕەتان بڕگەگەلێکی ئەزموون کردوە کە لەوان دا ڕێبەرانی کورد، خۆیان وەك سوپێرمەنە درۆیینەکان داناوە و بەم چەشنە بوونەتە مایەی چارەڕەشی و براکوژی.

ئەگەر فۆکۆ بەندیخانە و دینگەی زیاتر لە هەر شتێکیتر بە وێنا(تجسم)ی سەردەمی مودێڕن دادەنا، سەبارەت بە کوردەکان و خەباتی ئەوان لە سەردەمی مودێڕن دا، دەکرێ بە هەمان مێتۆد، خووخدەی شێتانەی ژمارەیەك لە ڕێبەرانی حیزبە کوردییەکان و ڕچانی بیری ئەوان وەك دیارکەوتنی مودێرنیزم لە خەباتی نەتەوەیی کوردستان بناسێندرێ.

ئێمە کوردەکان بەهۆی تێگەیشتنی سەقەت لە دیمۆکراسی و تووشبوون بە نەخۆشیی بڕوا بە هێژموونی ڕێبەریی سیاسی، بەردەوام ئامادەی هەڵەین. هەڵەگەلێك کە هیچکات نازانرێ کە چ کەسێك لە بەرامبەریان دا دەبێ لێپێچینەوەی لێبکرێ. خوێنی ڕۆڵەکانی کورد کە لەخۆڕا و تەنیا بۆ دامرکاندنەوەی گرێیە(عقدە)کانی هێندێك لە ڕێبەرانی کورد، لە لایەن براکانیانەوە دەڕژێو بۆ ئەوان شانازیگەلێکی درۆیین و نزمی بەدواوە دەبێ، لە لایەن چ کەسانێکەوە قەرەبوو دەبکرێتەوە و داخی دڵی دایکانی ئەم قوربانییە بێئاگایانە چۆن سارێژدەکرێتەوە؟

مرۆڤی کورد لە هەمان قۆناغ دا کە دەگەڵ خەباتی نەتەوەکەی ئاشنا دەبێ، ناچارە کە لاپەڕە ڕەش و پڕشوورەیییەکانی شەڕی براکوژییش هەڵبداتەوە و لەبەر کوردبوونیشی خۆی سەرکۆنە بکا.

ئەگەر لە ڕابردوودا سەرۆك هۆزەکان، فێئۆداڵەکان و میرەکانی کورد بوون کە ڕەعییەتەکانیان لە گیانی یەك بەردەدا و لەم ڕێگەیەوە لە نێعمەت و بەخشش و کەرەمی سوڵتانەکانی عوسمانی و پاشاکانی ئێران بەهرەمەند دەبوون، لە سەردەمی هاوچەرخ و بە تایبەتی لەم چەند دەیەی دواییدا، ئەوە حیزبە کوردییەکان و بە تایبەتی ژمارەیەك سەرۆکی حیزبەکان بوون کە ئەم کردەوە سەدە ناوەڕاستییەیان وەئەستۆ گرتوە.

ئەگەر لە ڕابردوودا هۆز و لەسەرووی ئەودا "خان" هێمای دانی شوناس بە مرۆڤی کورد بووە، ئەوا ئەمڕۆکە لە سێبەری نەزانیی هێندێ لە ڕێبەرانی کورد و بەناو هەڵکەوتوانی کوردەوە، حیزب پەرستی و دوگماتیزم وەك تایبەتمەندیی سەرەکیی کەسایەتی خەباتگێڕی کورد خۆیدەرخستوە و نەتەوەی کوردیش بەهۆی ئەم چەقبەستوویی و بیرکورتییەی هێندێ لە حیزبە سیاسییەکانەوە، هەر ڕۆژەو بە فۆڕمێکی بگۆڕ گاڵتەی پێکراوە و هەر لەم ڕێڕەوەوەیە کە وشیاریی نەتەوەیی بەرەو ناچالاك بوون و دوورەپەرێزی لە خەبات، ڕادەدرێ.

کەمتر لایەن و ڕێکخراوێك لە کوردستان دا دەبینرێ کە لە ئەدەبیاتەکەیدا، باسی لە پلۆرالیزم نەکردبێ، بەڵام بەردەوام لە تێگەیشتنی ئەم بابەتەدا دەستەوەستان ماونەتەوە کە پلۆرالیزم تەنیا فرەیی حیزب و گرووپەکان نیە، بەڵکوو دەبێ لایەنی سەرەکیی ئەم چەمکە لە "پێکەوەژیانی ئاشتییانەی بیرە جیاوازەکان"، "بوونی تین و تاوی پێکەوە هەڵکردن و لێبووردن" و "فامکردنی ئامادەبوونی ئەویتر"دا وێنا بکرێ. شتێك کە لە نێوان حیزبە کوردستانییەکان بە وردبین(ذرەبین)یش نابینرێ و ئەگەریش ببێ تەنیا دروشمە و بەس.

تەواوی حیزبە کوردستانییەکان خۆیان بە دیمۆکرات دەزانن، بەڵام جێی خۆیەتی کە وەبیریبێنینەوە کە تەنیا دروشم دان سەبارەت بە دیمۆکراسی، مرۆڤ ناکاتە دیمۆکرات.

مشتومڕ و کێشمەکێشی نێوخۆیی کوردەکان وەهای ڕەگ داکوتاوە کە خۆیان بە خۆیانی بسەلمێنن کە هیچکات ئەم مقۆمقۆیە کۆتایی پێنایات و بەردەوام شیاوی کۆیلەتی (هەڵبەتە بە مانا مودێڕنەکەی) لە لایەن نەتەوەکانی دراوسێیانەوەن. ئەم بابەتە وەها لەسەر چوارچێوەی زەینی کوردەکان شوێندانەر بووە کە بۆ دەربازبوون لەم دۆخە درێژخایەنە، بەشێك لە بژاردەکانی کورد، تەنانەت خەون بە بوونی تەنیا حیزبێك و بەجۆرێك کۆگەلخواز بۆ کۆتاییپێهێنان بە کێشمەکێشی حیزبە جۆراوجۆرەکانەوە دەبینن. دەبێ بێ ئەملاوئەولا دەسپێکی وەها خەیاڵ و داخوازێکی پڕمەترسی لەو ئاسەوارە قووڵەی کە شەڕی براکوژی لەسەر خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردەکان دا دایناوە، ڕەگدۆزی بکرێ.

بەڵام ئەوەی کە لێرەدا پێویست بەوەبیرهێنانەوەیە، ئەو ڕۆڵە تێکدەرانەیە کە بژاردەکانی سەر بە حیزبەکان دەیگێڕن، ئەمانە تەواوی پوتانسییەلەکانی خۆیان خەرجی تیۆریچنیی ناڕاست بینانە و پاساودانی کردەوەی هەڵەی سەرۆکی حیزبەکانی خۆیان دەکەن و بەردەوام هەوڵیان داوە کە لە ڕێگەی دیترهاوێژی (ڕەپاڵدان)، هۆکاری تەگەرەتێکەوتن و بە ئەنجام نەگەیشتنی خەباتی نەتەوەیی کوردەکان بخەنە پاڵ فاکتەرە دەرەکییەکان و هەروەها بەخەیاڵی خۆیان، ئاستەنگ نانەوەی حیزبەکانی دیکەی گۆڕەپانی خەبات.

هیچکات ناکرێ لەو دەقانەدا کە لە لایەن حیزبەکانەوە بڵاودەکرێنەوە، بەڵگەیەکی بێلایەنانە سەبارەت بە خەسارناسیی شەڕی براکوژی بدۆزییەوە. نموونەکانی شەڕی براکوژی لە نێوان کوردەکان دا لەم دەیانەی دواییدا زۆر بەرچاو دەکەوێ: کە هەرگیز هۆکاری سەرەکیی ڕوودانی ئەم شەڕانەو هەروەها پارامیترەکانی کاریگەر لە چڕبوونەوەیان دا لە لایەن ئەو حیزبانەوە تاوتوێ و شیکردنەوەی بێلایەنانەی لەسەر نەکراوە. هەموویان چوونەتە خەوێکی قورسەوە و لەوپەڕی بێئاگاییدا هێشتاش تەنیا خۆیان بە هەقیقەتی بێئەملاوئەولا دەزانن.

ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی نێو کەمپەکانی حدکا و حدك و کوتەك کاری و تەقە لێکردن لە ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانیش، جارێکیتر نیشانەگەلێکی دووبارەی لە نەخۆشی درێژخایەنی شەڕی براکوژی بۆ ویژدانە بەئاگاکان خستەوە یاد. لێرەدا تەنیا نموونەیەکی مێژوویی دەگێڕینەوە، تاوەکوو لە ڕێگەی ئەوەوە هەموان وەئاگا بێینەوە و نەهێڵین کە چارەنووسی ڕزگاریی نەتەوەیەك جارێکیتر گاڵتەی پێبکرێ. گەڕانەوە بۆ دەیەی ٣٠ی زایینی و بۆ وڵاتی ئیسپانیا، ئەو کاتەی کە خەباتگێڕانی سوسیالیست، ئاناڕشیست و کۆماریخواز لە بەرامبەر فرانکۆ و دەستەکانی لەسێدارەدان دا دەستیان دایە دەستی یەك و دروشمی "بژی مەرگ"یان بەرزدەکردەوە و هەموان بەرەوپیری مەرگێکی شەڕافەتمەندانە دەچوون. مەرگی برایانی هاوسەنگەر کە تەنیا خاڵی هاوبەشیان خەبات دژی دیکتاتۆری بوو. بەجێیە کە ئەوانە بکەینە سەرمەشقی خۆمان!! و نووکی پەیکانی هێرشەکانمان تەنیا ئاراستەی داگیرکەرانی نیشتمان بێ، نەك برایانی خەباتگێڕ لە حیزبەکانیتری کوردستانی. ▪




## عەدنان حەسەنپوور دەستبەسەر کرا

**ڕۆژنامەنووس عەدنان حەسەنپوور لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی مەریوانەوە دەستبەسەر کرا**

**کوردستان:** ڕۆژی پێنج شەمۆ، ٥ی ڕێبەندان، هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەریوان هەڵیانکوتایە سەر ماڵی ڕۆژنامەنووس عەدنان حەسەنپوورو وێڕای دەستبەسەرکردنی ناوبراو، کامپیوتەرو هەندێك کەلوپەلی ناو ماڵەکەیان لەگەڵ خۆیان برد.

عەدنان حەسەنپوور چەند مانگ لەوە پێش بە تۆمەتی هەنگاونان دژی ئاسایشی نەتەوەیی، شێواندنی ڕای گشتی، بەشداریکردن لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ڕابردووی کوردستانو پڕۆپاگەندە لە دژی ڕێژیم لە شوێنی کارەکەی خۆی لە ڕۆژنامەی ئاسۆدا دەستبەسەر کراو پاشان بە زەمانەتی ٢٠ میلیۆن تمەن ئازاد کرا. بەپێی زانیارییەکان بڕیارە ناوبراو بەم نزیکانە لە سەر ئەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵی، دادگایی بکرێ.

## شێرکۆ جیهانی بە بێ پارێزەر دادگایی کرا

PRMMK: ڕۆژی دوو شەمۆ، ٢ی ڕێبەندان، شێرکۆ جیهانی بە تاوانی بڵاوکردنەوەی دەنگۆ لە لقی یەکی دادگایی گشتی شاری مەهاباد دادگایی کرا.

بەپێی هەواڵی هەواڵنێرانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان، شێرکۆ جیهانی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان بە بەشداری پارێزەر لە دادگای گشتی مهاباد بە سەرۆکایەتی دادوەر "ئەسڵ کەمەر" دادگایی کرا. هەروەها ناوبراو دوو ڕۆژ دواتر واتە ٤ی ڕێبەندان لقی ٢ی دادگای شۆڕشی مەهاباد بە تاوانی پروپاگەندە دژی ڕێژیمو هەوڵدان بۆ تێکدانی ئاسایشی گشتی لەلایەن دادوەر "عەباسزادە" وە دادگایی کرا. لە دانیشتنی دووهەمی دادگاشدا پارێزەر بەشدار نەبوو، جێی وەبیر هێنانەوەیە کە شێرکۆ جیهانی ئەندامی چالاکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستانەو لە کۆتاییەکانی پاییزی ڕابردوودا لە لایەن هێزەکانی پۆلیسی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کرا. ناوبراو سەرماوەزی ڕابردوو تا سنووری مردن مانی لە خواردن گرت.

## هەوڵی دەستبەسەر کردنی سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان

PRMMK: هێزەکانی پۆلیسی ئێران لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا چەندین جار بە مەبەستی دەستبەسەرکردنی محەممەد سەدیق کەبودوەند، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان دەچنە ماڵی ناوبراو لە تاران، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لەماڵ نابێ لەم هەوڵەیاندا سەرکەوتوو نابن.

بەپێی هەواڵی ماڵپەڕی "ئینسانیەت"، بەڕێز کەبودوەند لەو ماوەیەدا کە بۆ سەفەرێکی سێ ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، هێزەکانی پۆلیس بێ ئەوەی کە حوکمی دادگایان پێبێ، ڕۆژانی سێ شەمۆو چوار شەمۆی ڕابردوو دەچنە ماڵی ناوبراو. ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان سەرنجی ڕای گشتیی خەڵكو مافی مرۆڤی بۆ ئەم پیلانە ڕاکێشاوەو ئاگاداری کردونەتەوە کە پێدەچێ کۆماری ئیسلامی پیلانی بۆ سەرکوتی ڕێکخراوەکەیان هەبێ.

## کوژرانی لاوێکی کورد لە شاری مەهاباد

ڕۆژی شەممە ٧ی ڕێبەندانی ١٣٨٥ی هەتاوی لاوێکی کورد بە ناوی بیژەن بادوزادە لە نێو شاری مەهاباد لە لایەن کوردکوژانی کۆماری ئیسلامییەوە کەوتەبەر دەسرێژو گیانی لە دەست دا.

بیژەن بادوزادە کوڕی جهانگیر بادوزادەیە کە بە تاوانی سیاسی لە گرتوخانەی ڕێژیم دایە. بیژەن بە تاوانی ئەندامەتی یەکێك لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کەوتە نێوگەمارۆی هێزە دژیگەلییەکان و لە ئاکامی تەقاندنەوەی نارنجۆك بە ڕووی دا بە شێوەیەکی دڵتەزێن شەهید کرا. شایانی باسە جهانگیر بادوزادەی باوکی بیژن حوکمی ئێعدامی بە سەردا سەپاوەو ماوەی چەند ساڵێکە لە گرتوخانەی ڕێژیم چاوەڕوانی مەرگ دەکا.

هەر لەو پێوەندییەدا گوڵچین بادوزادە کچی ١٦ ساڵەی جهانگیر پێشتر بە دژایەتیی دەرچوونی حوکمی ئێعدامی باوکی بە ئاگرتێبەردان لە جەستەی خۆی گیانی لە دەست دابوو. ▪

**درێژەی :**

## به هەوڵی کومیتەکانی حیزب و به بەشداری کوردستانییەکانی دەرەوەی وڵات ئەمساڵیش به شکۆیەکی تایبەتەوە یادی کۆماری کوردستان کرایەوە




باســـەکەی کـاك ئەحمـەد ئاوڕدانەوەیـەك بـوو لـە پێکهـاتنی کۆمـاری کوردستان‌و باسێك له سەر ستراتیژیی حیزبی سیاسی‌و ڕۆڵی کۆمەڵگا لە گەیشتن بـە دەسـەڵاتی سیاسـی دا. دواتـر کـاك شـەماڵ کـاوه مامۆسـتای مێـژووی هـزرو زانست لـە زانکـۆی ئۆپسـالا باسـێکی زانسـتییانەی لـە ژێر سەردێڕی میتۆدۆلۆژیی ئاوڕدانەوه لـە ٢ی ڕێبەنـدان‌و سـەروەریی سیاسـی، پێشکەش کرد. پاشان کاك خالید خەیاتی مامۆستای زانسته سیاسـی‌یەکان لـە زانکـۆی نۆرشـوپینگ باسـی ڕۆڵـی دیاسـپۆرای کـوردی لـە پێکهێنـانی کولتووری سیاسـی دیموکراتیـك لـە بزووتنـەوەی سیاسـیی کـوردی‌دا کـرد. دواتـر کـاك سـەلاح گـادانی بەڕێوەبـەری پانێـل بـە خسـتنەڕووی کۆمـەڵێك پرسیارو ئاماژه به نێوەرۆکی هێڵەگشتی‌یەکانی ڕێبـازی حیزبـی دیمـوکراتی کوردستان موناقشەیەکی زیندووی له نێو پانێلگێران دا وەڕێ خست.

له بەشی دووهـەمی پانێلەکـه دا دەرگـای پرسـیار بـه ڕووی بەشـداران دا کرایەوەو بەشداران ڕاو بۆچوونی خۆیان هێنایه گۆڕێ که بەڕێزان عـەزیزی، کاوەو خەیاتی وەڵامیان دایەوه. پێویسته بگـوترێ سمینارەکـه ڕاسـتەوخۆ له ژووری پاڵتاکی کۆماردا بڵاو کرایەوه.

شیاوی باسه ئەوه یەکەم جار بوو یادی کۆماری کوردستان له سوئێد بـه بەڕێوەبردنی سمینارێکی سیاسی‌و ڕۆشنبیریی دەوڵەمەند، ڕێزی لـێ‌دەگیرا.

### سوئێد ، لینشۆپینگ

ئێـوارەی ڕۆژی ٢٠٠٧/١/٢٦ بـه بەشـداریی زیـاتر لـه ٥٠٠ کـەس لـە کوردەکـانی دانیشـتووی شـاری لینشـۆپینگ‌و دەوروبـەر، بەرنامەیـەکی سیاسی‌و هونەری بۆ ڕێزگرتن له بیرەوەریی دامـەزرانی کۆمـاری کوردسـتان بەڕێوه چوو.

لەو مەراسیمەدا بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حدك‌و کومیتەی هاوکاریی کۆمەڵه کوردستانی‌یەکان‌و حیزب‌و ڕێکخراوەکانی بەشـدار لـەو ڕێورەسمـەدا پێشکێش کران. له درێژەی بەرنامەکەدا، "گرووپـی هەڵپـەڕکێی کرماشـان" چـەند جـۆر شـایی‌و هەڵپـەڕکێی ڕەسـەنی کـوردیی بـەڕێوه بـرد. سـروودی "ڕێبەندان" و کۆمەڵێك شێعری جوان لـە میانـەی بەرنامـەکان دا پێشـکێش کران. ئەم مەراسمه بـه هاوبەشـیی ئـەم حیـزب‌و یەکیـەتی‌و کۆمەڵانـه پێـك هـاتبوو: کۆمەڵـەی کولتـووری کـوردی، کۆمەڵـەی کـەم ئەنـدامان‌و بەساڵداچووان، یەکیەتیی لاوانی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران، یەکیـەتیی کوردان، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکیـەتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، کۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان، حیزبـی دیمـوکراتی کوردستان،

### ئوستڕالیا ـ ئادلاید

کاتـژمێر ٨ی ئێـوارەی ڕۆژی شـەممه ٢٧ی ژانویـه بـه بەشـداریی سـەدان کەس له کوردانی بەشه جۆراوجۆرەکانی کوردسـتان‌و نوێنـەرانی ڕێکخـراوو کۆمەڵـه کوردی‌یـەکان، مـەراسمێکی تایبـەت بـۆ ڕێزگـراتن لـە کۆمـاری کوردستان له شاری ئادلاید، بەڕێوه چوو. لەم مەراسـیمەدا جگـه لـه وتـاری حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان‌و پەخشـانێکی جـوان لـە بـارەی کۆمـاری کوردستان، پەیامی پیرۆزبـایی ئـەو کۆمەڵـەو ڕێکخراوانـەش خوێندرانـەوە: یەکیەتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، کۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕی زەحمەتکێشـانی کوردسـتانی ئێـران، ژنـانی دیمـوکراتی کوردسـتان، کۆمەڵـەی کـوردی لـە باشووری ئوستڕالیا، لاوانی دیمـوکراتی کوردسـتان، ڕێکخـراوی کوردسـتانی حیزبی کومونیسـتی ئێـران ـ کۆمەڵـه لـه بەشـی دووهـەمی بەرنامـەکان دا، گۆڕانی‌و هەڵپەڕکێی کوردی بەڕێوه چوو. ئـەم ڕێورەسمـه تـا کاتژمێـژ ١٢ی شەوی خایاند.

### ئوستڕالیا ـ بریزبن

کومیتـەی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی لـە شـاری بریـزبن ڕۆژنامـەی ٢٠٠٧/١/٢٨، سمینارێکی بۆ بەڕێز سەلاح پوور ئەسەد بەرپرسی کومیتـەی حیزب لەو شاره پێك هێنا. سمینارەکه له دووبەش دا بەڕێوه چوو. بەشـی یەکەم بۆ باس لـە سـەر کۆمـاری کوردسـتان تـەرخان کرابـووو، لـە بەشـی دووهەم دا باسـی جووڵانـەوەی کـورد لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان و حیزبـی دیموکراتی کوردستان کـرا. بەشـدارانی سمینـار بـە هێنانـەگۆڕی پرسـیارو بۆچوونەکانی خۆیان باسەکەیان دەوڵەمەند کرد.

### کانا ـ تۆرنتۆ

ڕۆژی ٢٠٠٧/١/٢١ کومیتـەی تۆرنتـۆی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان سمینارێکی بـۆ هاوڕێیـان عەبـدوڵڵا سـەیداو حەسـەن حاتـەمی لـە سالۆنی "ماڵی کورد" لەو شـاره پێـك هێنـا، لـەم سمینـارەدا کـاك حەسـەن باسـی هۆیـــەکانی لـــەتبوونی حیزبـــی دیمـــوکراتی کـــردو کـــاك عەبـــدوڵڵا هێڵەگشتی‌یەکان‌و ڕێبازی نوێی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بۆ بەشداران شی کردەوه. بەشداران به هێنانەگۆڕی پرسیارو دەربڕینی بیروڕای خۆیان، باسەکەیان دەوڵەمەند کرد.

## چالاکیی کۆمیتەکانی حیزب لەدەرەوەی وڵات

### لینشۆپینگ/ دیدارێکی هاوبەش

**دیدارێکی هاوبەش لەنێوان نوێنەرانی حیزبه کوردستانی‌یەکان له شاری "لینشۆپینگ" ی وڵاتی سوئێد**

لەسەر بانگهێشتنی کۆمیتەی لینشۆپینگی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی سێ‌شەممه ٢٠٠٧/١/٢٣ کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوان کاك نافع هروری نوێنەری پارتی دێموکراتی کوردستان، کاك ناسح قادر نوێنەری یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، کاك محەمەد کوردی، مام حوسێن‌و کاك عومەر کەبابی له کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کوێستان بابایی بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران له لینشۆپینگ، کاك عەلی شەم بەرپرسی کۆمەڵەی کەم ئەندامان‌و بەساڵداچوان‌و کاك کەریم ڕەحمانپوورو مام کەریم نستانی له یەکیەتیی کوردان کۆبوونەوەیەکی هاوبەش پێك هات.

### نۆروێژ/ دیدرو چاوپێککەوتن

**دیدارێکی دۆستانه**

ڕۆژی ٢٠٠٧/١/٢٢ هەیئـەتێکی کومیتـەی نۆروێـژی حیزبـی دێمـوکراتی کەوردسـتان پێکهاتوو له بەڕێزان هاشم ڕۆستەمی، محەمەد گادانی، عـەلی لالـەو کوێستان گادانی، لـە ئۆسلۆی پایتـەختی نۆروێـژ، چـاوپێکەوتنێکی دۆستانەیان لەگـەڵ هەیئـەتێکی کومیتـەی نۆروێژی کۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان کـه پێکهـاتبوو لـه بـەڕێزان ئیبراهیم کۆنەپۆشی، حوسێن ئەمجەدی، کەیوان فەتحی‌و مەنسوور سۆفی ئەنجام دا.

دواتر کاك هاشم ڕۆستەمی سەبارەت به هۆیەکانی لەتبوونی حیزب باسێکی پێشکەش کرد.

پاش ئەوەی هاوڕێیانی دیکەی بەشدار له کۆبوونەوەکە، لەسەر هێندێك خاڵ سەرنج‌و پرسیاریان خستەڕوو، ئەو چاوپێککەوتنه له کەش‌و هەوایەکی زۆر دۆستانەدا کۆتایی پێ‌هات.

### سوئێد ـــ ئۆپسالا

**دیداری شاندێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان له گەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا موهتەدی**

ڕۆژی شـــەممه ٢٠٠٧/١/٢٧، هەیئـــەتێکی کۆمەڵـــەی شۆڕشـــگێری زەحمەتکێشـــانی کوردســـتان بـــه سەرپەرەستیی بەرێز عەبدوڵڵا موهتەدی‌و شاندی حیزبی دیموکراتی کوردستان به سەرپەرستی کاك سـەعید بـیگ زاده ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەنـدی حیزبـی دیمـوکراتی کوردستان‌و نوێنەری حیزب له دەرەوەی وڵات‌و نوێنەری کومیتەی سوئێدی حیزب کـه پێـك هـاتبوون لـه بـەرێزان ڕەحـیم محەممـەد زاده، خالیـد گـەردی، عـەلی فـەتحی، محەممـەد ئـەمین ڕەشـیدی، دانیشـتنێکی دۆسـتانه پێـك هات.

لەم دیدارەدا مەسـەلەکانی پێوەندیـدار بـه پێوەنـدیی دۆستانەی نێوان کۆمەڵەو حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و هەوڵ بۆ لێك نزیك بوونەوەو هاوکاری زیـاتری هێزەکـانی کوردستانی ئێـران‌و هـەروەها پتـەوتر کردنـی هاوکـاری‌و هاوپیمـانیی هێـزه سیاسـیەکانی نەتـەوەکانی ئێـران هاتنەگۆڕێ. ئەم دیـداره لـه فەزایـەکی تـەواو دۆسـتانەدا کۆتایی هات.

## له قـامووسی فیمینیزمدا

(٢٦)

وەرگێڕانی: ب.هانا

### خەتەنـــــەی ژنــــــان
Clitoridectomy

به شێوەیەکی گشتی‌یه بریتی‌یـه له بڕینی بەشی دەرەوەی کلیتوریس. ئـەم کـاره دەکـرێ بڕینـی نـووکی کلیتوریس (suma) بـێ، جـاری واشـه لێکـدروونی هـەر دوو لێـوی دەرەوەی زێ (ئەندامی جنسی) به دوای بڕینـی کلیتوریس‌و هـەر دوولێـوی ژوورەوەدا (infibulation) دەگرێتەوه.

جۆرەکـــانی خەتەنـــەی ژنـــان پرسێکی قسەو باس هەڵگر له تیۆریی فیمینیســـتی دایـــه. چـــونکه ئـــەم ڕێوشـــوێنه، هـــەم نموونەیەکـــه لـــه بـەکارهێنانی دەسـەڵاتی پیاوانـه لـه دژی ژنان له چوارچێوەی ئایدۆلۆژیی یەکژنی ( یـەك هاوسـەری)دا هـەم لـه هێندێك وڵاتان، تەنیا به هۆی ژنانەوه جێبەجێ دەکرێ. "ئـان کـوت" لـەم بڕوایـه دایـه کـه خەتەنـەی ژنـان پێویســـتی بـــه بـــەردەوامیی ئایدۆلۆژیایەکی لایەنگری باڵادەستیی پیـاوان هەیـه. بـەڵام مـاری دەیلـی وەڵامێکـی گشـتگیرتر بـەم دوالیزمـه دەداتـەوە. دەیلـی بەڵگـه دێنێتـەوە کـه خەتەنـەی ژنـان نموونەیەکـه لـه خۆئـازاردان ـ ئـەویتر ئـازار دان. چـونکه کوشـتن (ڕشـتنی خـوێن)ی خودای مێینـه لـه ڕاسـتی‌دا نوانـدنی نـــەفرەت لـــه ژنـــە. دەیلـــی دەسـتهەبوونی "چـالاکانه"ی ژنـانی دیکـــه لـــەم ڕێوشـــوێنەدا لـــه چوارچـــێوەی ڕۆڵـــی (ناچـــالاك‌و ئـامرازی)ی ئـەوان دا پاسـاو دەدا. چونکه ئەوه ژنانی لـه بـاری زەینـی ئێختەکراون که دەتوانن هاوبەشی له لـــەنێوبردنی هاورەگـــەزەکانیان دا بکەن (Daly,1978).

باسەکانی فیمینیسته ڕەشـەکان لـــه بـــارەی خەتەنـــەوە ئێســـتا گەیشتۆته ئەو ئاکامه که دەبێ ئـەم پرســـه لـــه چوارچـــێوەی مۆدێرنیزاســـیۆن لـــه ئـــەفریقادا، سـەیری بکـرێ‌و، ئـەوان خوازیـاری لێکۆڵینـــەوه لـــه بـــارەی جیاوازی‌یـــەکانی ژنـــانن



(Abdalb,1982).

ئەگەرچـی کلیتوریـدێکۆتمی، یـا سوننەتکردن له فیقهی ئیسلامی‌دا، به واتای بڕینـی سـەری کلیتوریسـه بەڵام زاراوەکانی "خەتەنـەی ژنـان" (Female Circumcision)و سـەقەتکردنی ئەنـدامی مێینـەی ژن (Pemale Genital mutilation)یش، هەر بـەو واتایـه بـەکار دەهێنـرێن‌و، هـــەمووی ئەمانـــە، ئـــەو کۆمەڵـــه میتـۆدو شـێوانه پێـك دێـنن کـه بـه هـۆی بەشـێك لـه ئەنـدامی مێینـەی ژنـــان، ئیمکـــانی چـــێژوەرگرتنی جینسـی بـه شـێوەی سروشـتی لـه ژنـان زەوت دەکـەن. توندڕەوترین جۆری خەتەنه، خەتەنەی فیرعەونی یا "infibulation" ە که لەم جـۆره خەتەنەیەدا، کلیتوریس‌و لێوەکـانی ژوورەوەی (ڕەحـــم) بـــه تـــەواوی دەبـڕن یـا دەیسـووتێنن‌و، نیـوەی دوو لێـــوی دەرەوەش دەبـــڕن‌و دەیـدروون. هـــەر تـــەنیا کـــونێکی بچووکی بەقەرا دەنکه شەمچـەیەکی تێـدا دەهێڵنـەوه بـۆ ئـەوەی میـز و خـوێنی سـووڕی مانگانـەی پێـدا بێتەدەر. هێنـدێك جـاریش لەوانەیـه دوو لێـــوی دەرەوه بـــه تـــەواوی ببڕن‌و، له جیاتی ئەو پێستی مـەڕی لـێ‌بدروون‌و تەنیا کونێکی چکۆلەی تێدا بێڵنەوه.

به پێـی بـەراوردێك، سـاڵێ لانـی کـــەم دوو ملیـــۆن ژن‌و کـــچ لـــه ٢٦ وڵاتی ئـەفریقایی خەتەنـه دەکرێن. لـه دەیـەی ١٩٧٠وه بـەم لایەنـه، کـــردەوەی خەتەنـــه کەوتۆتەبـــەر ڕەخنـــەی تونـــدی فیمینیســـتەکان‌و ڕێکخراوه لەشساغی‌یەکانی جیهان. ئـەوان دەڵـێن ئـەم کردەوەیـه نـەك هـــەر دەســـتدرێژی بـــۆ ســـەر مافـــه ســـەرەتایی‌یەکانی ژنانـــە، بـــەڵکوو مەترسیی گیانییشی بەدواوەیە.

لەگـەڵ ئـەوەش دا کـه دژایـەتی لەگـەڵ خەتەنـەی ژنـان، مشـتومڕ هـەڵگر نیـه، بـەڵام هێنـدێك جـار فیمینیســـتەکانی جیهـــانی ســـێهەم ڕوانگـــەی ڕۆژئاوایی‌یـــەکان لـــەم بارەیـــەوه کـــه لـــه گۆشـــەنیگای باڵادەســـت بـــوونی خۆیانـــەوه لـــه کردەوەی خەتەنه دەڕوان، دەدەنـه بـــەر ڕەخنـــە. فیمینیســـتەکانی جیهـــانی ســـێهەم ئـــەم بۆچـــوونە(ی ڕۆژئاوایی‌یـــەکان) بۆیـــه ڕەت دەکەنـــەوه چـــونکه لـــه ســـەردەی نۆزدەیـەم‌و سـەرەتاکانی دەیـەی بیسـتەم دا پزیشـکانی بریتانیـایی‌و ئـــەمریکایی بـــۆ چارەســـەری هیســـتریای ژنـــان‌و پێشـــگیری لـــه دەسـتپەڕی کچـان، لایـەنگرییان لـه کردەوەی خەتەنه دەکرد.

**سەرچاوە: کتێبـی "فـرهنگ نظـــریـــەهای فمینیســـتی" نووسـینی: مـەگی هـام، سـارا گەمبل**

***وەرگێڕان بۆ فارسی: فیروزه مهـــاجر، نوشـــین احمـــدی خراسانی، فرخ قرەداغی***

## لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆ ببنەوه

# KURDISTAN

The Official Organ of Democratic Party of Kurdistan - Iran


No: 454 1 Feb 2007

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨

www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268


## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ بنەماڵەی خوالێخۆشبوو میرزا محەممەدی کەریمی بانە



حیزبی دیموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
١٣٨٥/١١/٨

بنەماڵــەی بــەڕێزو خــەباتگێڕی کەریمیی بانە !

لە گەڵ سڵاوی گەرم

کۆچــی دوایــی خــەباتگێڕی لەمێژینەو ئەندامی بەوەجی حیزبی دیمــوکراتی کوردســتان مــیرزا محەممــەدی کــەریمیی بانــە، ئێمــەو هــەموو دڵســۆزانی کــوردی دڵ پــەرۆش کــرد. مــیرزا محەممــەدی کــەریمی یــا هــەروەك لــە بنەماڵــە بەڕێزەکـەیدا بەخۆشەویسـتی‌یەوە بانگی دەکرا (قاقە)، لە پێشەنگانی تێکۆشــانی حیزبــی دیمــوکراتی کوردسـتان لـە ناوچـەی دیمـوکرات پــەروەری بانــە بــوو. کەســایەتیی خۆشەویستو خۆشناوی قاقـە نـەك هەر ئەندامانی بنەماڵەکەی، بـەڵکوو زۆر کەسی دیکەش لە دڵسۆزانی ئەو ناوچــەیەی لــە دەوری ئــاڵای حیزبەکەمان کۆ کردەوە.

کـاك محەممــەد لــە زینــدانی حەمــەرەزا شـاو بێـدادگای رێـژیمی گۆڕکراوی پاشـایەتیو لـە دەورانـی خەباتی شاخو لەکاتی دەربەدەریو بەکورتی لـە هـەموو هەلومـەرجێکی ژیـانو خـەبات دا بـە ئامانجـەکانی گـەلو رێبـازی دیمـوکرات وەفـادار مایـەوە. تەنانـەت مـردن لـە دوورە وڵاتـیش نـەیتوانی لـە کوردسـتانی دابـبڕێو لەسـەر وەسـییەتی خـۆی هێنرایــەوە کوردســتانو لەپــەنای شــەهیدانی رێگـــەی رزگـــاریی کوردستان بەخاك سپێردرا. هەربۆیە یـادی قاقـە بـۆ هەمیشـە لـە دڵـی هاوڕێکـــانی بـــە زینـــدوویی دەمێنێتەوە.

بــەو بۆنەیــەوە پــڕ بــەدڵ سەرەخۆشی لە ئێوەو لـە خۆمـانو لە هاوسەنگەرانیو لە هەموو خەڵکی کوردســـتان بەتایبـــەتی خـــەڵکی ناوچـەی بانـە دەکـەینو هیـوادارین روحـــی شـــادو رێبـــازی خەباتـــە رەواکەی پڕ رێبوار بێ.

## چیاکانی کوردستان

شاهۆ SHaho



چیایەکی سـەرکەشو بـەرز، بەرزاییەکـەی ٣٣٩٠ مـیتر لـە رێکـی دەریاوەیـە، هـەر چـوار وەرزی سـاڵ بـەفری لەسـەرە. بەشـێکە لـە زەنجـیرە چـیای زاگرۆس (٩/٦٪ زنجیرە چیای زاگـــرۆس لـــە کوردســـتان هەڵکەوتوە).

چـیای شـاهۆ بـەهۆی تایبەتمەندیـیە جۆراوجۆرەکـــانی رووبـــەرێکی گیـــایی جۆراوجـــۆرو دەوڵەمەنـــد، بـــەفراوی هەمیشـەیی، هـەوای دڵگـرو بـارانی زۆر، هەمیشە کاریگەرییەکی چارەنووسسازی لـــە ئـــابووریی خـــەڵکی دەوروبـــەرو زەحمەتکێشـــانی بنـــارو داوێنـــەکانی هـەبووە. لەوەڕگـەو سەرچاوەی لـەوەڕو گیـای ئاژەڵـدارانی هـەر دوو هـەورامانی تەختو لهۆنە. قامەتی بەرزی ئەم چیایە هـەر سـەمبولی خـۆڕاگری نیـە، نیشـانەی شـکۆی بێوێنـەی خۆشەویسـتیی ژیـانو ئاڵای ئاشتیی دەستانی ماندووی خـەڵکی داوێنەکانیەتی.

"پیرخدر" بە ٣٣٩٠ میتر بەرزاییـیەوە بـەناوبانگترین ترۆپکـە بـۆ شـاخەوانانی ناوچەو وڵات. حەشارگەی زسـتانیی نیـەو ئاوەڕۆکەی دەچێتەوە چۆمی سیروان.

کـەو، پڵـینگ، ورچـی قـاوەیی، گـورگ، کەڵە کێویو بزنە کێوی، ماری جۆراوجۆر، باڵنـدەی راوی (هـەڵۆ)و ... لـە دیـارترین گیانلەبـەرانی ئـەم چـیایەن. شـاهۆ زۆر گوڵی جوانو بۆنخۆشی بۆ وێنـە "سـوورە هەراڵە"، "چنوور"، "لۆ"، "وەرکەمەر"و هتدی لێ دەڕوێن.

زاوەڵـی، پیرخدر، پیـازدۆڵ، میشـیاو و گاهۆڵ لە دوندە بەناوبانگـەکانی شـاهۆن. زۆر رێگا بۆ سەرکەوتن لە شاهۆ هەن، بـۆ وێنە: کامیاران، رەوانسـەر، "سـەرواباد"، مەریوان، پاڵنگان، داریان، پاوە (و چـەند گوند)، نەوسوودو... چوونە سـەرو هاتنـە خوار لەم چیایە ٢٤ کاتژمێر دەخایەنێت.

سەرچاوە: کتێبی (جلوەهای طبیعی کردستان)، دفتر اول: کوهها
ئامادەکردنی: ئەکبەر وەلەدبەیگی

## شەست خوێندکاری کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستان کێ بوونو ئێستا لە کوێن؟

(مامۆستا ئەبولحەسەنی سەیف دەفەرموێ: بە کوتە شانامان گەلان دەمێنن )



ح.س.سۆران soransa@hotmail.com

دیسان دەمەوێ پەڕتووکی پڕ لە شانازی دیرۆکی گەلی هەستاوی کورد لە نێو رفحەی ئارەفتەی سنگم دا بێنمە خوارەوە و لاپەڕەیەکی بەنرخ و سەربەمۆری دیکەی بخەمە بەرچاوی سەروەرانی بیرمەند و دڵسۆز ، تا هەم بیخوێننەوە و هەم ئەگەر بکرێ کەلێنەکانی پڕ بکەنەوە، چون هی نزیکەی شەست ساڵ پێشە و من لەو کاتەدا ، ٦ ساڵ تەمەنم بوە و هەمو شتەکانی ئەو کاتە نازانم .

هەر وەک زۆرمان ئاگا دارین ، کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا ، نزیکەی شەست نەفەر خوێندکاری کوڕی لاوی کوردی نارد بۆ یەکیەتی سۆڤیەت ، بۆ شاری باکو ، تا لەوێ وانە بخوێنن و پاش وەر گرتنی پلەی پسپۆڕی بێنەوە لە کۆماری کوردستان خزمەت بکەن . بەڵام ناحەزان کۆماریان دوای ١١ مانگ تێک دا و ئەو بەرنامەیەش شیوا. ئەز وێنەیەکی ئەو خوێندکارانەم لە کاک محەمەد ریانی وەرگرتوە (کە خۆی یەکێک لەوان بوە و ئێستا ماڵی لە شاری کەرەجە)، زۆریش سپاسی دەکەم و لەگەل ئەم مەیلەدا ، دەیخەمە بەرچاو . کاک محەمەد بە خەتی خۆی نووسیویەتی کە ئەم وێنەیە ، لە هاوینی ١٩٤٦ دا ، لە شاری باکو گیراوە و ناوی کەسانێکم لە یاد نەماوە.

بەڵام من بۆ خۆم ئەوە دەزانم ، کە رەنگە لەو خوێندکارانە تەنیا ١٠ نەفەریان زیندو بن . بیستووشمانە کە هێندەێک لەو خوێندکارانەی کە چوون بۆ باکو ، ئەمانەی خوارەوە بوون و هێندێکیشیان پلەی دوکتوریان لەو سەفەرەدا وەرگرت و بۆ نزیکەی ٤٠ ساڵ لەوێ مانەوە ، بڕێکیشیان هەر دوای رووخانی کۆمار گەڕانەوە ، بە کورتی ئەو خۆشەویستانە چارەنووسی جۆراوجۆریان بوە :


**ناو بڕێک لە خوێندکارەکان:**

ـ مامۆستا غەنی بلووریان.ــ دوکتور حەسەن حیسامی.ــ دوکتور رەحیم سەیفی قازی.ـ دوکتور عەزیز شەمزینی (گەیلانی زادە). ـ دوکتور عەلی گەلاوێژ ( ئاگری ) ، کە برای دایک و باوکی من بو ساڵی ١٩٨٨ لە بەندیخانەی ئەوین لە تاران، بە سووچی رامیاری ئیعدام کرا و تەرمە کەشیان پێ نەداینەوە.ــ دوکتور کەریم ئەییوبی.ـ دوکتور حەسەن گەرمیانی. ـ مامۆستا محەمەد رەیانی. دەزانم ئەم زانیارانەی من زۆر سەرپۆرت و ناتەواون ، تەنانەت نە کاک محەمەد رەیانی و نە منیش وێنەکانیش بە باشی ناناسین. هەر بۆیە ، پێم وایە ئەرکی سەشانی هەموومانە ئەم باسە تەیار بکەین و هەر کەس هەرچی دەزانێ ، وەک ویکۆپێدیا ، لێی زیاد بکا . ئەمە ئەرکی فەرهەنگی سەر شانی گشتمانە.

سەرچاوە: کوردستان و کورد

## ئەنجومەنی برۆکلینی ئەمریکا:

## سەربەخۆیی مافی کوردستانییەکانە بەڵام هێشتا زووە!




خۆرهــەڵات نیــوز: ئەنجومــەنی برۆکلینــی ولایەتــە یــەکگرتووەکان راپــۆرتێکی نــوێی لەســەر دۆزی عێــراق لــەژێر واژۆی "کینێــت پــۆلاکو دانێــل بایمــەن" بــڵاو کــردەوە. ئەنجومەنی بروکینگ کە دەزگایەکی رامیاریی ئەمریکییە راپۆرتێکی نوێی لەسەر بارودۆخی عێراق بە ئیمزای کینێت پۆلاکو دانێل بایمەن دا بڵاو کردەوە. لەو راپۆرتەدا راگەیەندراوە کـە پێویستە رێگا بـە تورکیا نـەدرێت تا سـنوورەکانی عێـراق ببـەزێنێت. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش ئـەمریکا دەبێـت لـە مکـانیزمی هەڕەشەو هانـدان وەك پشـتگیری لـە بە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپادا یا هەڕەشەی وەك بڕینـی یارمەتییـەکانی بـۆ ئـەو وڵاتـە بـەکار بێنێـت. لـەو راپۆرتـەداو لـە بەشـی "ئـیرادەی کورد"دا داوا لە ئەمریکا کراوە با لەم بارودۆخـەدا کـورد سـەربەخۆیی رانەگەیـەنێت." سـەربەخۆیی مافی کوردی عێراقو هەرێمەکەیە بەڵام پێویستە شـێوازێکی ئاشـتییانەو حقـوقی بـۆ دەسـتەبەر کردنـی ئـەو مافـە بـەکار بهێنرێـت. راگەیانـدنی سـەربەخۆیی لـە ئێسـتادا لەلایـەن کـوردەوە کە عێراق لەشەڕی ناوخۆییو رەوشێکی ناسـەقامگیر دایە کاریگەری نەرێنی لەسەر رەوشی کوردستان دادەنێت. لـەو راپۆرتـەدا هـەروەها ئامـاژە بـەوە کـــراوە کـــە کوردســـتانی عێـــراق (باشـــوری کوردســـتان) کـــە لـــە ئێســـتاشـــدا وەك وڵاتێکـــی سـەربەخۆ وایـە دەبێـت وەك خـۆی بمێنێتـەوەو خۆی بەڕێوە ببات. بۆئـەوەی تورکیـاو ئێـران لـە کاروباری کوردستـاندا دەستێوەردان نەکـەن دەبێـت ئـەمریکا گـەرەنتی بداتـە کوردو هێزی سەربازیی خۆیشی لەوێدا جێگیر بکـات. دیسـان لـەو راپۆرتـەدا ئاماژە بەوە کراوە کـە لـە بەرامبـەر هاریکـاریی مـادیو سـەربازیی ئـەمریکادا دەبێت کورد بۆ ماوەیەکی کـەم دەسـت لـە پرسـی سـەربەخۆیی هـەڵبگرێتو سنوورەکانی خۆی بەباشی بپارێزێت. بـەو شـێوەیەش دەبـێ ئـەمریکا هـەوڵ بدات کە کوردو تورکیا بۆ ئەوەی هێزەکانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان لـە هەرێمەکەدا جێگیر نەبن هاریکاری یەکتر بکەن.

## مرواریی دەریای وشە

رێگای سەرکەوتن بە هەوارگەی جۆراوجۆردا تێدەپـەڕێ. ئـیرادەی بە هێز یەکەمین هەوارگەیە. ئەو کەسەی دەیـەوی ئـەم رێگا دوورە ببڕێ و رێگای پڕ هەوراز و نشێوی ژیان بپێوێ، قسـەی تێدا نییـە دەبێ بە یەکەمین هەوارگەدا تێپەڕ بێ. (ناپلیۆن بوناپارت)

بەدبەختی ئەم لایەنە باشەی هەیە کە دۆستانی راستەقینەمان پـێ دەناسێنـێ. (بالزاك)

مەزنی و گەورەیی مرۆڤ لەوە دانیە کە هیچ کات نەکەوێ، لەوە دایە کە پاش کەوتن هەستێتەوە. (ئۆلیڤێر گولدسمیت)

ئەو کاتانەی بە ریز کردن و باسی عەیبـەی کەسانی دیکـە تێپـەڕی دەکەین، ئەگەر لە عەیبەکانی خۆمان ورد بینەوە هەزاران سوودمان پێ دەگا کە هەرە بچووکەکەیان خۆ ناسینە. (لورد ئێڤیبری)

## بەر لەماڵاوایی

## بۆ ئەوەی هەقو هەقیقەتو دادپەروەری نەبنە قوربانی!

قادر وریا

لـە چـەند حـەوتووی رابـردوودا تێکۆشـەرانی حیزبـی دیمـوکراتی کوردستان، لە بنکەو کەمپـەکانی کۆیـە، دێگەڵـە، جێـژنیکانو هـەولێر، کەوتنە بەر زنجیرەیەك هێـرشو پـەلاماری بەرنامـە بـۆ دانـراو لـە لایـەن ئەفرادی زۆرینەی رێبەری هەڵبژێراوی کۆنگرەی سێزدەوە.

لە رەوتـی بەرێوەچوونی ئـەم زنجـیرە پەلامارانـەدا، بـە داخـەوە لـە تونـدو تیـژی، چـەکی سـاردو تەنانـەت دەسـتڕێژی گوللـە لـە دژی هاوڕێیانمان کەڵك وەرگیرا. هێرشبەرانو پەلامارداران نەك هەر هیچکام لە رێوشوێنەکانی گونجاو لە گەڵ خـەباتی سیاسـیی مـودێڕنو رەفتـارو کردەوەی مرۆڤی دیموکراتو پێشینەی دوورو درێژی هاوسەنگەریو هاو خەباتییان رەچاو نەکرد، بەڵکوو بـە داخـەوە سـەرەتاییترین رێوشـوێنە سیاسی، مەدەنیو کۆمەڵایەتی‌یەکانیشیان لە ژێر پێنا. بێ رێزگرتن لـە یاسـاو دەسـەڵاتی زاڵ بـە سـەر هـەرێمی کوردستانو راسپاردەی دامو دەزگـا پێوەندیـدارەکانو، تەنانـەت بـێ رەچـاو کردنـی ئەمنیـەتو حورمـەتی ژنـانو منـداڵانو کەسـانی جۆراوجـۆری دیکـەی نێـو بنکـەو کەمپـەکان، هەرچـی لـە سـووکایەتی کـردنو وەحشـەت خوڵقانـدن لـە دەســتیان هــات، درێغیــان لێ نــەکرد. تــاوانی هــەر هــەموو ئــەو تێکۆشەرانەش کە کەوتنە بەر هێرشی لەناکاوو نابەرامبـەرو بـە چـەقۆو میلەی ئاسنو چەکی ساردی دیکە لێیان درا، یا لە بنکـەکانی خۆیان دا دەوریـان درا، تەقـەیان لێکـراو چـەكو کەلوپەلـەکانیان بـە تـاڵان بـرا، جیابیریو پشتیوانی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو!

ئەگەرچی ئەمجۆرە دەستدرێژیو سووکایەتییانە بۆ تێکۆشەرانێك کە تەمەنێکە بە سەربەرزی دەژینو، هیچکات نەك هـەر سـەریان لـە ئاست هەڕەشەو هێرشی دوژمنی سەرەکیی حیزبەکەیانو نەتەوەکـەیان نـەوی نەکردوە، بەڵکوو کوردستانیان لـێ کـردوە بـە دۆزەخ، زۆر تاڵـە، بـەڵام رێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ددانی بە جەرگی خۆی دا گرتو لە هەموو کادرو پێشمەرگەو ئەندامانو لایەنگرانی ئـەو حیزبـەی ویسـت بەسەر خۆیان دا زاڵ بنو رێگە نەدەن خەونی دوژمنانی نەتەوەی کـورد بێتە دی. حیزبی دیموکراتی کوردستان شانبەشانی رەچـاو کردنـی ئـەو هەڵوێستە بەرپرسانەیە،هەوڵیدا سـەرنجی حکوومـەتی هـەرێمو لایـەنو دامو دەزگـا بـەرپرسو پێوەندیـدارەکانو بـیرورای گشـتی بـۆ لای ئـەم بارودۆخە پڕ مەترسییە رابکێشێ. بۆ ئـەوەی بـە هـەنگاونانی خێـرا بـۆ جیاکردنـەوەی بنکـەو کەمپـە هاوبەشـەکانو، ئاگـا بـوونی میـدیاکانو بیرورای گشتی لە رەوتی رووداوەکان، رێگر بن لە دووپاتبوونەوەی ئـەم جۆرە پەلامارانەو ئاکامە دڵتەزێنەکانیان.

بڵاوبوونەوەی هەواڵو راپۆرتی تایبەت بەو هێرشو توندوتیژییانـە لـە میدیاکاندا، بەتایبەت بڵاوبوونەوەی وێنەو دیمـەنی خوێنـاویی کۆمـەڵێك تێکۆشـەری بـە چـەقۆ ئـەنجن ئـەنجن کـراو کـە وێنـەی قوربانییـەکانی هێرشـی هێـزە سـەرکوتکەرەکان لـە نێوخـۆی ئێـرانو رۆژهـەڵاتی کوردستانیان لە زەینی خەڵکدا زیندوو کردەوە، بووە هۆی وەرێکەوتنی شەپۆلێك لە نیگەرانیو هاوپێوەندی لە نێو خـەڵك بـە گشـتیو لـە نێـو کۆروکۆمـەڵی داکـۆکی لـە مـافی مـرۆڤ ، رێکخـراوە سیاسـییەکانو دامـــەزراوە مەدەنی‌یـــەکانو کەســـایەتی‌یە رووناکبیرو نیشتمانپەروەرەکاندا.

لەم پێوەندی‌یەدا:

١ـ رێزو سوپاسی بێ پایانی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشکەشی یەك یەکی ئەو کەسو لایەنانە دەکەین کە ئەم جۆرە کردەوە ورەفتـارە ناشارستانیو تاوانبارانەیان مەحکووم کردوە، لەگـەڵ برینـدارو لێـدراوو ســووکایەتی پێکراوەکــانو هاوڕێیانیــان، هاودەردییــان نوانــدوەو چاکبوونەوەی هەرچی زووتری ئەوانیان بە ئاوات خواستوە.

٢ــ مانـدوو نـەبوونی لـە هێزەکـانی زێرەڤـانیو ئاسـایشو دەزگـا پێوەندیـدارەکانی دیکـە دەکـەین کـە رێگـەیان نـەدا، پـلانو نەخشـەی پەلامارداران بەوجۆرە کە رێکخەرەکانیان دەیانەویست، بەڕێوە بچێو، نەیانهێشت گیانو ئەمنییەتو حورمەتی هاورێیانمان لەوە پـتر بکەوێتـە بەر هەڕەشەو مەترسی.

٣ــ پابەنـدیی خۆمـان بـە بریـاری بەرپرسـانەو ئاگایانـەمان کـە خۆپاراستن لە هەر کردەوەیەکە کە ببێتە هۆی دروسـتکردنی کـەلێن لـە نێو ریزەکانی نەتەوەی کورددا، دووپات دەکەینەوە. هەر بە سـەرنجدان بەم راستی‌یەشە کە تەحەممولکردنی ئەم جۆرە جەورو جەفاو ناهەقیو بێحورمەتییانەمان لە پەنا بردن بۆ رەفتاری لـەم چەشـنەو، شـەرمەندە بوون لە ئاست نەتەوەکەمانو بیرورای گشتی، پێ باشتر بووە.

٤ـ دووپاتی دەکەینەوە ئەو هێرشو پەلامارانە کە بەحـەق بـوون بـە مایەی نیگەرانیی هەموو دڵسۆزانو ئۆگرانی حیزبی دیموکراتو خـەباتی ئازادیخوازانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، شتێکی رێکخراوو یـەك لایەنـە بوون. ئەو راگەیەنو لایەنانەش کـە هـەوڵ دەدەن هـەر دوولا وەك یـەك نیشان بدەن، چ لەبەر بێئاگایی لە راستیی رووداوەکان، چ بە ئەنقەست ئەو کارە بکەن، لە راستی‌دا حەقو حەقیقەت و دادپەروەری لەو نێوەدا دەکەن بە قوربانی. ئەوانەی کەمترین گومانیان لە راستیی ئەم قسەیەدا هەیە دەتوانن بـێن لـە نزیکـەوە لـە چۆنیەتیی رووداوەکـان بکۆڵنـەوە، گیراوەکان، بریندارەکانو شایەدەکان ببینن، ئەو کات داوەری لە بارەی نیـازو کـردەوەو رەفتـاری هـەردوولاوە داوەری بکـەن. هـەر چـەند بـە خۆشی‌یەوە، تا ئێستا بەشێکی زۆر لەو راستییانە روون بوونەوە.